# ئیسلام و چەند بابەتێک

نووسەر : ئاستیاگ

پێشکەشە بە

هەموو ئەو مرۆڤانەی بەدوای ڕاستی دەگەڕێن ، بەتۆی خوێنەر ، بە هاوڕێی شیرینم کاکە ئارێن.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## پێشەکی

سەرەتا دەمەوێت پێتان بڵێم تاکە ئامانجی من لەم نووسینە ئەوەیە «مرۆڤی کورد بتوانێت ببێت بە خاوەنی بیرکردنەوە و بڕیاری خۆی ، بەتایبەت لە بیروباوەڕی ئاینیدا و ڕزگاری ببێت لەکۆتی بۆماوەیی و بەسەرداسەپاندن» کە ئەمە ئامانجێکی گرینگی منە لەژیاندا ، هیودارم بە هاوکاری هەمووان بتوانم پڕ بەخۆم ، بۆ ئەو ئامانجە و ڕێگای ڕزگاری نیشتیمانەکەم تێبکۆشم. ئەوەی دەمەوێت کە ڕوونبێت لەلای هەمووان ، بۆ نوسینی ئەم کتێبە گەڕاومەتەوە بۆ سەرچاوە مێژووییەکانی خودی ئیسلام و بەدەر لە ئیسلامیش ، بۆ چەند بابەتێک و ڕوونکردنەوەیان و سەلماندنیان وەکو ڕاستییەک کە لە ئیسلامدا بوونی هەیە ، بەبێ ئەوەی چاوپۆشی لە هەر باس و خواسێک بکەم هەموویم بەڕاستی خستۆتە ڕوو ئەوەندەی پێمکراوە ، هیوادارم لە هەر هەڵەیەک کە دەکرێ توشم بووبێت بمبوورن.

کۆتاشت دەمەوێ لێرەدا ئاماژەی پێبکەم ، قسەیەکی «کاک سۆرانە» کە هەمیشە دەڵێت «پێش ئەوەی جلی پاک لەبەربکەیت جلە پیسەکانت فڕێدە و خۆت پاککەرەوە ، چونکە کەس بەسەر جلی پیسەوە جلی پاک لەبەر ناکات» ئەمە هەمان شتە کە ئێمە پێویستمانە ، بۆ ئەوەی خۆمان دابماڵین لەو شتە خراپانەی کە پێمان ڕاستن ، یاخود ئەو بیرۆکە هەڵانەی کە باوەڕمان پێیە ، گەر بێت و لەو ساتەدا شوێنگرەوەیەکی دەستبەجێشمان بۆی نەبێت ، کە زانیمان ئێمە هەڵەین ئیدی پێویستە کۆڵبدەین و بگەڕێین ، بۆ ئەوەی شوێنگرەوەیەکی باشترمان دەست بکەوێت «ئەگەر پێویستمان بەشوێنگرەوەش هەبێت بۆی»

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## پێڕست


| | |
|---|---|
| ئیسلام و کۆیلایەتی | لاپەڕە 4 بۆ 16 |
| ئیسلام و پرسی خانمان | لاپەڕە 17 بۆ 33 |
| ئیسلام و یەکتاپەرستی | لاپەڕە 33 بۆ 51 |
| ئیسلام و زانست | لاپەڕە 52 بۆ 126 |
| ئیسلام و غیلمانەکان و حۆرییەکانی بەهەشت | لاپەڕە 127 بۆ 130 |
| ئیسلام و کۆمیدیای فەرمووده | لاپەڕە 131 بۆ 133 |

## ***ئیسلام و کۆیلایەتی***

پێم وانییە شایەنی نکۆڵیکردن بێت کە لە ئیسلامدا کۆیلایەتی ڕێگەپێدراوە ، لە ئیسلامدا سەرەڕای ئەوەی چەندین باس و خواس دەکرێت لەسەر ئەوەی گوایە ئیسلام بارودۆخی کۆیلەکانی باشتر کردووە و زۆر شتی بۆکردوون ، بەڵام بەرچاو ناکەوێت بەهیچ شێوەیەک نکۆڵی لەم باسەبکرێت ، گەر ئەو نکۆڵیکارە هەشبێت یان کەسێکە کە خۆیان پێی دەڵێن عوام یان کەسێکە کە دەیەوێ بابەتەکان بەتەواوی بشێوێنێت بۆ جوانکردنی ئاینەکە و خۆڵکردن بەچاوی ئەم و ئەودا ، لەوەزیاتر هیچ شتێکی دیکە هەڵناگرێت بەڵام بۆ ئەوەی بابەتەکان ڕوونبن سەرچاوەکان لەکۆتایی بەشەکەدا دادەنێم و لەکۆتایی کتێبەکەش دووبارە بۆتان دادەنێمەوە ، تا بتوانن پێداچوونەوەی پێدا بکەن خۆشتان شتەکان بەچاوی خۆتان ببینن.

خۆم با بە ئایەتێکی سورەتی البقرة دەستپێبکەین

سورة البقرة - اية 178

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِى ٱلْقَتْلَى ۖ ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ وَٱلْأُنثَىٰ بِٱلْأُنثَىٰ ۚ فَمَنْ عُفِىَ لَهُۥ مِنْ أَخِيهِ شَىْءٌ فَٱتِّبَاعٌۢ بِٱلْمَعْرُوفِ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

وَأَدَآءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَٰنٍۗ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِّن رَّبِّكُمْ وَرَحْمَةٌۗ فَمَنِ ٱعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُۥ عَذَابٌ أَلِيمٌ

اللهی ئیسلام لێرەدا یاسای داناوە بۆ تۆڵەکردنەوەی کوژراو لە بکوژ ، هەڵبەت لێرەدا مەبەستی ئێمە (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلْقِصَاصُ فِى ٱلْقَتْلَى ۖ ٱلْحُرُّ بِٱلْحُرِّ وَٱلْعَبْدُ بِٱلْعَبْدِ)ـە ، کە تێیدا بەڕوونی دیارە کە مەبەستەکە لە کۆیلە و کەسی ئازادە ، ئەمە ئەبێ بەسەلمێنەری هەبوونی کۆیلایەتی لە ئیسلامدا ، هەروەک الله ئاماژەی پێکردووە لە قورئان کە گەر کۆیلەیەک بکوژرێت پێویستە کۆیلەیەک لەجیاتی بکوژرێتەوە دیاری نەکراوە کە هەمان کۆیلەبێت ، بەڵام ئەوەی گرینگە ئەوەیە بزانین خاوەن کۆیلەکان مسوڵمانبوون ، چونکە قورئان یاسای هەموو جیهان نییە بەڵکو تایبەتە بە مسوڵمانان ، ئەمە ڕوونە بەلای هەمووانەوە سا هەر بۆیە ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئیسلام هەبوونی کۆیلایەتی بەلاوە ناپەسەندن نییە ، بەڵکو هەموو مسوڵمانێکیش دەتوانێ کۆیلەی هەبێت جگە لە کەنیزەک.

حەدیثێکمان هەیە کە پەیامبەری ئیسلام کاری کۆیلەفرۆشی کردووە

هەروەک جابر کوڕی عەبدڵڵا دەیگێڕێتەوە لە صحيح أبي داود ژمارە 3358 دەڵێت

أَنَّ النَّبيَّ صلَّى اللَّهُ عليْهِ وسلَّمَ اشترى عبدًا بعبدينِ

پەیامبەری ئیسلام کۆیلەیەکی بە دوو کۆیلە کڕیوە

ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە پەیامبەرێک مەبەستی ئازادکردنی کۆیلەکانبێت ، ناڕوات دووان بە دانەیەک بگۆڕێتەوە ، پرسیاری من لە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

مسوڵمانان ئەوەیە چ گرێنتیەک هەیە کە خاوەنەکەی ئەو دووکۆیلەیەی نەکوشتبێت ؟ هەروەها لەهەمان کاتیشدا دەکرێت بەخۆمان بڵێین چ پێویستی کردووە ، خۆی خاوەنداریان بکات گەر ئازادکەریانە؟

دووبارە جابر گێڕاویەتییەوە صحيح مسلم كِتَابٌ : الْمُسَاقَاةُ بَابٌ : جَوَازُ بَيْعِ الْحَيَوَانِ بِالْحَيَوَانِ

1602 ( 123 ) (المجلد : 5 الصفحة : 55)

حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ يَحْيَى التَّمِيمِيُّ ، وَابْنُ رُمْحٍ ، قَالَا : أَخْبَرَنَا اللَّيْثُ ح وَحَدَّثَنِيهِ قُتَيْبَةُ بْنُ سَعِيدٍ ، حَدَّثَنَا لَيْثٌ ، عَنْ أَبِي الزُّبَيْرِ ، عَنْ جَابِرٍ ، قَالَ : جَاءَ عَبْدٌ، فَبَايَعَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْهِجْرَةِ وَلَمْ يَشْعُرْ أَنَّهُ عَبْدٌ، فَجَاءَ سَيِّدُهُ يُرِيدُهُ، فَقَالَ لَهُ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " بِعْنِيهِ "، فَاشْتَرَاهُ بِعَبْدَيْنِ أَسْوَدَيْنِ، ثُمَّ لَمْ يُبَايِعْ أَحَدًا بَعْدُ حَتَّى يَسْأَلَهُ : " أَعَبْدٌ هُوَ ؟ ".

کۆیلەیەک هاتە لای پەیامبەری ئیسلام تاوەکو پەیمانی پێبدات لەسەر کۆچەکەی «واتا باوەڕ بهێنێت». وە پەیامبەری ئیسلام نەیزانی کۆیلەیە، دواتر خاوەنی کۆیلەکە هات بەدوای کۆیلەکەدا ، وە پەیامبەری ئیسلام گوتی بە دوو کۆیلەی ڕەشپێست لێت دەکڕم ، بڕیاریدا ئیدی پەیمان لەکەس وەرنەگرێت تا لێی نەپرسێت ئایە کۆیلەیە؟

لێرەدا پەیامبەری ئیسلام بەڕوونی دەیەوێت بڵێت ، کە ئیدی ناهێڵێ کۆیلەی کەسێکی دی ببێت بە مسوڵمان ، وەلێ دەزانم کەسانێک سەریان دەسوڕمێت چونکە قورئان ئاماژەی بە کۆیلەی مسوڵمان کردووە ، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت هەموو ئەوانە لەژێر دەسەڵاتی خودی ئیسلامدابوون یاخود موڵکی خودی مسوڵمانان بوون ، نەک ئەوەی کە هی کەسانی تری نامسوڵمانبن ، لەژێر دەستی ئیسلامدا نەبن ببن بەمسوڵمان.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئاماژەشم بە باب (دەروازە)یەکدا کە (جَوَازُ بَيْعِ الْحَيَوَانِ بِالْحَيَوَانِ) ، لێرەدا ڕوونە کە لەئیسلام حسابی مرۆڤ بۆ کۆیلە نەکراوە ، هەرچەند مرۆڤیشن بەڵام لە ئیسلام لەگەڵ ئاژەڵدا یەکسان کراون ، وە هێشتان دەشڵێن الله ڕێزی لەمرۆڤ ناوە ، کەوایە یان ئەبێ پەیامبەرەکەی قسەی اللهی شکاندبێ ، یان الله ڕێزی لەمرۆڤ نەناوە ! هەڵبەت لەسەرچاوەکانی ترمذي و بوخاري و مسلم و نسائي زۆر دەروازەی تری هاوشێوەمان بەرچاو دەکەوێت ، کە خودی ئەم بابەتە شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە و نابەجێ و نامرۆڤانەیە ، ئەمە لەکاتێکدا کە تۆ بانگەشەی ئەوەدەکەیت گوایە ئاینەکەت بۆ هەمیشەیی هاتووە و دەکرێ کاری پێبکرێت بۆ هەمیشە ، سابۆیە کەڵەکەبوونی ئەم باسانە لەمێشکی هەر تاکێکی مسوڵمان ، وادەکات تابێت زیاتر بەقبوڵکردنی ئەمانە لە مرۆڤبوون دووربکەوێتەوە.

بابێینە سەر باسی سەرەکی بە حەدیثێک دەستپێدەکەین

أخرجه البخاري (2234) واللفظ له ومسلم (1703)

حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يُوسُفَ، حَدَّثَنَا اللَّيْثُ، قَالَ حَدَّثَنِي سَعِيدٌ الْمَقْبُرِيُّ، عَنْ أَبِيهِ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ ـ رضى الله عنه ـ أَنَّهُ سَمِعَهُ يَقُولُ قَالَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم " إِذَا زَنَتِ الأَمَةُ فَتَبَيَّنَ زِنَاهَا فَلْيَجْلِدْهَا، وَلاَ يُثَرِّبْ، ثُمَّ إِنْ زَنَتْ فَلْيَجْلِدْهَا، وَلاَ يُثَرِّبْ، ثُمَّ إِنْ زَنَتِ الثَّالِثَةَ فَلْيَبِعْهَا ".

ئەگەر کچێکی کۆیلە(کەنیزەک) سێکسی کرد و سەلمێندرا بەسەریدا ، با جەڵد بکرێت و دوای ئەوە سەرزەنشت نەکرێت ، بۆ کارەکەی ئەگەر دووبارەی کردەوە ، با دووبارە جەڵد بکرێت و سەرزەنشت نەکرێت بۆ کارەکەی ، ئەگەر هەر دووبارەی کردەوە بفرۆشرێت.

تەنانەت وەک الله ئاماژەی پێدەدات لە سورەتی الأحزاب ئایەتی 52

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لَّا يَحِلُّ لَكَ ٱلنِّسَآءُ مِنۢ بَعۡدُ وَلَآ أَن تَبَدَّلَ بِهِنَّ مِنۡ أَزۡوَٰجٖ وَلَوۡ أَعۡجَبَكَ حُسۡنُهُنَّ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ يَمِينُكَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ رَّقِيبٗا

لەوە بەدوا هیچ ژنێک بۆتۆ حەڵاڵ نییە (بۆ زانینی مانای ئەمە بگەڕێرەوە بۆ ئایەتی 51 پێویست نەبوو لێرە داینێم ) ژنەکانت مەگۆڕەوە ئەگەر چی ژنەکانی ئەوانت بەدڵبێت و سەرنجت ڕابکێشن جگە لە کەنیزەکەکانت. واتا تەنانەت لە ئیسلامدا کەنیزەکەکانیش مامەڵەی کۆیلەیان پێوەکراوە ، چونکە مسوڵمانان دەتوانن هاوبەشی بە کەنیزەکەکانیان بکەن و بەیەکەوە بیانگۆڕنەوە ، گەر بیروڕای هەر کەسێکت بوێت لەسەر ئەم باسە ، تەنیا ئەوەنەبێ کەسەکە مێشکی بەتەواوی داخستبێت و خۆی دابێتە دەست دڵی ، چونکە لە ئیسلامدا بەدڵ بیردەکرێتەوە و دواتر لە بابەتێکی تردا بەتەواوی ئاماژە بەو باسە دەکەم ، دەزانێت کە ئەم باسە شتێکی قێزەون و نامرۆڤانەیە ، هەر ئەمانە و هاوشێوەکانیان هۆکاری سەرەکین ، تا مرۆڤ لە پێگە مرۆڤانەکەی خۆیەوە بەرە و وەحشیگەری بەرێبکەن.

هەروەها کۆمەڵێک حەدیسی دیکەی گرینگ هەیە کە دەبێ ، ئاماژەیان پێبدەم کە خۆیان لەخۆیاندا زیاترن لە کارەساتێک ، وە بوون بە بارگرانی بەسەر ئیسلامەوە ، تۆوی وەحشیگەریان چاندووە

صحيح مسلم كِتَابٌ : الْأَيْمَانُ بَابٌ : مَنْ أَعْتَقَ شِرْكًا لَهُ فِي عَبْدٍ

1668 ( 56 ) (المجلد : 5 الصفحة : 97)

حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ حُجْرٍ السَّعْدِيُّ ، وَأَبُو بَكْرِ بْنُ أَبِي شَيْبَةَ ، وَزُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ ، قَالُوا : حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ - وَهُوَ : ابْنُ عُلَيَّةَ - عَنْ أَيُّوبَ ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ ، عَنْ أَبِي الْمُهَلَّبِ ، عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ ، أَنَّ رَجُلًا أَعْتَقَ سِتَّةَ مَمْلُوكِينَ لَهُ عِنْدَ مَوْتِهِ لَمْ يَكُنْ لَهُ مَالٌ غَيْرُهُمْ، فَدَعَا بِهِمْ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

وَسَلَّمَ، فَجَزَّأَهُمْ أَثْلَاثًا، ثُمَّ أَقْرَعَ بَيْنَهُمْ، فَأَعْتَقَ اثْنَيْنِ، وَأَرَقَّ أَرْبَعَةً، وَقَالَ لَهُ قَوْلًا شَدِيدًا.

عیمران ئەگێڕێتەوە کە پیاوێک کە هیچ موڵک و سامانێکی نەبوو جگە لە ٦ کۆیلە، وە ئەم ٦ کۆیلەیەی ئازاد کرد پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، پێغەمبەری ئیسلام ئەم ٦ کۆیلە ئازادکراوەی بانگ کرد و دابەشی کردن بە شێوەیەک کە ٢ لە کۆیلەکانی ئازادکردەوە بەڵام ٤ لە کۆیلەئازادکراوەکان کرانەوە بە کۆیلە بە دەستی پێغەمبەر و پاشان پێغەمبەر بە توندی قسەی لەسەر ئەو پیاوە کرد کە پێش مردنەکەی ٦ کۆیلەکەی ئازاد کرد.

لەم حەدیثەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کەسێک کۆیلەی ئازاد کردووە ، بەڵام محمد هەستاوە بە گەڕاندنەوەیان و بە کۆیلەکردنی ٤ دانە لەوان و ئازادکردنی ٢ دانەیان ، ئایا ئەمە مرۆڤێکە کە بۆ ئازادکردنی کۆیلە هاتووە ؟ پێناچێ. کارەساتەکە لێرەدا ئەوەیە هەرکەسێکی تریش بوایە مسوڵمانان دەیانکرد بە بنێشتەخۆشەی دەمیان وەکو بابەتی هیتلەریان لێدەکرد وەک بڵێی کوشتنی جولەکەکانیان پێناخۆشبێت و بەکارێکی ناڕەوای بزانن ، وەلێ خودی هیتلەر پەیوەندی باشی لەگەڵ خودی مسوڵمانان هەبووە ، بەڵام وەک هەمیشە چەواشەکاری دەکەن و دەیانەوێ بیکەن بەبار بەسەر بێباوەڕانەوە یەکێک لەو کەسایەتییانەی پەیوەندی باشی لەگەڵ هیتلەردا هەبووە لەناو مسوڵمانان «حاج امین حسێنی) بووە.

صحیح مسلم کِتَابٌ : الْإِيمَانُ بَابٌ : تَسْمِيَةُ الْعَبْدِ الْآبِقِ كَافِرًا

70 ( 124 ) (المجلد : 1 الصفحة : 59)

# ئیسلام و چەند بابەتێک

حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ يَحْيَى ، أَخْبَرَنَا جَرِيرٌ ، عَنْ مُغِيرَةَ ، عَنِ الشَّعْبِيِّ ، قَالَ : كَانَ جَرِيرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ يُحَدِّثُ عَنِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قَالَ : " إِذَا أَبَقَ الْعَبْدُ لَمْ تُقْبَلْ لَهُ صَلَاةٌ ".

کاتێک کە کۆیلەیەک لە دەست خاوەنەکی ڕادەکات، ئەوا نوێژەکانی قبووڵ نییە.

ئەم حەدیثە جیا لەوەی خودی خۆی کارەساتێکی گەورەیە ، دەرخەری ئەو ڕووە شاراوەیەی ئیسلام و محمدی ڕزگارکەری کۆیلەکانە ، کە گوتوویەتی کۆیلەیەک لەدەستی خاوەنەکەی ڕابکات نوێژی قبوڵ نییە ، لەڕاستیدا هۆکارێکی نادیاری هەیە ، بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە محمد دووبارە بەکۆیلەکردنی هێشتۆتەوە و تەنانەت مسوڵمانان کۆیلەبوون وەک خودی قورئانیش ئاماژەی پێکردووە کە کچانی کۆیلەی ئیماندار بهێنرێت. لێرەدا کێشەیەکی زۆر گەورەتر دێتە پێشێ ، ئایا خودا ئەکرێت نوێژی مرۆڤێ قبوڵ نەکات لەبەر ئەوەی ئازادی ئەوێت ؟ زۆر سەیر و سەمەرەیە !

صحيح البخاري  كِتَابُ الْهِبَةِ وَفَضْلِهَا وَالتَّحْرِيضِ عَلَيْهَا  بَابٌ : بِمَنْ يُبْدَأُ بِالْهَدِيَّةِ ؟

2594 (المجلد : 3 الصفحة : 159)

وَقَالَ بَكْرٌ ، عَنْ عَمْرٍو ، عَنْ بُكَيْرٍ ، عَنْ كُرَيْبٍ مَوْلَى ابْنِ عَبَّاسٍ : إِنَّ مَيْمُونَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَعْتَقَتْ وَلِيدَةً لَهَا، فَقَالَ لَهَا : " وَلَوْ وَصَلْتِ بَعْضَ أَخْوَالِكِ كَانَ أَعْظَمَ لِأَجْرِكِ ".

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لە لایەن یەکێک لە ژنەکانی پێغەمبەری ئیسلامەوە بە ناوی(مەیمونە)وە دەگێڕدرێتەوە کە مەیمونە کچێکی کۆیلەی ئازاد کرد، وە پێغەمبەری ئیسلامیش پێیگوت : تۆ پاداشتێکی زیاترت پێدەگەیشت ئەگەر ئەو کچە کۆیلەیەت ببەخشیبایە بە یەکێک لە مامەکانت.

فەخری کائینات پێی باشترە کە مرۆڤ کۆیلەبێت نەک ئازاد بکرێت هێشتاش مسوڵمانان خەریکی چەواشەکارین ، دەی فەرموون پێمبڵێن ئەگەر بۆ کاری سێکسی نەبێت مامی مەیمونە کۆیلەی کچی بۆچیە ؟

ئەوەی جێگای تێڕامانە لێرەدا ئەوەیە محمد ئەڵێت «پاداشتێکی زیاترت پێدەگەیشت گەر بتبەخشیایە بە یەکێ لە مامەکانت» بەڕاستی کارەساتە مرۆڤ ، هێشتا بەردەوامبێ لە نکۆڵیکردن لەوەی محمد مرۆڤدۆست نەبووە ، «کێشەکە لەوەدایە نازانم کێبوو ژنێک لەبەرنامەیەکدا دەیگوت محمد فێمینیست بووە» ، خۆش فێمینیست ، فێمینستەکان هەموویان وابوونایە ئێستا ژنان ڕزگاریان ببوو ، ئەمە بیرکردنەوەی کۆمەڵێ (نامرۆڤە) دەیانەوێ ئێمە پەیڕەوی ئەم باوەڕە بکەین ، وەک ڕێگای ڕزگاری مرۆڤایەتی ببینین.

.صحيح البخاري كِتَابٌ : الْمَغَازِي. بَابٌ : غَزْوَةُ خَيْبَرَ

(المجلد : 5 الصفحة : 138) 4234

، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مُحَمَّدٍ ، حَدَّثَنَا مُعَاوِيَةُ بْنُ عَمْرٍو ، حَدَّثَنَا أَبُو إِسْحَاقَ عَنْ مَالِكِ بْنِ أَنَسٍ ، قَالَ : حَدَّثَنِي ثَوْرٌ ، قَالَ : حَدَّثَنِي سَالِمٌ - مَوْلَى ابْنِ مُطِيعٍ - أَنَّهُ سَمِعَ أَبَا هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ يَقُولُ : افْتَتَحْنَا خَيْبَرَ وَلَمْ نَغْنَمْ ذَهَبًا، وَلَا فِضَّةً، إِنَّمَا غَنِمْنَا الْبَقَرَ، وَالْإِبِلَ، وَالْمَتَاعَ، وَالْحَوَائِطَ، ثُمَّ انْصَرَفْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى وَادِي الْقُرَى وَمَعَهُ عَبْدٌ لَهُ يُقَالُ لَهُ : مِدْعَمٌ أَهْدَاهُ لَهُ أَحَدُ بَنِي الضِّبَابِ، فَبَيْنَمَا هُوَ يَحُطُّ رَحْلَ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِذْ جَاءَهُ سَهْمٌ عَائِرٌ حَتَّى أَصَابَ ذَلِكَ الْعَبْدَ، فَقَالَ النَّاسُ : هَنِيئًا لَهُ الشَّهَادَةُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " بَلَى، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنَّ الشَّمْلَةَ الَّتِي أَصَابَهَا يَوْمَ خَيْبَرَ مِنَ الْمَغَانِمِ لَمْ تُصِبْهَا الْمَقَاسِمُ، لَتَشْتَعِلُ عَلَيْهِ نَارًا ". فَجَاءَ رَجُلٌ حِينَ سَمِعَ ذَلِكَ مِنَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ بِشِرَاكٍ، أَوْ بِشِرَاكَيْنِ، فَقَالَ : هَذَا - شَيْءٌ كُنْتُ أَصَبْتُهُ. فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " شِرَاكٌ " أَوْ شِرَاكَانِ - مِنْ نَارٍ".

کاتێک خەیبەرمان داگیر کرد، نە زێڕ و نە زیومان وەک غەنیمە(سامانی جەنگ) دەست کەوت، بەڵام مانگا و حوشتر و شتومەک و باخمان دەست کەوت. پاشان لەگەڵ پەیامبەری ئیسلام بەرەو دۆڵی قەیرە ڕۆیشتین و لەو کاتەدا پەیامبەری ئیسلام کۆیلەیەکی هەبوو بەناوی میدعەم کە لەلایەن یەکێک لە بنو ئاد دیبەبەوە پێشکەش کرابوو. کاتێک کۆیلەکە زینی پەیامبەری ئیسلام بە تیرێک هەڵدەدا کە فڕێدەرەکەی نەزانراوە، هات و لێی دا. خەڵکەکە وتیان: پیرۆزبایی لێ دەکەم بۆ شەهیدبوون پەیامبەری ئیسلام فەرمووی: نەخێر، لەلایەن ئەوەوەی کە ڕۆحی من بەدەستی خۆیەتی، ئەو پەڕەیەی کە لە پۆشتە، لە ڕۆژی خەیبەردا لە غەمبارەکەی بەر لە دابەشکردنی غەمبارەکە بردوویەتی، بووەتە گڕی ئاگری سووتاندنی. لە بیستنی ئەوەدا پیاوێک یەک دوو قاپی چەرمی بۆ پەیامبەری ئیسلام هێنا و گوتی: ئەمە ئەو شتانەن کە من بردم (بە نایاسایی). لەسەر ئەوە پەیامبەری ئیسلام گوتی: ئەمەبەستێکە، یان ئەوانەدوو بەستراوەی ئاگرن.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئەمە سەلمێنەری ئەوەیە کە پەیامبەری ئیسلام خاوەنداریێتی کۆیلەی کردووە ئەمە کۆتایی بەو باسە ئەهێنێت کە ئیسلام کۆیلایەتی تێدا قبوڵکراوە چجای مسوڵمانان قبوڵی نەکەن بەڵام بەدڵنیایەوە ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە

ئەم کارەساتە بۆ سەرووی چواردە سەدەیە بەردەوامە و ئێستاشی لەگەڵبێ کە ئەم باسانەیان شاردۆتەوە خەریکی بەکۆیلەکردنی ئەقڵەکان و کۆت و بەندکردنی ویستی ئازادی و بیروڕای مرۆڤەکانن

فرۆشتنی کۆیلەکان شتێکی ئاساییە لەئیسلامدا هەر وەک لەپێشوو ڕوونمان کردۆتەوە

بابچینە سەر قسەکانی نووسەرێک

هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر شت نوسراوە سەبارەت بە بازرگانی کۆیلەکا لەڕێگای ئۆقیانوسی ئەتلانتیکدا ، بەڵام سەرنجێکی زۆر کەم خراوەتە سەر بازرگانی مسوڵمانان ، بە کۆیلەکان لە ناوچەکانی بیابانی گەورە و دەریای سور و ئۆقیانوسی هیندستان ، لەکاتێکدا بەشداریکردنی ئەوروپییەکان لە بازرگانی بە کۆیلە سێ چەرخی خایاند بەڵام بازرگانی مسوڵمانەکان بەکۆیلە 14 سەدە بەردەوامبوو ، (تێبینی/ تائێستاش لەهەندێ شوێنی مسوڵمانەکان بۆنموونە سودان و مۆریتانیا تائێستا بەردەوامە و لەسعودیە هەتا ساڵی 1962 بازاڕی کۆیلە بوونی هەبوو بەڵام لەژێر فشاری نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وازی لێهێنا هەڵبەت سەیری ئەمە لەوەدایە کە ئەم مێژووە بزرکراوە لەکاتێکدا 61 ساڵ بەسەر ئەمەدا تێپەڕیوە !) لە ڕاستیدا قورئان ڕێگە بەوە دەدات کە کەسەکان بەکۆیلە بگیرێن و وەک دەستکەوتی شەڕ ببەخشرێنەوە وەک پاداشتێک بۆمسوڵمانە شەڕکەرەکان ، دژە ڕەفتاریان بەرانبەر هەر

# ئیسلام و چەند بابەتێک

بێباوەڕێک بەئیسلام کەئەمە زۆرینەی خەڵکی جیهان دەگرێتەوە ئەمەش سەری کێشاوە بۆ ڕێژەیەکی زۆر لەو دژەڕەفتارەی کەپێی دەگوترێت جیهاد شەڕی موقەدەس ، هەڵبەت شەڕی موقەدەس نەبوونی هەبووە نە هەشە بەڵکو مەبەستی سەرەکی ژێردەستەخستن و تەعدا و کوشتن و ، زەوتکردنی سەروە و موڵک و سامان و ئازادی مرۆڤەکانی دی بووە دەبێ بزانین زۆربەی کۆیلە ڕەشپێستەکان خەسێندرابوون بەهۆکاری ئەوەی گوایە ڕەشپێستەکان توانایان نییە بەسەر شەهوەتی سێکسی خۆیاندا ، تەنیا لە سەدەی نۆزدە کە ئامارێکی باشمان لەلایە مسوڵمانەکان

مسوڵمانەکان 102 ملیۆن کۆیلەیان بەناو بیابانی گەورەدا کێشکردووە و 450 هەزار کۆیلەی تریشیان بردووە بۆ سەر دەریای سوور و 441 هەزار بۆ کەنار دەریاکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا ئەمەش بەنزیکەی 2 ملیۆن کۆیلەی ڕەشپێست دەکات ئەمە تەنها لەچەرخی نۆزدەدا کە بەلایەنی کەمەوە 8 ملیۆن ڕەشپێست لەو نێوەندەدا مردوون ئەو کۆیلانەی لەلای مسوڵمانەکانبوون لە سێ دانە دوو دانەیان مێبوون بۆمەبەستی سێکسی و بردن وەکو کەنیزەک بەکارهاتوون ، ڕێژەی قوربانیانی کە گوازراونەتەوە لە بیابانی گەورە بۆ بازاڕی کۆیلەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیا 80% بۆ 90% بووە.

جگە لە تێبینییەکە ئەمە کورتەیەکبوو لە قسەکانی جۆن ئالامبیلاھ ئازوما کە نووسەری کتێبی

The legacy of Arab-Islam in Africa

دەتوانن بۆ زانیاری وردتر بگەڕێنەوە بۆی.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## حەدیسێکی تر

صحيح البخاري  كِتَابٌ : الْأَدَبُ  بَابُ مَا جَاءَ فِي قَوْلِ الرَّجُلِ : وَيْلَكَ.

(المجلد : 8 الصفحة : 38) 6161

حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ ، حَدَّثَنَا حَمَّادٌ ، عَنْ ثَابِتٍ الْبُنَانِيِّ ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ . وَأَيُّوبَ ، عَنْ أَبِي قِلَابَةَ ، عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ قَالَ : كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفَرٍ، وَكَانَ مَعَهُ غُلَامٌ لَهُ أَسْوَدُ، يُقَالُ لَهُ : أَنْجَشَةُ. يَحْدُو، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " وَيْحَكَ يَا أَنْجَشَةُ، رُوَيْدَكَ بِالْقَوَارِيرِ ".

پێغەمبەری ئیسلام لە گەشتێکدا بوو وە کۆیلەیەکی ڕەشپێستی هەبوو بە ناوی ئەنجەشە، وە ئەنجەشە حوشترەکانی لێئەخوڕی بە خێرایی، پاشان پێغەمبەر پێیگووت کە هێواشبێتەوە چونکە بوتڵی شوشەمان پێیە (مەبەستی لە خانمەکانە)

مەلا چەواشەکارەکان ئەڵێن پێغەمبەر نانی نەبوو بیخوا ، ئاخر تو ویژدانتان ئەم کارانە لەهی کەسێک ئەچێت کە نانی نەبووبێ بیخوات ؟

هەروەها لێرەدا بەڕوونی پێمان دەڵێت کە کۆیلەیەکی بەناوی ئەنجەشە هەبووە ، کەچی فەقیریان کردۆتەوە و ئەڵێن هاتووە کۆیلایەتی نەهێشتووە ، مەلا و بانگباز هەرچیان وت درۆیە و باوەڕ مەکەن «لەسەر جوانییەکانی ئیسلام بێگومان».

کەسایەتییەکی دیاری جیهانی کۆیلەفرۆشی ئیسلامی ناسراو بە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## Tippu Tip

کە خۆی ناوی تەواوی (حەمەد ابن محمد ابن جمعە ابن رجب ابن محمد ابن سعید المرجابی)یە کە کاری کڕین و فرۆشتنی کۆیلەی کردووە ، لە ماوەی ژیانیدا 1837-1905 ، ئەوەی جێگای باسە خودی بەردرگای کەعبە تاسالآنی 1962 سوق النخاسە بوونی هەبووە بۆ کڕین و فرۆشتنی کۆیلەکان ، دواتر لەلایەن ئەمریکاوە بەزەبر پێیان دادەخرێت.

هەروەها ڕەگەزپەرستی دیاردەیەکی زۆر ڕوونە لە ئیسلامدا ، هەر بۆنموونە ئەگەر من گەردوونم دروستکردایە لەڕووم نەئەهات بڵێم

يَوۡمَ تَبۡيَضُّ وُجُوهٞ وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ فَذُوقُواْ ٱلۡعَذَابَ بِمَا كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ (آل عمران 106)

حەدیسێکی دیکە

بوخاری 6716 و مسلم 997

دَبَّرَ رَجُلٌ مِنَ الأنْصَارِ غُلَامًا له، لَمْ يَكُنْ له مَالٌ غَيْرُهُ، فَبَاعَهُ رَسولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ. قالَ جَابِرٌ : فَاشْتَرَاهُ ابنُ النَّحَّامِ عَبْدًا قِبْطِيًّا مَاتَ عَامَ أَوَّلَ في إمَارَةِ ابْنِ الزُّبَيْرِ.

جابر دەیگێڕێتەوە پیاوێک لە انصار خاوەنی کۆیلەیەک بوو جگە لەو کۆیلەیە هیچ پارەیەکی نەبوو ، کە گەیشتە محمد گوتی کێ لێم دەکڕێت؟ نوعەیم بن نحام بە هەشسەد درهەم کڕی ، کۆیلە قیبتییەکە لە هەمان ساڵدا مرد.

بەڕاستی کارەساتە ، پێم وانییە هیچ شتێک سوودی هەبێ بۆ وتن.

تەنیا ئەوەندە ئەپرسم ، چی ئەم مرۆڤە ئەکات بەباشترین بوونەوەر ؟

# ئیسلام و پرسی خانمان

ڕوونە ئەوەی بەرانبەر خانمان کراوە بەرانبەر هیچ بوونەوەرێکی ئەم هەسارەیە نەکراوە ، ئیسلام پڕە لە ڕق و کینە بەرانبەر خانمان.

با بچینە ناو بابەتەکەوە بەڵام سەرەتا پێم خۆشە بڵێم زۆر سوپاس هاوڕێی شیرینم کاک ئارێن کوڕێکی بەجەرگ و خۆشەویست کە هەمیشە وەک برا بووە بۆمن و ئاواش ئەبێت ، ئەم حەدیسانەی دانابوو لە پەیجێکی خۆمان ، منیش وەک خۆی دەیخەمە ڕوو بۆتان.

ئەمەش بەشێک لە حەدیسەکان کە لێدان لە ئافرەتی تیایە:

صحيح مسلم.كتاب الجنائز ١١. باب مَا يُقَالُ عِنْدَ دُخُولِ الْقُبُورِ وَالدُّعَاءِ لأَهْلِهَا ٣٥.ژمارەی فەرموودە ٩٧٤ ...

وَحَدَّثَنِي هَارُونُ بْنُ سَعِيدٍ الأَيْلِيُّ، حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ وَهْبٍ، أَخْبَرَنَا ابْنُ جُرَيْجٍ، عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ كَثِيرِ بْنِ الْمُطَّلِبِ، أَنَّهُ سَمِعَ مُحَمَّدَ بْنَ قَيْسٍ، يَقُولُ سَمِعْتُ عَائِشَةَ، تُحَدِّثُ فَقَالَتْ أَلاَ أُحَدِّثُكُمْ عَنِ النَّبِيِّ صلى الله عليه وسلم وَعَنِّي . قُلْنَا بَلَى ح. وَحَدَّثَنِي مَنْ، سَمِعَ حَجَّاجًا الأَعْوَرَ، - وَاللَّفْظُ لَهُ - قَالَ حَدَّثَنَا حَجَّاجُ بْنُ مُحَمَّدٍ، حَدَّثَنَا ابْنُ جُرَيْجٍ، أَخْبَرَنِي عَبْدُ اللَّهِ، - رَجُلٌ مِنْ قُرَيْشٍ - عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ قَيْسِ بْنِ مَخْرَمَةَ، بْنِ الْمُطَّلِبِ أَنَّهُ قَالَ يَوْمًا أَلاَ أُحَدِّثُكُمْ عَنِّي وَعَنْ أُمِّي قَالَ فَظَنَنَّا أَنَّهُ يُرِيدُ أُمَّهُ الَّتِي وَلَدَتْهُ . قَالَ قَالَتْ عَائِشَةُ أَلاَ أُحَدِّثُكُمْ عَنِّي وَعَنْ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم . قُلْنَا بَلَى . قَالَ قَالَتْ لَمَّا كَانَتْ لَيْلَتِيَ الَّتِي كَانَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم فِيهَا عِنْدِي انْقَلَبَ فَوَضَعَ رِدَاءَهُ وَخَلَعَ نَعْلَيْهِ فَوَضَعَهُمَا عِنْدَ رِجْلَيْهِ وَبَسَطَ طَرَفَ إِزَارِهِ عَلَى فِرَاشِهِ فَاضْطَجَعَ فَلَمْ يَلْبَثْ إِلاَّ رَيْثَمَا ظَنَّ أَنْ قَدْ رَقَدْتُ فَأَخَذَ رِدَاءَهُ رُوَيْدًا وَانْتَعَلَ رُوَيْدًا وَفَتَحَ الْبَابَ فَخَرَجَ ثُمَّ أَجَافَهُ رُوَيْدًا فَجَعَلْتُ دِرْعِي فِي رَأْسِي وَاخْتَمَرْتُ وَتَقَنَّعْتُ إِزَارِي ثُمَّ انْطَلَقْتُ عَلَى إِثْرِهِ حَتَّى جَاءَ الْبَقِيعَ فَقَامَ فَأَطَالَ الْقِيَامَ ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ انْحَرَفَ فَانْحَرَفْتُ فَأَسْرَعَ فَأَسْرَعْتُ فَهَرْوَلَ فَهَرْوَلْتُ فَأَحْضَرَ فَأَحْضَرْتُ فَسَبَقْتُهُ فَدَخَلْتُ فَلَيْسَ إِلاَّ أَنِ اضْطَجَعْتُ فَدَخَلَ فَقَالَ " مَا لَكِ يَا عَائِشُ حَشْيَا رَابِيَةً " . قَالَتْ قُلْتُ لاَ شَىْءَ . قَالَ " لَتُخْبِرِينِي أَوْ لَيُخْبِرَنِّي اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ " . قَالَتْ قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي . فَأَخْبَرْتُهُ قَالَ " فَأَنْتِ السَّوَادُ الَّذِي رَأَيْتُ أَمَامِي " . قُلْتُ نَعَمْ . فَلَهَدَنِي فِي صَدْرِي لَهْدَةً أَوْجَعَتْنِي ثُمَّ قَالَ " أَظَنَنْتِ أَنْ يَحِيفَ اللَّهُ عَلَيْكِ وَرَسُولُهُ " . قَالَتْ مَهْمَا يَكْتُمِ النَّاسُ يَعْلَمْهُ اللَّهُ نَعَمْ . قَالَ " فَإِنَّ جِبْرِيلَ أَتَانِي حِينَ رَأَيْتِ فَنَادَانِي فَأَخْفَاهُ مِنْكِ فَأَجَبْتُهُ فَأَخْفَيْتُهُ مِنْكِ وَلَمْ يَكُنْ يَدْخُلُ عَلَيْكِ وَقَدْ وَضَعْتِ ثِيَابَكِ وَظَنَنْتُ أَنْ قَدْ رَقَدْتِ فَكَرِهْتُ أَنْ أُوقِظَكِ وَخَشِيتُ أَنْ تَسْتَوْحِشِي فَقَالَ إِنَّ رَبَّكَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَأْتِيَ أَهْلَ الْبَقِيعِ فَتَسْتَغْفِرَ لَهُمْ " . قَالَتْ قُلْتُ كَيْفَ أَقُولُ لَهُمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ " قُولِي السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لَلاَحِقُونَ "

واتا: سەحابەیەک ئەگێڕێتەوە دەڵێت: گوێم لە عائیشە بۆ قسەی ئەکرد وتی: بەسەرهاتەکەی خۆم و پێغەمبەرتان بۆ نەگێڕمەوە؟ ئێمەش وتمان بەڵێ (وادیارە بۆ سەحابەکان قسەی کردووە) وە عائیشە وتی: کاتێ شەوی من هات کە لە شەوەکەدا پێغەمبەر لای من مایەوە، ڕووی وەرگێڕا و عەبایەکەی لەبەرکرد و نەعلەکانیشی لە پێکردن و لەنزیک

پێیەکانی دانان، وە شاڵەکەی (سەرمل) لەسەر جێیەکانی ڕاخست و لەسەری پاڵکەوت تا ئەو کاتەی وای زانی خەوتووم،دوای هەڵسا عەباکەی بەهێواشی هەڵگرت و وە نەعلەکانی بەهێواشی لەپێ کردن و دەرگاکەئ کردەوە و چووە دەرەوە و بەهێواشی دەرگاکەی داخست، وە منیش سەری خۆم داپۆشی و ڕووپووشەکەمم پوشی و کەمەرەکەمم پێچایەوە و دواتر دوای کەوتم تاوەکو گەیشتە "البقیع" وە لەوێ وەستا بۆ ماوەیەکی درێژ،دواتر سێ جار دەسی بەرزکردەوە و دوای گەڕایەوە و منیش گەڕامەوە وە ئەو هەنگاوەکانی خێرا کرد منیش هەنگاوەکانم خێرا کرد تاوای لێهات دەسی کردن بە ڕاکردن و منیش ڕامکرد (وادیار بوو سێبەری عائیشەی بینی بوو) وە ئەو هاتە ماڵەوە و منیش هاتمەوە ماڵەوە بەڵام بەهەر حاڵ من پێشی کەتمەوە و زووتر گەیشتمە ماڵەوە وە یەکسەر لەسەر جێگاکانم پاڵکەوتم وە دواتر هاتە ژوورەوە و پێی وتم: چییتە عائیشە نەفەست تەنگ بووە؟ وتم: هیچ نییە. وتی: پێم ئەڵێیت یاخود الطیف و الخبیر پێم ئەڵێ (مەبەستی لە اللهیە)

وە منیش وتم: پێغەمبەری خوا دایکم و باوکم بە قوربانت بن وە عائیشە ئەڵێ کە هەموو ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە

محمدیش وتی: کەوایە تۆ ئەو پیاوە ڕەشە بووی کە لەپێشم بینیم؟ (مەبەستی لە سێبرەکەی عائیشەیە) عائیشەش وتی: بەڵێ، وە عائیشە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئەڵێت بەتوندی کێشای بە سنگمدا کە لێدانەکە ئازاری دام وە دواتر وتی:وائەزانی الله لەتۆ و پێغەمبەرەکەی خۆش ئەبێ (ئەم ڕستەیە لە شەرحەکانا بەو مانایە هاتووە: وائەزانیت الله و پێغەمبەرەکەی زۆڵمت لێ ئەکەن... بۆیە باشترە وا تەرجوومە بکرێتەوە) وە عائیشەش وتی: چ شتێکی تر خەڵکی دەیشارێتەوە و بەڵام الله دەیزانێ ئەویش وتی:جبریل هات بۆ لام کاتێ تۆ منت بینی وە بانگی کردم و لە عائیشەی شاردەوە (واتا کاتێ بانگی محمدی کرد بانگەکەی شاردەوە مەبەستی لەوەیە نەیهێشت عائیشە گوێی لێ بێت) وە منیش جوابیم دایەوە کاتێ بانگی کردم وە منیش لێم شاردیتەوە، کاتێ تۆ جلەکانت داکەند بوو لەناو جێگادا وامزانی خەوتبوویت وە نەمویست بەخەبەرت بێنمەوە ترسام لەوەی کە بترسێیت....جبریل پێی وتم: خواکەت فرمانی پێکردووی بڕۆیت بۆ لای خەڵکانی البقیع (مردووەکانی) وە دوعایان بۆ بکەم عائیشە وتی پێغەمبەری الله چۆن منیش بتوانم دوعایان بۆ بکەم؟ وتی:بلێ ئاشتی بێت لەسەر خەڵکی ئەم شارە (مردووەکان) لە موسڵمانان و باوەڕداران وە الله ڕەحم بەو کەسانە بکات کە لەپێش ئێمەدا مردوون وە ئەوانەی کە دوای ئێمە دێن.

وەک ئەبینن کە عائیشە ئەڵێت:(فَلَهَدَنِي فِي صَدْرِي لَهْدَةً أَوْجَعَتْنِ) واتا: بەتوندی کێشای بەسنگما کە لێدانەکە ئازاریام...زۆربەی خەڵکی ئەڵێن کە هێواش پاڵی پێوە ناوە نەک وەک لێدان بەڵام ئەمە قسەیەکی بێ بنەمایە و هیچ زانایێکی ئیسلامی کۆن ئاماژەی بەمە نەداوە بەڵکو هەندێکیان دانیان پیاناوە کە لێیداوە وەک ئیمام نەوەوی.

صحيح مسلم.كيتاب طلاق ١٨. باب بَيَانِ أَنَّ تَخْيِيرَ امْرَأَتِهِ لاَ يَكُونُ طَلاَقًا إِلاَّ بِالنِّيَّةِ ٤..ژمارەی فەرموودە١٤٧٨...

وَحَدَّثَنَا زُهَيْرُ بْنُ حَرْبٍ، حَدَّثَنَا رَوْحُ بْنُ عُبَادَةَ، حَدَّثَنَا زَكَرِيَّاءُ بْنُ إِسْحَاقَ، حَدَّثَنَا أَبُو الزُّبَيْرِ، عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ، قَالَ دَخَلَ أَبُو بَكْرٍ يَسْتَأْذِنُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم فَوَجَدَ النَّاسَ جُلُوسًا بِبَابِهِ لَمْ يُؤْذَنْ لأَحَدٍ مِنْهُمْ ـ قَالَ ـ فَأُذِنَ لأَبِي بَكْرٍ فَدَخَلَ ثُمَّ أَقْبَلَ عُمَرُ فَاسْتَأْذَنَ فَأُذِنَ لَهُ فَوَجَدَ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم جَالِسًا حَوْلَهُ نِسَاؤُهُ وَاجِمًا سَاكِتًا ـ قَالَ ـ فَقَالَ لأَقُولَنَّ شَيْئًا أُضْحِكُ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ رَأَيْتَ بِنْتَ خَارِجَةَ سَأَلَتْنِي النَّفَقَةَ فَقُمْتُ إِلَيْهَا فَوَجَأْتُ عُنُقَهَا . فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم وَقَالَ " هُنَّ حَوْلِي كَمَا تَرَى يَسْأَلْنَنِي النَّفَقَةَ " . فَقَامَ أَبُو بَكْرٍ إِلَى عَائِشَةَ يَجَأُ عُنُقَهَا فَقَامَ عُمَرُ إِلَى حَفْصَةَ يَجَأُ عُنُقَهَا كِلاَهُمَا يَقُولُ تَسْأَلْنَ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم مَا لَيْسَ عِنْدَهُ . فَقُلْنَ وَاللَّهِ لاَ نَسْأَلُ رَسُولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم شَيْئًا أَبَدًا لَيْسَ عِنْدَهُ ثُمَّ اعْتَزَلَهُنَّ شَهْرًا أَوْ تِسْعًا وَعِشْرِينَ ثُمَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِ هَذِهِ الآيَةُ { يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ} حَتَّى بَلَغَ { لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا} قَالَ فَبَدَأَ بِعَائِشَةَ فَقَالَ " يَا عَائِشَةُ إِنِّي أُرِيدُ أَنْ أَعْرِضَ عَلَيْكِ أَمْرًا أُحِبُّ أَنْ لاَ تَعْجَلِي فِيهِ حَتَّى تَسْتَشِيرِي أَبَوَيْكِ " . قَالَتْ وَمَا هُوَ يَا رَسُولَ اللَّهِ فَتَلاَ عَلَيْهَا الآيَةَ قَالَتْ أَفِيكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَسْتَشِيرُ أَبَوَىَّ بَلْ أَخْتَارُ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَالدَّارَ الآخِرَةَ وَأَسْأَلُكَ أَنْ لاَ تُخْبِرَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِكَ بِالَّذِي قُلْتُ . قَالَ " لاَ تَسْأَلُنِي امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ إِلاَّ أَخْبَرْتُهَا إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَبْعَثْنِي مُعَنِّتًا وَلاَ مُتَعَنِّتًا وَلَكِنْ بَعَثَنِي مُعَلِّمًا مُيَسِّرًا "

واتا: جابر بن عبدالله ئەیگێڕێتەوە ئەڵێت: ئەبو بەکر هات و داوای مۆڵەتی کرد بۆ بینینی محمد وە هەندێ خەڵکی بینی بەبەردەم دەرگای

محمددا کە مۆڵەتیان پێ نەدەدرا محمد ببینن،، ئەبو بەکر مۆڵەتی پێدرا و چوویە ژورەوە بۆ لای محمد پاشان عمریش هات و ئەویش مۆڵەتی پێدرا و چووە ژورەوە کاتێ ڕۆشتنە ژوورەوە بینیان محمد دانیشتووە و ژنەکانیشی لە دەورین و بێ دەنگن،،عمر وتی ئێستا شتێک ئەڵێم کە پێغەمبەری الله ئەخاتە پێکەنین کە ئەویش ئەوە بوو وتی: پێغەمبەری خوا ئەگەر کچەکەی خاریجەت ئەبینی (مەبەستی لە ژنەکەی خۆیەتی) کە چۆن داوای نەفەقەی لێکردم و منیش هەستام و چوومە لایەوە دانەیەکم کێشا بە پشتە ملیا،،محمد پێکەنی و وتی ئەوانەی دەورو بەریشم (مەبەستی لە ژنەکانی بوو) وەک ئەبینن داوای نەفەقەم لێ ئەکەن، ئەبو بەکر هەستا چووە لای عائیشە و دانەیەکی کێشا بە پشتە ملیا وە عمریش هەستا چووە لای حەفصەوە دانەیەکی کێشا بە پشتە ملیا کە کچی خۆیان بوون دایان بوو بە محمد وە ئەبو بەکر و عمر وتیان: ئێوە داوای شتانێکتان لە پێغەمبەری الله کردووە کە نەیبووە ئەوانیش وتیان: سوێند بە الله داوای هیچ شتێکمان لە پێغەمبەری الله نەکردووە کە نەیبووبێت

وە دواتر محمد بۆماوەی ٢٩ ڕۆژ یان سی ڕۆژ لە ژنەکانی دوورکەوتەوە دواتر ئەم ئایەتە دابەزی { يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُلْ لأَزْوَاجِكَ} ئەی پێغەمبەر بە ژنەکانت بڵێ { لِلْمُحْسِنَاتِ مِنْكُنَّ أَجْرًا عَظِيمًا}. کە ئەجرێکی گەورە هەیە بۆ ئەوان

وە محمد لە عائیشەوە دەستی پێکرد و پێی وت: ئەمەوێ شتێکت پیشانبەم عائیشە بەڵام حەز ناکەم بەخێرای وەڵامم بەیتەوە پێش ئەوەی دایک و باوکت ئاگادارکەیتەوە عائیشە وتی: پێغەمبەری الله چییە ئەو شتە؟ وە محمدیش ئایەتەکەی بۆ خوێندەوە

عائیشەش وتی: ئەمە پەیوەندی بەتۆوەیە کە من دایک و باوکم ئاگادار بکەمەوە ئەی پێغەمبەری الله نەخێر بەڵکو من الله و پێغەمبەرەکەی هەڵدەبژێرم وە ڕۆژی دوای هەڵدەبژێرم. وە عائیشە پێی وت داوات لێ ئەکەم کە ئەو قسانەی پێم وتی بە هیچ یەکەک لە خێزانەکانت نەڵێی محمدیش وتی ئەوانە پرسیارم لێناکەن تا خۆم پێیان نەڵێم وە الله منی نەناردووە کە دڵ ڕەقم بم و ببمە هۆکاری ئازار بەڵکو ئەو منی ناردووە بۆ فێرکردن و ئاسانکردنی شتەکان.

وەک لەم حەدیسەیا دیارە کە ئەبو بەکر لە عائیشەیداوە ە عومەریش لە حەفصەیداوە بەبەر چاو محمدەوە وە محمد هیچی نەوتووە نەک تەنها ئەوە بەڵکو خۆی هۆکاری لێدانەکە بووە.

٣-صحيح البخاري.كيتاب التفسير ٦٥. باب قَوْلِهِ {فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا} 3.ژمارەی فەرمووده ٤٦٠٨ ...

حَدَّثَنَا يَحْيَى بْنُ سُلَيْمَانَ، قَالَ حَدَّثَنِي ابْنُ وَهْبٍ، قَالَ أَخْبَرَنِي عَمْرٌو، أَنَّ عَبْدَ الرَّحْمَنِ بْنَ الْقَاسِمِ، حَدَّثَهُ عَنْ أَبِيهِ، عَنْ عَائِشَةَ ـ رضى الله عنها ـ سَقَطَتْ قِلاَدَةٌ لِي بِالْبَيْدَاءِ وَنَحْنُ دَاخِلُونَ الْمَدِينَةَ، فَأَنَاخَ النَّبِيُّ صلى الله عليه وسلم وَنَزَلَ، فَثَنَى رَأْسَهُ فِي حَجْرِي رَاقِدًا، أَقْبَلَ أَبُو بَكْرٍ فَلَكَزَنِي لَكْزَةً شَدِيدَةً وَقَالَ حَبَسْتِ النَّاسَ فِي قِلاَدَةٍ. فَبِي الْمَوْتُ لِمَكَانِ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم وَقَدْ أَوْجَعَنِي، ثُمَّ إِنَّ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم اسْتَيْقَظَ وَحَضَرَتِ الصُّبْحُ فَالْتُمِسَ الْمَاءُ فَلَمْ يُوجَدْ فَنَزَلَتْ {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ} الآيَةَ. فَقَالَ أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ لَقَدْ بَارَكَ اللَّهُ لِلنَّاسِ فِيكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْرٍ، مَا أَنْتُمْ إِلاَّ بَرَكَةٌ لَهُمْ.

واتا: عائیشە ئەیگێڕێتەوە دەڵێت: ملوانکەکەم لە البیداء ونکردبوو وە لە ڕێگاوە بووین بۆ مەدینە وە پێغەمبەر وشترەکەی نزم کردەوە و دابەزی لەسەری و سەری دانا سەر ڕانم و نووست،،وە ئەبو بەکر هات بۆ لام زلەیەکی لێدام کە زلەکە زۆر بە ئازار بوو و پێی وتم: تۆ خەڵکت دەس بەسەر کرد بەهۆی ملوانکەیێکەوە..وە منیش وەک کەسێکی مردوو خۆم بێ جووڵە کرد لەبەر شوێنی پێغەمبەری الله (کە سەری لەسەر ڕانی بوو) وە زلەکە ئازاری دام......

زۆر بە ڕوونی لە حەدیسەکەیا ئاماژە بەوە کراوە کە عائیشە لێدانی خواردووە بەدەست باوکیەوە وە نکۆڵی لێ ناکرێ...

هەنێ کەس ئەڵێن ئەبو بەکر چ پەیوەندی بە محمدەوە هەبووە...

ئەبو بەکر نزیکترین هاوڕێی محمد بووە و خەلیفەی یەکەمی ڕاشیدەین بووە و سەحابیێکی گەورە بووە لەبەر ئەوە کارەکانی ئەو لەسەر ئیسلام ئەکەوێتەوە.

وە خودی عائیشە لە «صحيح البخاري ٥٨٢٥» ئەڵێت:"مَا رَأَيْتُ مِثْلَ مَا يَلْقَى الْمُؤْمِنَاتُ"

واتا:‘‘کەسم نەبینیووە بەقەدەر ئافرەتانی موسڵمان ئازار بچێژێت‘‘

گەر حەدیسەکە بەتەواوی بخوێنیتەوە ئەزانیت کە مەبەستی لە ئازار کێشانە لە لێدان.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

هەروەها کۆمەڵێک حەدیسی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت  کە دانە بەدانەی سوکایەتییە بەخانمان هەندێکی تر لەوانە

صحيح البخاري كِتَابٌ : الصَّلَاةُ أَبْوَابُ سُتْرَةِ الْمُصَلِّي. بَابُ اسْتِقْبَالِ الرَّجُلِ صَاحِبَهُ فِي صَلَاتِهِ وَهُوَ يُصَلِّي.

(المجلد : 1 الصفحة : 108) 511

حَدَّثَنَا إِسْمَاعِيلُ بْنُ خَلِيلٍ ، حَدَّثَنَا عَلِيُّ بْنُ مُسْهِرٍ ، عَنِ الْأَعْمَشِ ، عَنْ مُسْلِمٍ - يَعْنِي ابْنَ صُبَيْحٍ - عَنْ مَسْرُوقٍ ، عَنْ عَائِشَةَ أَنَّهُ ذُكِرَ عِنْدَهَا : مَا يَقْطَعُ الصَّلَاةَ، فَقَالُوا : يَقْطَعُهَا الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ، قَالَتْ : لَقَدْ جَعَلْتُمُونَا كِلَابًا، لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يُصَلِّي، وَإِنِّي لَبَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ وَأَنَا مُضْطَجِعَةٌ عَلَى السَّرِيرِ، فَتَكُونُ لِيَ الْحَاجَةُ فَأَكْرَهُ أَنْ أَسْتَقْبِلَهُ، فَأَنْسَلُّ انْسِلَالًا.

،عائیشە دەگێڕێتەوە: ئەو شتانەی کە نوێژ بەتاڵ ئەکەنەوە پێم گووترابوو ئەگەر) "پێم گووترا " نوێژ بەتاڵ ئەبێتەوە بە سەگ و گوێدرێژ و ژن بەبەردەم کەسی نوێژکەردا تێپەڕین). عائیشە گوتی " تۆ ئێمەی(ژن)ت کرد بە سەگ".

ڕوونکردنەوە : لە ئیسلامدا ئافرەت کراوەتە ڕیزی سەگ و گوێدرێژ.

صحيح البخاري كِتَابٌ : الشَّهَادَاتُ بَابُ شَهَادَةِ النِّسَاءِ.

(المجلد : 3 الصفحة : 173) 2658

حَدَّثَنَا ابْنُ أَبِي مَرْيَمَ ، أَخْبَرَنَا مُحَمَّدُ بْنُ جَعْفَرٍ ، قَالَ : أَخْبَرَنِي زَيْدٌ ، عَنْ عِيَاضِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ ، عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، عَنِ النَّبِيِّ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ : " أَلَيْسَ شَهَادَةُ الْمَرْأَةِ مِثْلَ نِصْفِ شَهَادَةِ الرَّجُلِ ؟ ". قُلْنَ : بَلَى. قَالَ : " فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ عَقْلِهَا ".

ئەبو سەعیدی خوضری ئەگێڕێتەوە: پێغەمبەر گووتی، “ ئایا شایەتیدانی ژنەکان گوتیان، “بەڵێ”ئافرەت یەکسان نییە بە نیوەی شایەتیدانی پیاو؟”. پێغەمبەر گووتی، “ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ئافرەت نوقسانی لە عەقڵیدایە (کەم عەقڵە)”.

ڕوونکردنەوە: لە ئیسلامدا شایەتیدانی ٢ ئافرەت بە شایەتیدانی ١ پیاو حسابە لە مەحکەمەدا، هۆکارەکەشی بە زاری پێغەمبەری ئیسلام لەبەر ئەوە بووە کە ژن کەم عەقڵە (گەمژەیە).

صحيح البخاري كِتَابٌ : الْإِيمَانُ بَابُ كُفْرَانِ الْعَشِيرِ.

(المجلد : 1 الصفحة : 15) 29

حَدَّثَنَا عَبْدُ اللَّهِ بْنُ مَسْلَمَةَ ، عَنْ مَالِكٍ ، عَنْ زَيْدِ بْنِ أَسْلَمَ ، عَنْ عَطَاءِ بْنِ يَسَارٍ ، عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ : قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " أُرِيتُ النَّارَ فَإِذَا أَكْثَرُ أَهْلِهَا النِّسَاءُ يَكْفُرْنَ ". قِيلَ : أَيَكْفُرْنَ بِاللَّهِ ؟ قَالَ : " يَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ ، وَيَكْفُرْنَ الْإِحْسَانَ ؛ لَوْ أَحْسَنْتَ إِلَى إِحْدَاهُنَّ الدَّهْرَ، ثُمَّ رَأَتْ مِنْكَ شَيْئًا قَالَتْ : مَا رَأَيْتُ مِنْكَ خَيْرًا قَطُّ ".

ئیبن عەباس ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر گووتی “من دۆزەخم پیشاندرا وە زۆربەی دانیشتووانەکەی ژن بوون”

# ئیسلام و چەند بابەتێک

،صحيح البخاري كِتَابٌ : بَدْءُ الْخَلْقِ بَابٌ : إِذَا قَالَ أَحَدُكُمْ : آمِينَ وَالْمَلَائِكَةُ فِي السَّمَاءِ، فَوَافَقَتْ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَى، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ.

(المجلد : 4 الصفحة : 116) 3237

حَدَّثَنَا مُسَدَّدٌ ، حَدَّثَنَا أَبُو عَوَانَةَ ، عَنِ الْأَعْمَشِ ، عَنْ أَبِي حَازِمٍ ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ، قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ : " إِذَا دَعَا الرَّجُلُ امْرَأَتَهُ إِلَى فِرَاشِهِ فَأَبَتْ فَبَاتَ غَضْبَانَ عَلَيْهَا، لَعَنَتْهَا الْمَلَائِكَةُ حَتَّى تُصْبِحَ ". تَابَعَهُ شُعْبَةُ وَأَبُو حَمْزَةَ وَابْنُ دَاوُدَ وَأَبُو مُعَاوِيَةَ ، عَنِ الْأَعْمَشِ .

ئەبو هورەیرە دەگێڕێتەوە: پێغەمبەری ئیسلام گووتی "ئەگەر مێردێک ژنەکەی بانگ کرد بۆ سەرجێگای(سێکسکردن) وە ژنەکە داواکەی ڕەتکردەوە و وای لە پیاوەکە کرد کە بە تووڕەیی بخەوێت، ئەوا مەلایکەتەکان تا بەیانی لەعنەت لە ژنەکە دەکەن".

صحيح البخاري كِتَابٌ : الْمَغَازِي. بَابٌ : كِتَابُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَى كِسْرَى وَقَيْصَرَ.

( المجلد : 6 الصفحة : 8) 4425

حَدَّثَنَا عُثْمَانُ بْنُ الْهَيْثَمِ ، حَدَّثَنَا عَوْفٌ ، عَنِ الْحَسَنِ ، عَنْ أَبِي بَكْرَةَ قَالَ : لَقَدْ نَفَعَنِي اللَّهُ بِكَلِمَةٍ سَمِعْتُهَا مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَيَّامَ الْجَمَلِ بَعْدَمَا كِدْتُ أَنْ أَلْحَقَ بِأَصْحَابِ الْجَمَلِ، فَأُقَاتِلَ مَعَهُمْ. قَالَ : لَمَّا بَلَغَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ أَنَّ أَهْلَ فَارِسَ قَدْ مَلَّكُوا عَلَيْهِمْ بِنْتَ كِسْرَى قَالَ : " لَنْ يُفْلِحَ قَوْمٌ، وَلَّوْا أَمْرَهُمُ امْرَأَةً ".

# ئیسلام و چەند بابەتێک

پێغەمبەر دەڵێت: نەتەوەیەک هەرگیز سەرکەوتوو نابێت ئەگەر ژن بەڕێوەیبەرێت.

الترمذي 1160 و النسائي في السنن الكبرى 8971صحيح

إذا دعا الرَّجلُ زوجتَهُ لحاجتِهِ فلتأتِهِ وإن كانت على التَّنُّورِ.

ئەگەر پیاوێک ژنەکەی بانگکرد بۆ سێکسکردن و ژنەکەی لەسەر تەندور بوو با بچێت بۆلای.

الجامع الصغير 2930 الترمذي 1161 والن ماجه 1854

مأَيُّما امرأةٍ ماتت و زوجُها عنها راضٍ دَخَلَتِ الجنةَ.

هەر ژنێک بمرێت و پیاوەکەی لێی ڕازیبێت ، دەچێتە بەهەشتەوە.

بەڵام لەم بارەیەوە باسێک لە پیاوناکرێت، کە ئەگەر ژنەکەی لێی ڕازی بێت یان نا, چ یاساو, چ بەندو بڕیارێک ئەیگرێتەوە؟! کەواتە ئەرکی سەرشانی ژن ئەوەیە, مێردەکەی هەر چۆنێک ئارەزووی کرد. ئەوا بەپێی ئارەزوو و ویست و فەرمانی ئەو جوڵێتەوە، نەک بەپێچەوانەوە. چونکە (خودا!) ژنی کردۆتە کێلگەو، بووکەشووشەو، کۆیلەی پیاوو نابێت بێ فەرمانی خودا بکات. وە بۆئەوەی ژنەکە باشتر ببەستنەوە، ووتویانە: ئەگەر هاتوو لە بەرامبەر نایەکسانیو ستەمو بیێمانیو زۆرداریو ئیغتصابدا تەحەمولت کرد ، ئەوە لەو دونیا پاداشتت بەهەشتە! جائەگەر هەر ژنەکە ئەو تەحەمولە لەخۆی نیشان بدات، ئەوا دنیای هەتا هەتایی دەست ئەکەوێت, نەک ئەم دنیا هیچە کە چەند ڕۆژێکە و ئەبڕێتەوە ! بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ژنە بەم بەڵێن و وەعدە درۆینانە هەڵنەخەڵەتا و ناڕەزایی خۆی لەسەر ستەمێک دەربڕی ئەوا محمد چارەسەرێکی بۆ دۆزیوەتەوە و دەڵێت : ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعۡضَهُمۡ عَلَىٰ بَعۡضٖ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٞ لِّلۡغَيۡبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهۡجُرُوهُنَّ فِي ٱلۡمَضَاجِعِ وَٱضۡرِبُوهُنَّۖ فَإِنۡ أَطَعۡنَكُمۡ فَلَا تَبۡغُواْ عَلَيۡهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيّٗا كَبِيرٗا

ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لەبارەی مەسەلەی ژنان لاپەڕە 16

کۆتا شت زۆر دەبیستین گوایە مسوڵمانان پارێزیان کردووە لە کوشتنی ژن و منداڵ ، بەڵام ئەوەش لە پڕوپاگەندەیەک زیاتر نییە

صحيح ابن ماجه 2308، صحيح المسلم 1745 ، أبو داود 2672 ، أحمد 16720

سُئلَ النَّبيُّ صلَّى اللَّهُ عليْهِ وسلَّمَ عن أَهلِ الدَّارِ منَ المشرِكينَ يبيَّتونَ فيُصابُ النِّساءُ والصِّبيانُ قالَ هم منْهم.

کەنامەوێ زیاتر لەسەری بڕۆم ، چونکە دواتر بەوردی باسی لێدەکەم لە بابەتێکی تردا.

صحيح البخاري 5096 ، صحيح مسلم 2740

ما تركتُ و بعدي فتنةً أَضَرَّ على الرجالِ من النساءِ

هیچ فیتنەیەکم لەدوای خۆم جێنەهێشتووە زەرەر لەپیاوان بدات بە قەد ژنان

پێموابێ ئەوەندە بەسبێت وەلێ ئەمە مشتێکە لەخەرمانێک ، تەنیا دوو شت ماوە ئاماژەی پێبکەم

# ئیسلام و چەند بابەتێک

یەکەمیان با لاپەڕەی یەکەم و دووەمی ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لەبارەی مەسەلەی ژنان بخەینە بەر دیدەی ئێوەی ئازیز

و هەمەلایەنە بەناوی ئەم باسەی بەردەستتان, بەشێکە لە باسێکی فراوان (جەهالەتی ئیسلام و دنیای هاوچەرخ) کە لە سالی 1996ەوە ئامادەیە بۆ چاپ.

کورتەی ئەم باسە (ڕوانین و ڕەفتاری ئیسلام لەبەرامبەر مەسەلەی ژنان) لە (یەکسانی) بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان, بە ش بڵاوکرایەوە. بەشی یەکەمی لە ژمارە 20ی ناوەڕاستیدووبە تشرینی یەکەمی ساڵی 1997 بڵاوکرایەوە. کە لە ئەنجامدا بووە هۆی ، ناڕەحەتی مەلاو پیاوە ئایینییەکان و ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستان وە بەشێوەیەکی هیستیری و, بەشێوازێکی زۆر ناشیرین, پێچەوانە لەگەل هەر پرانسیپێکی هاوچەرخ و مۆدێرن, هێرشیان کردە سەر ئەو ووتارە و, سەر بڵاوکراوەی یەکسانی و, ڕێکخراوی سەربەخۆیی و, حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. وە بە ئاشکرا لە ئافرەتان مینبەری مزگەوتەکانەوە, فتوای کوشتنی کۆمۆنیستەکانیاندا. هەروەها پارتیش بۆ پشتیوانیکردن لە ڕەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامییەکان, لە دوالاپەڕەی هەرێمی کوردستانی ژمارە 132 ی ڕۆژی 1997/10/30 لەژێر ناوی ڕوونکردنەوەیەک دەربارەی ژمارە 20ی بڵاوکراوەی یەکسانی و بەناوی وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە, هێرش ئەکاتە سەر ئەم ووتارە و گوایە (ئەو جۆرە بۆچوونانە بەهیچ شێوەیەک ناگونجێت لەگەل دابو نەریتی نیشتمانپەروەری و ڕۆژنامەگەری و, پێچەوانەی یاسای ژمارە 10ی چاپەمەنی هەرێمی کوردستانی عێراقە.)! کاتێک ژمارە 21 ی یەکسانییان بردبوو بۆ چاپ (چاپخانەی یاسین لە سلێمانی),

# ئیسلام و چەند بابەتێک

شی دووەمی ئەمخاوەنی چاپخانەکە باسی ئەوەی کردبوو کە ناتوانێت بە باسە چاپ بکات. چونکە ڕەوتە ئیسلامییەکان هەڕەشەیان لێداوە

شی دووەمی ئەم باسە وەکو پاشکۆی یەکسانی ژمارە 21هەربۆیە بە بڵاوکرایەوە

ئەوەی شایانی باسە لەم دەورەیەدا, کێشە و ململانێ لە نێوان حیزب و ڕێکخراوی سەربەخۆ لەلایەک و, ڕەوتە ئیسلامییەکان و پارتی دیوکراتی کوردستان لەلایەکیتر زۆر توند ببۆوە. هەتا کار گەییشتە ئەوەی کە گرووپە ئیسلامییەکان دەستیان بۆ ناشرینترین و ترسنۆکانەترین چەک برد , کە ئەویش چەکی تیرۆر بوو لە بەرامبەر هاوڕێیان (شاپور عبدالقادرو قابیل عادل) لە بەرواری 18/4/1998دا, کە بۆخۆی نیشانەی ئیفلاسی و فەشەلی بیروباوەڕو نامۆییانە بە دنیای سەردەم. وە پاش چەند ڕۆژێکیش, بنکەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتانیان لە سلێمانی تەقاندەوە. هەروەها پارێزگاری شاری هەولێر(فرانسۆ هەریری) بە پێی کیتابی ڕەسمی ژمارە (230) ی ڕۆژی 12/5/1998 بۆ (ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان), بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەڵێت کە (ڕەزامەندی وەرنەگیرا لە سەر دامەزراندنی ڕێکخراوەکەتان, بە بڕیاری ژمارە 2176ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بەرواری 18/4/1998) بەوشێوەیە ئیجازەی فەعالیەت لە ڕێککخراو وەردەگرنەوە, بنکەکەیان دادەخەن و, بڵاوکراوەی (یەکسانی)ش قەدەغە ئەکەن.

وە دووەم شت کە دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم جوانترین شتە کە بۆ مافی خانمان نوسراوە لە لاپەڕەی یەکەم و دووەمی ئادەمیزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا لەلایەن عبدالخالق معروفەوە کە بەتەواوی هاوڕایم لە بیرکردنەوەکەیدا و جوانی تێگەشتووە دەفەرمووێت :

# ئیسلام و چەند بابەتێک

هەندێ لە نوسەرو چیرۆک نوسەکان دەڵێن (ژن و پیاو یا نێرومێ وەک یەکن بێ هیچ جیاوازیەک، تەنها ئەوەندە نەبێت کە هەریەکەیان کەسێکی ترە و بە لەش لێک جیاوازن، دەنا لە مافی مرۆڤایەتی و ئینسانیدا وەک یەک یەکسانن). یەکێک لە نووسەرەکان دەڵێت (ئەمن باوەڕم وایە جوداوازییەک لە نێوان ژن و پیاودا لە ڕووی ئینسانییەوە نییە. بێگومان ئەمە وا ناگەیەنێ کە هەریەکەیان وێنەی کۆپی ئەوی دیکەیانە، بەڵکو هەریەکەیان تەواوکەرو پاڵپشتی ئەوی دیکەیانە).
منیش بۆ خۆم دژی مافی ئافرەت نیم، بەڵکو لەو کەسانەم کە حەز لە مافی ئافرەت دەکەن، بە جۆرێک "کە هەر کردارێک و ڕفتارێک هەیە ئەگەر بۆ لایێکیان دروست و ڕەوابێ، دەبێ بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوابێ، بە بێ لەبەرچاوگرتنی مێیایەتی و نێرایەتی وەک دووتای هاوسەنگ" نەوەک ئەوانەی کە تەنها بە زار و بە نووسینی ناو چیرۆکەکەیان دان بە مافی ژندا دەنێن و بۆی دەپاڕێنەوە و لە دەرەوەی بیرو نووسین بە کردەوە و ڕەفتاری ڕۆژانەیان دژی مافی ئافرەتن و، بە هیچ جۆرێک بیرو کردەوەیان وێک ناکەون. بەلای منەوە مافی ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاودا هەر ئەوە نییە کاری ناو ماڵ و منداڵ بەخێوکردنی لێبسەنرێتەوە و چەکوش و داس و دەستەندوی جووتی بدرێتە دەست و بکرێ بە کرێکار و سەپان و جووتیار و لە کارگە و مەزراکاندا بڕەتێنرێ، یا تیروکەوان و تفەنگی لە مل بکرێ و ڕەوانەی کۆڕی شەڕێ بکرێ، یان کاغەز و قەڵەمی لەبەردەم دابنرێ و لەسەر سەکۆی فەرمانڕەوایی و فەرمانبەری جێگیر بکرێ. بەڵکو مافی یەکسانی ئەوەیە "کە ئەوەی خواستو ویستو ئارەزووی هەرلایە لە نێرو مێ ئەگەر بۆ لایێکیان دروست و ڕەوا بێ بۆ لاکەی تریش دروست و ڕەوابێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێیایەتی یان نێرایەتی" ئەمەیە مافی مرۆڤایەتی و ئینسانی ئەگەر خۆمان نەخەڵەتێنین و ڕێڕەوێکی تایبەتی گرتووە و تێڕوانینێکی تایبەتی هەیە. ماف ئاوایە، دەنا ئەویتر

وەک لە کارگە ئیش پێکردن و کردنی ژن بە وەرزێر و سەپان و شتی تر لەم بابەتە و کردنی بە هاواتی پیاو لە ڕووی کارەوە ئەمە پێی ناگوترێ ماف. بەڵکو ئەمە چەوساندنەوەی ژنە، چونکە بارەکەی گرانت دەبێ وێڕای کاری ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و چێشتکەری مێرد، کاری دەرەوەیشی دەخرێتە سەرشان وەک ئەمڕۆ وا بەدیدەکرێ. هەندێ نووسەری تر دەڵێن (ژن ئازاد نابێ و مافی وەگیر ناکەوێ تا خۆی نەبێتە خاوەن پارە و پوول (هەندێکی دیکە دەڵێن) تەنها پارە بەدەست بوون و بە ئارەزووی خۆ شووکردن و بوون بە کارگەی منداڵ دروستکردنی ئازادی ژنو مافی چنگ ناخا. تەنها رێگە بۆ ئازادی ژن کار و کارگەیە). سەیر لێرەدا ئەوەیە: ژنان بۆ خۆیان مافی خۆیان دیارینەکردووە کە چییە و چۆنە و دەبێ چ بکەن؟ دیسان هەر پیاوە خۆی لێکردوون بە کوێخا و مافیان بۆ دیاریدەکا و سنووری مافیان بۆ دادەنێ و نەخشەی دەکێشێ. با ئەو مامۆستا بەرەوانیکەرانەی مافی ژن واز لە ژنان بێنن و ژنان خۆیان مافی خۆیان دیاربکەن و خواست ئارەزوویان لە ماف چییە بیڵێن.

لێرەدا تەنها دەگەینە کۆتایی ئەو باسەی کە دووبارە ناکرێ لەژێر ناوی بەخشینی مافەکان بە مرۆڤەکانی چواردەورمان ، کە خوشک و دایک و هاوڕێ و خۆشەویست و ئازیزانمانن ، بیانکەینەوە بە کۆیلەی پیاوان ئێمە لەسەرمانە پشتگیریان بکەین و چاوەڕێی بڕیاری ژیرانەی خودی خۆیانبین کە چیان دەوێت و مافەکانیان چین.

دەبێ ئێمە وەک مرۆڤ هاوکار و پشتگیری یەکتربین

ئێمە مرۆڤی یەک کۆمەڵگەین و ئێمە پێویستە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

یەکترمان وەک خودی خۆمان قبوڵبێت بەبێ جیاوازی ڕەگەزمان.

## ئیسلام و یەکتاپەرستی

محمد لەخۆڕا پێی ناوترێت کە خودی خۆی اللهیە ، لێرەدا ڕوونی دەکەینەوە کە ئەم کەسە خۆی کردووە بە شەریکی الله لەهەموو شتەکاندا، کە ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە بەڕاستی ، مرۆڤێک ببێ بەشەریکی خودا.

محمد بەخۆی ئەڵێ حاشر و خەڵک لەژێر پێیەکانی کۆدەکرێنەوە لە صحیح البخاري كتاب المناقب باب ما جاء في اسماء الرسول الله صلعم ژمارەی فەرمووده 3339

خۆشییەکەی لەوەدایە ئەزانن چی دەردەکەوێت بۆ ناسینەوەی الله لەڕۆژی قیامەت ؟

ئایەتی ٤٢-٤٣ سورەتی القلم

يَوۡمَ يُكۡشَفُ عَن سَاقٖ وَيُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ فَلَا يَسۡتَطِيعُونَ

ئەو ڕۆژەی کە قاچ دەردەکەوێت و داواتان لێدەکرێت بۆ کڕنوش بردن بەڵام ناتوانن

خَٰشِعَةً أَبۡصَٰرُهُمۡ تَرۡهَقُهُمۡ ذِلَّةٞۖ وَقَدۡ كَانُواْ يُدۡعَوۡنَ إِلَى ٱلسُّجُودِ وَهُمۡ سَٰلِمُونَ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## چاوەکانیان شۆڕە و ڕسوایی دایگرتوون وە بانگدەکران بۆ کڕنۆشبردن لەکاتێکدا ئەوان تەندروست بوون

ئەوەی سەیر و سەمەرەیە محمد بەزۆر و زۆرداری ویستوویەتی خۆی بکات بە حاشر وەکو مەسیح

کە ئەمە ئاماژەی پێدراوە لە یۆحەنا ٥ : ٢٤-٣٠ کە دەڵێت

لە مردنەوە بەرەو ژیان

٢٤ «ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی گوێ لە وشەکەم بگرێت و باوەڕ بهێنێت بەوەی ناردوومی ژیانی هەتاهەتایی دەبێت و حوکم نادرێت بەڵکو لە مردنەوە بۆ ژیان گواستراوەتەوە. ٢٥ ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: کاتێک دێت کە ئێستایە، کاتێک مردووان دەنگی کوڕی خودا دەبیستن، گوێگرانیش زیندوو دەبنەوە، ٢٦ چونکە وەک باوک ژیانی لە خۆیدا هەیە، بە کوڕەکەشی داوە ژیانی لە خۆیدا هەبێت. ٢٧ دەسەڵاتی حوکمدانیشی داوەتێ، چونکە ئەو کوڕی مرۆڤە. ٢٨ «لەمە سەرسام مەبن، چونکە کاتێک دێت هەموو ئەوانەی لەناو گۆڕدان دەنگی دەبیستن و ٢٩ دێنە دەرەوە، ئەوانەی کرداری چاکیان کردووە هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی بژین، بەڵام ئەوانەی کرداری خراپیان کردووە هەڵدەستنەوە بۆ ئەوەی حوکم بدرێن. ٣٠ لە خۆمەوە ناتوانم هیچ بکەم. وەک دەبیستم حوکم دەدەم، حوکمدانەکەشم دادپەروەرانەیە، چونکە داوای خواستی خۆم ناکەم، بەڵکو خواستی ئەوەی ناردوومی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لێرەوە بەڕونی ئەوە دەبینین کە محمد خۆی کردووە بە شەریکی الله و ویستووشیەتی خۆی بکات بە مەسیح ، بەڵام هەوڵێکی شکستخواردووە.

سا کە ئێستا دەزانین محمد حاشرە فەرموون مسوڵمانان پێمان بڵێن کە الله دەڵێت

سورة الأنعام - اية 22

وَيَوۡمَ نَحۡشُرُهُمۡ جَمِيعٗا ثُمَّ نَقُولُ لِلَّذِينَ أَشۡرَكُوٓاْ أَيۡنَ شُرَكَآؤُكُمُ ٱلَّذِينَ كُنتُمۡ تَزۡعُمُونَ

سورة الإسراء - اية 97

وَمَن يَهۡدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلۡمُهۡتَدِۖ وَمَن يُضۡلِلۡ فَلَن تَجِدَ لَهُمۡ أَوۡلِيَآءَ مِن دُونِهِۦۖ وَنَحۡشُرُهُمۡ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ عُمۡيٗا وَبُكۡمٗا وَصُمّٗاۖ مَّأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ كُلَّمَا خَبَتۡ زِدۡنَٰهُمۡ سَعِيرٗا

بەتایبەت لەم دەقەیان کە زۆر بەڕوونی دەڵێت

سورة الحجر - اية 25

وَإِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَحۡشُرُهُمۡۚ إِنَّهُۥ حَكِيمٌ عَلِيمٞ

بەدڵنیایی خوداکەتە کە کۆیان دەکاتەوە و حەشریان دەکات وە دانا و زانایە

گەر محمد حاشر بێت واتا محمد خودی اللهیە وەک ڕوونم کردەوە ، جا شتەکان زۆر ڕوونن تەنیا چاوەڕێین بزانین مسوڵمانان چ چەواشەیەک

# ئیسلام و چەند بابەتێک

دەکەن سەبارەت بەم دەقە کارەساتبارانە ، چونکە پێویستە شەرم لەخۆیان بکەن گەر بڵێن الله هەر محمد نییە

دواتر الله محمد شەریک دەکاتەوە لەگەڵ خۆیدا لە دووان لە ناوەکانی کە ئەوانیش رؤوف و رحیم

سورة النور - اية 21

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِۚ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنۡ أَحَدٍ أَبَدٗا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّي مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٞ

ئەی باوەڕداران ئێوە شوێن پیلانی شەیتان مەکەون هەرکەس شوێن پیلانی شەیتان بکەوێت و ئەمر بە خراپەکاری و بەدڕەوشتی دەکات ئەگەر فەزڵی الله و ڕەحمەتەکەی بەسەرتانەوە نەبوایە ئەوا هەرگیز هیچ یەکێکی لەئێوە لەتاوان پاک نەدەکردەوە بەڵام الله ویستی لێبێ هەرکەسی بوێ پاکی دەکاتەوە لەتاوان ، الله بیسەر و زانایە

سورة التوبة - اية 128

لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ عَزِيزٌ عَلَيۡهِ مَا عَنِتُّمۡ حَرِيصٌ عَلَيۡكُم بِٱلۡمُؤۡمِنِينَ رَءُوفٞ رَّحِيمٞ

پەیامبەرێکمان لە نەفسی خۆتان ناردووە و ئاگاداری باوەڕدارانە و دلۆڤان و میهرەبانە

واتا کاتێ ئەڵێی بسم الله رحمان رحیم

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لەڕاستیا دەڵێی بەناوی اللهی ڕەحمان و محمدی ڕەحیم کە ئەمەش خۆکردنە بەخودا دووبارە و محمد لێرەش ویستی ئەوەی هەر هەبووە کە خۆی وەکو مەسیح نیشانی خەڵکی بدات. بەڵام لەڕاستیدا هەوڵێکی تری نەزۆکی یاوە و نزیکیش نییە لە پلەی مەسیحی شکۆمەند

سورة الإسراء - اية 79

وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةٗ لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا

الله مەقامی مەحمود بە محمد دەبەخشێ

مەقامی مەحمود بە سێ شت تەفسیر ئەکرێ

هەرچی مەخلوقاتە حمدی محمد دەکەن (احمد یەکێکە لەناوەکانی کە بەمانای ئەوپەر حمدکردن دێت)

پلە و پایەی شەفاعەتکردن (هەروەها محمد پێی دەگوترێت صاحب الشفاعة والمقام المحمود ، الشفيع، المشفع)

وە ئەوەی کە محمد لەسەر عرش دادەنیشێ (ئەشڵێن اللهش نییە)

ئێستا دانە دانە بەڵگەی بۆ دەهێنینەوە

صحیح مسلم 2278

نا سَيِّدُ ولَدِ آدَمَ يَومَ القِيامَةِ ، وأَوَّلُ مَن يَنْشَقُّ عنْه القَبْرُ ، وأَوَّلُ شافِعٍ وأَوَّلُ مُشَفَّعٍ.

من گەورەی بەنی ئادەمم لەڕۆژی قیامەت یەکەم کەسم کە قەبرەکەی شەق دەبێت بۆی و یەکەم کەسم کە شەفاعەت دەکەم.

هەروەها لە سنن ابن ماجە هەمان حەدیس هاتووە و محمد
لەکۆتاییەکەی دەڵێت (ئالای حەمدکردن بەدەست منەوە دەبێت)

صحيح البخاري 1474-1475، ومسلم 1040 ، تخريج مشكل الآثار 1022

لا يَزالُ الرَّجُلُ يسأَلُ النَّاسَ حتى يأْتيَ يومَ القِيامةِ وليْسَ في وجهِهِ مُزْعةُ لحْمٍ، وقال: إنَّ الشَّمسَ تَدْنو حتى يبلُغَ العَرَقُ نِصفَ الأُذُن فبَيْنا ،هُم كذلك، استَغاثوا بآدَمَ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ فيقولُ: لسْتُ صاحبَ ذاكَ ثمَّ بموسى صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فيقولُ ذلك، ثمَّ بمحمَّدٍ صلَّى اللهُ عليه وعليهم أجمَعينَ فيَشفَعُ لِيقُضَى بيْنَ الخَلْقِ، فيَمْشي حتى يأخُذَ بحَلْقةِ الجَنَّةِ، فيَومَئِذٍ يبعَثُهُ اللهُ مَقامًا محمودًا، يحمَدُهُ أهلُ الجَمعِ كلُّهم

کە بەڕوونی تێیدا دەڵێت مەقامی مەحمودی دەدرێتێ ، وە هەموو کەس
.لە گۆڕەپانی مەحشەر حەمدی دەکەن

، لەبەر نەگرتنی کاتی خوێنەر پێویست ناکا هەمووی وەرگێڕین
چونکە ئەوەی لێرە قسەی لەسەر دەکەین تەنها باسی
شەفاعەتکردنەکەیە و هیچ شتێکی وای تێدانییە زۆر سوودی هەبێ بۆ
.ئەو باسەمان

ئیمام النووی لە شرح النووی الی مسلم ج7 لاپەڕە473 دەڵێت : ئەم
فەرموودەیە بەڵگەیە کە محمد فەزڵی دەدرێت بەسەر هەموو
بونەوەراندا ، چونکە لە مەزهەبی سونەدا وایە کە مرۆڤ لە فریشتە
باشترە و محمدیش لەهەموو مرۆڤێک و مەخلوقاتێکیتر باشترە

ئەوەی سەیر و سەمەرەیە ، مسوڵمانانی سونی یەقینێکی تەواویان
بەمانە هەیە لەکاتێکدا الله خۆی دەڵێت

# ئیسلام و چەند بابەتێک

سورة الروم - اية 18

وَلَهُ ٱلۡحَمۡدُ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَعَشِيّٗا وَحِينَ تُظۡهِرُونَ

الطبري دەڵێت : واتا حەمد کردن لەلایەن هەموو مەخلوقاتەکانییەوە تەنیا بۆ اللهیە و بۆ هیچ کەسێکی تر نییە ، لە ئاسمانەکان فریشتە و لە زەویش مرۆڤ و هەموو مەخلوقاتەکان

هێشتا محمد خودا نییە ؟ زۆر باشە بەردەوام ئەبین بابەتی دووەم

شەفاعەتکردن

لەڕاستیدا شەفاعەتکردن خۆی لەخۆیدا گەندەڵییە ، گەر لەلایەن هەرکەسەوە بکرێت ، ماقولیەتی تیانییە تۆ کەسێک لە دۆزەخەوە بخەیە بەهەشت

من شتێکی بوداتان بۆ دەگێڕمەوە

، لە سەردەمانی کۆندا لەلای هیندۆسییەکان وابوو کاتێک کەسێک ، کەسێکی نزیکی دەمرد لەلای پیاوە ئاینییەکان بڕە پارەیەکیان دەدا ئەوانیش گۆزەیەکیان پڕ دەکرد لە بەرد و کۆمەڵێک شیعر و دەقی ، پیرۆزیان بەسەردا دەخوێندەوە و دواتر لە گۆزەکەیان دەدا بە شتێک ئەگەر گۆزەکە بشکایە و بەردەکان بڵاو ببونایەتەوە واتای ئەوەبوو کەسەکە لە دۆزەخ دەردەکرێت و دەنێردرێت بۆ بەهەشت
ئیدی ڕۆژێک کوڕێک کەسێکی نزیکی دەمرێت و گوێی لەناوی بودا دەبێت کە کەسێکی زۆر ڕۆحانییە و دەیەوێت بوودا دوعاکەی بۆبکات ، لەدوای ماوەیەک لە گەڕان دەگات بە بودا و داواکارییەکەی پێدەڵێت ، بوداش پێی دەڵێت برۆ دوو گۆزە بکڕە لەوەی ئەوان و دانەیەکیان پڕکە لە ڕۆن و دانەیەکیشیان پڕکە لەبەرد و بیخەرە لای ئاوێک و خۆت

# ئیسلام و چەند بابەتێک

فێرکە ئەو شتانەی ئەوان دەیڵێن تۆش بیڵێ و هەمان شتی ئەوان بکەرەوە
.دواتر وەرە ئەنجامەکەیم پێبڵێ ،
کوڕەکە هەمان شت دەکات و لە گۆزەکان دەدات دەبینێ گۆزەکان دەشکێن و گۆزە پڕ لە بەردەکە بەردەکانی ژێر ئاو دەکەون ، گۆزە پڕ لەڕۆنەکە ڕۆنەکەی سەر ئاو دەکەوێت.
دەگەڕێتەوە لای بودا و چیرۆکەکەی بۆ باس دەکات بوداش دەڵێت دەی باشە ئێستا بڕۆرەوە بۆ لای ئەو کەسانە و پێیان بڵێ با دوعایەکت فێربکەن بەردەکان سەر ئاو بکەون و ڕۆنەکەش ژێر ئاو ، کوڕەکەش بە بودا دەڵێت ئەمە مەحاڵە چونکە بەردەکان لەبەر ئەوەی قورسن هەر ژێر ئاو دەکەون و ڕۆنەکەش بەهۆی سوکییەکەی سەر ئاوەکە دەکەوێت بوداش پێی دەڵێت ئەی کە تۆ ئەم یاسا سادەیە دەزانیت چۆن داوا ، لەخەڵک دەکەیت کەسێکت لە دۆزەخەوە بۆ بباتە بەهەشت

ئینجا دەچینە سەر پەڕاوە ئیسلامییەکان

الحاكم بە اسنادێکی صحيح لە المستدرك على الصحيحين ج3 لاپەرە211 ژمارە3383

دەڵێت : خەڵک لە ڕۆژی قیامەت زیندوو دەکرێنەوە من و میلەتەکەم لەسەر گردێک دەبین ، وە خوداکەم پۆشاکێکی سەوزم لەبەردەکات و مۆڵەتم دەدات ، هەرچییەکم بوێت بیڵێم

وە هەروەها

لە صحيح مسلم 2767

إذا كانَ يَوْمُ القِيامَةِ ، دَفَعَ اللَّهُ عزَّ وجلَّ إلى كُلِّ مُسْلِمٍ ، يَهُودِيًّا، أوْ نَصْرانِيًّا ، فيَقولُ: هذا فِكاكُكَ مِنَ النَّارِ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لە ڕۆژی قیامەت الله مەسیحیەک یان یەهودییەک دەدا بەهەر مسوڵمانێک ، وە دەڵێت ئەمە بەڵاگێڕتە لە دۆزەخ

صحيح مسلم 2767 ، صحيح الجامع 7788

لا يَموتُ رَجُلٌ مُسلِمٌ ، إلَّا أَدخلَ اللهُ مَكانَهُ النَّارَ يَهودِيًّا أو نَصرانيًّا

هیچ پیاوێکی مسوڵمان نامرێ ، ئیلا الله پیاوێکی یەهوودی یان مەسیحی دەخاتە جێگەی لە دۆزەخ

یان بەشێوازێکی کە هاتووە کە پیاوی مسوڵمان یەت گوناهی بەقەد چیایەکە الله تاوانەکەیان دەدا بەکۆڵی مەسیحیەک یان یەهودییەکدا

چ ڕەحمەتێکە بۆ جیهان ئەم ئاینە

سورة طه - اية 109

يَوۡمَئِذٖ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَٰعَةُ إِلَّا مَنۡ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَرَضِيَ لَهُۥ قَوۡلٗا

لە ڕۆژی قیامەت شەفاعەت سوودی نابێت تەنیا بۆ کەسێک نەبێت کە ڕەحمان مۆڵەتی دەدات

سورة الأنعام - اية 70

وَذَرِ ٱلَّذِينَ ٱتَّخَذُواْ دِينَهُمۡ لَعِبٗا وَلَهۡوٗا وَغَرَّتۡهُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَاۚ وَذَكِّرۡ بِهِۦٓ أَن تُبۡسَلَ نَفۡسُۢ بِمَا كَسَبَتۡ لَيۡسَ لَهَا مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيّٞ وَلَا شَفِيعٞ وَإِن تَعۡدِلۡ كُلَّ عَدۡلٖ لَّا يُؤۡخَذۡ مِنۡهَآۗ أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ أُبۡسِلُواْ بِمَا كَسَبُواْۖ لَهُمۡ شَرَابٞ مِّنۡ حَمِيمٖ وَعَذَابٌ أَلِيمُۢ بِمَا كَانُواْ يَكۡفُرُونَ

لێرەدا دەڵێ هیچ کەس پشتیوان و شەفاعەکار نییە تەنیا الله نەبێت

# ئیسلام و چەند بابەتێک

جێگای باسە 30 جار وشەی (شفيع ، شفاعة) هاتووە ، هەندێکی دەڵێت کە هەیە هەندێکی دەڵێت کە نییە

ئێستا تێمانگەیەنن مسوڵمانان ، واستە (شەفاعەت) هەیە یان نییە ؟

الله واستە چۆن قبوڵ ئەکات ؟

گەر هەیە محمد چۆن لەجێگای الله بڕیار ئەیا ؟

حەدیسێکی تر هەیە کە بنێشتە خۆشەی سەرزاری مەلاکانە ، و پێموانییە کەسێ لەئێمە نەیبیستبێ بۆیە پێویست بە وەرگێڕان ناکات

صحيح البخاري 3340 ، صحيح مسلم 194

كُنَّا مع النَّبيِّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ في دَعْوَةٍ، فَرُفِعَ إلَيْهِ الذِّرَاعُ -وكَانَتْ تُعْجِبُهُ- فَنَهَسَ منها نَهْسَةً. وَقالَ: أنَا سَيِّدُ القَوْمِ يومَ القِيَامَةِ، هلْ تَدْرُونَ بمَ؟ يَجْمَعُ اللَّهُ الأوَّلِينَ والآخِرِينَ في صَعِيدٍ واحِدٍ، فيُبْصِرُهُمُ النَّاظِرُ ويُسْمِعُهُمُ الدَّاعِي، وتَدْنُو منهمُ الشَّمْسُ، فيَقولُ بَعْضُ النَّاسِ: أَلَا تَرَوْنَ إلى ما أنْتُمْ فِيهِ إلى ما بَلَغَكُمْ؟ أَلَا تَنْظُرُونَ إلى مَن يَشْفَعُ لَكُمْ إلى رَبِّكُمْ؟ فيَقولُ بَعْضُ النَّاسِ: أبُوكُمْ آدَمُ، فَيَأْتُونَهُ فيَقولونَ: يا آدَمُ أنْتَ أبُو البَشَرِ، خَلَقَكَ اللَّهُ بيَدِهِ، ونَفَخَ فِيكَ مِن رُوحِهِ، وأَمَرَ المَلَائِكَةَ فَسَجَدُوا لَكَ، وأَسْكَنَكَ الجَنَّةَ، أَلَا تَشْفَعُ لَنَا إلى رَبِّكَ؟ أَلَا تَرَى ما نَحْنُ فيه وما بَلَغَنَا؟ فيَقولُ: رَبِّي غَضِبَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، ولَا يَغْضَبُ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، ونَهَانِي عَنِ الشَّجَرَةِ فَعَصَيْتُهُ، نَفْسِي نَفْسِي اذْهَبُوا إلى غيرِي، اذْهَبُوا إلى نُوحٍ، فَيَأْتُونَ نُوحًا، فيَقولونَ: يا نُوحُ، أنْتَ أوَّلُ الرُّسُلِ إلى أهْلِ الأرْضِ ، وسَمَّاكَ اللَّهُ عَبْدًا شَكُورًا ، أما تَرَى إلى ما نَحْنُ فِيهِ؟ أَلَا تَرَى إلى ما بَلَغَنَا؟ أَلَا تَشْفَعُ لَنَا إلى رَبِّكَ؟ فيَقولُ: رَبِّي غَضِبَ اليومَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ، ولَا يَغْضَبُ بَعْدَهُ مِثْلَهُ، نَفْسِي نَفْسِي، ائْتُوا النَّبيَّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ، فَيَأْتُونِي فأسْجُدُ تَحْتَ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

العَرْشِ، فيُقَالُ: يا مُحَمَّدُ، ارْفَعْ رَأْسَكَ، واشْفَعْ تُشَفَّعْ، وسَلْ تُعْطَهْ. قالَ مُحَمَّدُ بنُ عُبَيْدٍ: لا أَحْفَظُ سَائِرَهُ.

لێرەدا دێینە کۆتایی ئەم باسەشیان و دەچینە سەر باسی سێیەم

هەموو پەرتووکە ئیسلامییەکان ئاماژە بەوە دەکەن

یجلسە معە علی العرش

محمد لەسەر عەرش لەگەڵ الله دادەنیشێ

لەم بەشەیان بەکورتی دەیبڕمەوە و پێتان دەڵێمەوە محمد ویستوویەتی دووبارە خۆی بکاتەوە بە مەسیح

یەزدان بە خاوەن شکۆی منی فەرموو: لە دەستەڕاستم دابنیشە هەتا دوژمنانت دەخەمە ژێرپێت

مەتا 22:44 و زەبوورەکان 1:110

لەسەرەوەش ئاماژەم پێدا کە محمد گوتوویەتی حاشرم خەڵکی لەژێر پێم کۆدەکرێنەوە ، کە بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەم دەقەدا یەکانگیرە و محمد هەمیشە هەوڵی بە مەسیح بوونی داوە

بەڵام دووبارە هەوڵێکی تری نەزۆکە

تەنیا چەند شتێکی کەمی تر لەسەر بابەتی دووعاکردن

حەزدەکەم بەشێکی کتێبەکەی ئارمین نەوابی بەناوی بۆچی خودا بوونی نییە ؟ پێشکەش بە ئێوە بکەم کە تێیدا باس لە دوعا دەکات و لەژێر چەند تەوەرێکدا کۆی کردۆتەوە.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## «خوا وەڵامی دوعاکان دەداتەوە کەواتە هەیە»

دوعاکردن بەشێکی دانەبڕاوی هەموو ئایینەکانە. ئەم بیرۆکەیە کە ئێوە دەتوانین ئارەزووکان و ئۆمێدەکان و ترسەکانتان بە خوایەکی بەهێز و میهرەبان بڵێین وە وەڵام وەربگرنەوە. زۆر سەرنج ڕاکێشە. دوعاکردن ئەم هەستە لای ئیمانداران دروست دەکات کە بەهێزن. ئەگەر پێتان بکرێت لەرێگەی دوعاوە ژیانتان بگۆڕێن ئەوا دەبنە کەسێکی کاریگەر لەجیاتی بوونەوەرێکی قوربانی و شکست خواردوو. تەنانەت .ئەگەر دوعاکان هیچ نەگۆڕن لەڕاستیدا ئەم هەستی بەهێزبوونە شتێک نییە بێجگە لە هەست و خەیالی ئارام بەخش. سەرەرای ئەمانەش ئەگەر ئەم وەهمە ڕێگربێت لە هاویشتنی هەنگاوی گرینگ رکردنی دۆخەکە. دەکرێت مەترسیدار بێت. سەلماندنیبۆ چارەسە رێژەی کاریگەری دووعا زۆر ئاسانە. بەدروستکردنی پەیوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام، تاقیکردنەوەیەک ئامادەبکەن کە تێدا تەنها دوعا پێوەری گۆڕاو بێت وە ئەوجا بزانن کە ئایا دوعاکردن هیچ کاریگەریەک لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوە هەبووە یان نە. لەڕاستیدا .پێشتر زاناکان بە وردبینییەکی زۆر ئەم تاقیکردنەوەیان ئەنجامداوە لێکۆڵینەویەک کرا بەئامانجی دیارکردنی کاریگەری دوعاکردنی خەلکی بێگانە لەسەر پرۆسەی چاکبوونەوەی نەخۆشەکانی دڵ لە شەش نەخۆشخانەی جیاواز. دوای بەدواداچوونی وردی 1800 نەخۆش لە ماوەی 30 رۆژی دوای نەشتەرگەری دڵیان هیچ جۆرە پەیوەندیەک لە نێوان دوعاککردن و پرۆسەی چاکبوونەوەی نەخۆش بە شێوەی ئیجابی بەدی نەکرا. هەرچەند جیاوازی بەرچاو هەبوو لە ئاستی چاکبوونەوەی ئەو نەخۆشانەی ئەیانزانی کە دوعایان بۆدەکرێت بە بەراورد لەگەل ئەوانەی نەیاندەزانی. ئەو نەخۆشانەی دەیانزانی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

پێدەچوو لە ژێر فشاری زیاتری دەروونی. بەرێژەیەکی زۆرتر لە دەست کێشەکان ئازاریان دەبینی. زانینی ئەوە کە خەلکانێکی زیاتر دوعادەکەن بۆ سەلامەتیتان بە ئەگەری زۆرەوە ئەو هەستە لەلایان دروست دەبوو کە نەخۆشیەکەیان ئەستەم و قورسە وە ئەمە بێگومان کاریگەری سلبی هەبووە لەسەر چاکبوونەوەیان. تا ئەمرۆش هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی متمانە پێکراو نەیتوانیوە پەیوەندیەکی پۆزەتیف لە نێوان دوعاکردن و شیفای نەخۆشەکان

.بسەلمێنێت

«پێبیژار کردن بۆ پشتراست کردن»

زۆربەی خەلکی ئایینی سەرەرای نەبوونی هیچ بەڵگەیەک لەسەر کاریگەری دوعاکردن، بەردەوام پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە دوعا کاریگەری باشی هەبووە لەناو ژیانیان. بێگومان رەتکردنەوەی ئەم جۆرە بۆچوونە بەهۆی پشت بەستنیان بە بەڵگەی وەک چیرۆک کارێکی ئاسان نییە. بەڵگەی وەک چیرۆک لە بنەرەتدا

بەو وتانە دەگوترێت کە دەتوانین لەم رستەیەدا کورت بکەین: «راستە چونکە بۆ من (یا کەسێکی نزیککم) روویداوە. لەراستیدا لەوانەیە ئەمەی دەگوترێت بەراستی روویدابێت بەڵام بەهۆی ئەوەی لەم جۆرە بەڵگانەدا چۆنییەتی و هۆکارەکانی رووداوەکە بە

دروستی باس ناکرێت: ناتوانین لەچوارچێوەی بابەتێکی زانستی سوودیان لێوەربگرین. هەرکات کەسێک بڵێت بەهۆی دوعاکردنەوە لە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

نەخۆشیەک چاک بوویتەوە. پێویستە روونکردنەوەکانی تریشی زیادبکات. ئەگەر سەرئێشەتان هەبێت. لەوانەیە ئاسپرین بخۆن وە دوعا بکەن کە سەرئێشەکەتان نەمێنێت. کاتێک کە سەرئێشەکەتان

چاکبووە. چۆن دەزانن کە کامەیان هۆکاری بوویێت؟ پێویستە ئێوە لەسەر کاریگەری هەردوو رێگاکان لێکۆڵینەوە بکەن بۆ ئەوەی ئەنجامی هەریەکەیان دیاریبکرێت وە بۆ دڵنیابوون لەڕاستی ئەنجامەکە. پێویستە ژمارەی نموونەکان بە ئەندازەییەک زۆر بێت

کە هەرجار هەمان ئەنجامی هەبێت سەبارەت بەڕادەی کاریگەری دوعاکردن. پێویستە دووربین لە بڕیاردانی پێشوەختە

لەسەرئەنجامەکە. بریاردانی پێشوەختە کاتێک روودەدات کە ئێوە هەوڵ دەدەن ئەوڕووداوانە بەبیرتان بهێنن کە لەگەڵ بۆچوونەکانتان یەک دەگرێتەوە و ئەوانی تر پشتگوێ دەخەن وە یان پاساویان بۆ دەهێننەوە. لەگەڵ دۆزینەوەی ئەو بەڵگانەی کە بۆچوونی ئێوە پشتڕاست دەکەنەوە پشت گوێ خستن و بەکەم زانینی ئەو بەڵگانە کە لەوانەیە بۆچوونەکانتان رەت بکەنەوە ئێوە وێنەیەکی دەستکاری کراو .ش دەکەنلە راستی پێشکە

«خودی جەوهەری دژەبەیەکی دوعا»

لەکاتی وردبوونەوە لە هێزی گریمانی دوعاکردن. باشتروایە بە گۆشە نیگایەکی فراوانتر بڕوانینە بابەتەکە. لە ژیانی رۆژانەمان شایەتی ئەوەین کە خەڵکێکی زۆر ئەمرن، کۆتایی بە ژیانی هاوسەرگیری

دەهێنێن ئیفلیج دەبن. کارەکانیان لە دەست دەدەن وە یان لەگەڵ هەژاری دەژین. ئەمە تێگەیشتنێکی لۆژیکیە کە بۆ

،باشترکردنی هەلومەرجەکانی ژیان خەلک پەنابەن بە دوعاکردن بەڵام هەرگیز وەڵام و یارمەتیەک لە خوا وەرناگرن. هەروەها بەرچاوتان بێت کە زۆربەی زۆری دوعاکان خۆویستانەن. ئەو کاتەیی منالّی خوشکتان ! پێویستی خێرا بە چاندنی دڵە وە ئێوە دوعا بۆی دەکەن. لە هەمان کاتدا کەسێکی تر بۆ زیندوومانەوەی کوڕەکەیی دەست بۆ دوعا بردووە کە لەوانەیە بەخشەری دڵ بێت بۆ منالّەکەی خۆشککتان. چ بۆ سەرکەوتن لە شەر دوعابکەیت

وە چ بۆ بردنەوەی تیپەکەتان لە یاری تۆپی پێ . هاوکات بۆ دۆڕاندنی لایەنەکەیی بەرامبەر دوعادەکەیت. بە لەبەرچاو گرتنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری کێشە و خەمە تایبەتیەکانی هەموو خەڵکی جیهان ئەم باوەڕە کە نەک تەنها خوا خۆی تێکەڵ بە

وردەکاری ژیانی تایبەتی ئێمە کردووە. بەڵکو پێدانی ئەولەویەت بۆ کێشەکانی ئێمە بەسەر کێشەی کەسانی تر کە ئەوانیش داوای .چارەسەری دەکەن. هەم خۆویستانەیە وە هەم نامەعقولە

ئەم بابەتە هەروەها دەکەوێتە داوی بە هەڵەدابردنەکانی ئایینی فێڵکەری تر زۆربەی باوەڕدارەکان بەم بڕوایە کە خوا میهرەبانە وە گوێ بە دوعاکانمان ئەدات. بۆجێبەجێ نەبوونی دوعاکانیان لەوانەیە ئەم پاساوانە بهێنینەوە

1. بە شێوەی دروست دوعات نەکردووە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## ئیمان و باوەڕەکەت لاوازە .2

### خوا وای پێ باشترە کە دوعاکەت جێبەجێ نەبێت (حیکمەتی تێدایە) .3

لە هەندێک لەو بیانووانە. تاوانەکە دەخەنە سەر ملی کەسی تووشبو بە ئازار و زەحمەت. واتە ئەگەر بەدروستی دوعایکردبا یاخود کەسێکی باش بوایە ئەوا تووشی ئەو ڕووداوە ناخۆشە نەدەبوو. وە یاخود ئەگەر لە ژیانی ئێستای ڕازی نییە ئەوا بە هۆی ناشارەزایی تێناگات کە چی بۆی باشترە. ئاستی تەوژمی ئەو تێکدانە دەروونیانە کە بەمجۆرە دەکرێت بخرێتە سەر تاک زۆرقورسە وە بە ئیدیعایەکی پوچ ناکرێت ئەم جۆرە ئەشکەنجە دەروونیانە رِوونبکرێنەوە. هەندێک لە خەلکی ئایینی بۆ هەڵهاتن لە دەست نائومێدی بەرهەم هاتوو لە ئەنجامی جیبەجێ نەبوونی دوعاکانیان هۆکارێکی تر دەدۆزنەوە بەم شێویە کە دەڵێن خوا بە سێ جۆر وەلامی دوعاکانمان دەداتەوە: «بەڵی ، نەخێر وە سەبرت هەبێت.» کەمێک لۆژیکی و ژیرانە دێتە بەرچاو. تا ، کاتێک کە

ئاشکرا دەبێت ئەم بیانووانە لە ئەساسەوە پووچن. لە راستیدا ئەم سێ وەڵامە دەکریت ئەنجامی هەمووجۆرە ڕووداوێک بگرێتەوە. یان ئێستا ئەنجامی دەبێت، یان دوایی وە یا خود هەرگیز. کەواتە هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان پاڕانەوەی ئێوە بۆ دەرگای

.خوا وە یان بۆ پارچە سابوونێک

# ئیسلام و چەند بابەتێک

«کاریگەریە خراپەکانی دوعا»

سەرەڕای کاریگەریە خراپەکانی.دەروونی بێ وەڵام مانەوەی دوعاکان. خودیی دوعاکردن دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو زەرەر بگەینێت بە خەڵک و کۆمەڵگا. بۆنموونە ئە دایک و باوکەی کە لە جییاتی چوون بۆ لای پزیشک پێیان باشە پەنا ببەن بە دوعاکردن. ئەوە بە جیدی ژیانی منداڵەکە دەخەنە مەترسیەوە. تەنها لە

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نزیککەی 140 منالًی نەخۆش لە نێوان ساڵەکانی 65 تاکو 1995 گییانیان لەدەست داوە بە هۆی ڕێگری کردنی دایک و باوک لە سوود وەرگرتن لە زانستی پزیشکی وە پەنا بردن بو دوعا کردن. لە کاتێکدا کە لە نەخۆشخانە دەکرا بە ربکرێن. بەهەمان شێوە هەرچەندە لەدوایئاسانی چارەسە

هەموو کارەساتەکان دوعاکردن یەکەم کاردانەوەی خەلکە. بەڵام بە گشتی بێسوودترین کاردانەوەشە. لە جیاتی دوعاکردن ئەگەر بتوانن وماوانخوێن یا پارە ببەخشن وە یاخود وەک خۆبەخش یارمەتی لێقە بکەن بە دڵنیاییەوە سوودی زۆر زیادترە. ئەمانە ئەو کارانەن کە .لەڕاستیدا دەتوانرێت یارمەتییدەری قوربانیانی کارەساتەکەبێت

«بۆچی خودا بوونی نییە لاپەڕە ٤٤-٤٧»

ئەو سەرچاوانەی سوودی لێ وەرگرتوون

1) Duesk, Jeffery A. «Study of the Therapeutic Effects of Intercessory

Prayer (STEP) in Cardiac Bypass Patients: A Multicenter Randomized

Trial of Uncertainty and Certainty of Receiving Intercessory Prayer.»

American Heart Journal 151, no. 4 (2006): 934-42.

2) Plous, Scott. The Psychology of Judgment and Decision Making.

McGraw-Hill, 1993.

3) Roe, Maureen. «10 Failed Attempts to Heal Children with Faith -

Listverse.» Listverse. July 30, 2013. Accessed September 14, 2014.

4) Swan, Rita. «Letting Children Die for the Faith.» Free Inquiry, De-

cember 31, 1998.

ئیستاش دەیسەلمێنین کە محمد جگە لەوەی ، خۆی بەمەسیح شوبهاندووە و خۆشی هەر اللهیە ، بەڵام ئەوەی سەیرە شتێکی دیکەیە کە تێیدا دووعا قبوڵ نابێت تەنیا لەکاتێکدا نەبێ تۆ سەڵاواتیش لێبەی لەسەر محمد ، ئینجا دووعا قبوڵدەبێ گەرنا الله خۆی توانای نییە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

سورة الأحزاب - اية 56

إِنَّ ٱللَّهَ وَمَلَٰٓئِكَتَهُۥ يُصَلُّونَ عَلَى ٱلنَّبِيِّۚ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ صَلُّواْ عَلَيۡهِ وَسَلِّمُواْ تَسۡلِيمًا

مەلایکەت و الله نوێژ لەسەر محمد دەکەن وەلحاڵێ کە هی الله ئەو جۆرە رکوع و سجدەیە نییە بەڵام هەر نوێژی بۆدەکا ، ئێ الله گەر هەمووشتێکی بەدەستە چ پێویست بەوە ئەکات ؟ لەڕاستیدا ، ئەمە لێدانە لە پایە و پێگەی خودی خوداوەند

وە دەبێت بڵێم سوودم لە کتێبی ئەخلاقی پێغەمبەری ئیسلامی دکتۆر پشتیوان وەرگرتووە بۆ ئەم بەشەیان ، وە بەگەڕانەوە بۆ ئەوێ شتانی زۆر زیاترتان سەبارەت بەم باسە دەست دەکەوێت

وەکو دکتۆر دەڵێت سەرتاپای ئیسلام شیرکە منیش بۆی زیاددەکەم و دەڵێم لام سەیرە کە خۆیان بە یەکتاپەرست ناوزەند دەکەن ، جێگای سەرنج و تێبینییە محمد پێگەیەکی خودایی هەیە لەناو ئیسلامدا ، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کارەساتێکی زۆر گەورەیە بۆ ئاینێک کە بەخۆی بڵێت یەکتا پەرست

یەک شتی تر ماوە کە تێیدا هاتووە محمد وەک الله مافی حەرامکردنی شتەکانی هەیە

سورة التوبة - اية 29

قَٰتِلُواْ ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَلَا يُحَرِّمُونَ مَا حَرَّمَ ٱللَّهُ وَرَسُولُهُۥ وَلَا يَدِينُونَ دِينَ ٱلۡحَقِّ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حَتَّىٰ يُعۡطُواْ ٱلۡجِزۡيَةَ عَن يَدٖ وَهُمۡ صَٰغِرُونَ

شتەکان لەمە ڕوونتر نابنەوە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## ئیسلام و زانست

زۆرجار دەبینین ئیسلام بەزۆر بەرگێکی زانستی بەبەردا دەکرێت ، سا بۆیە دەمەوێ لەم بەشەیاندا ئەوەندەی بتوانم بەخێرایی وەڵامی چەند ئیعجازێک بەمەوە ، کە مسوڵمانان مافی نکۆڵیکردنیان لێی نەبێت

سوودم لە بابەتی کەسانی دیکەی وەکو کاکە مەم و پەرتووکی قورئان وەک خۆی و سایتی ڕاسپار و هەندێک بەڕێزی تر وەرگرتووە ، بۆیە نامەوێ بیکەم بەبابەتی خۆم و بە سوپاس و پێزانینەوە یارمەتییەکی زۆریان داوم لەم بەشەیاندا و دەستکاری بابەتەکانم کردووە بەزیادکردنی بیروڕای خۆم بۆی جگە لە بابەتەکەی ڕاسپار.

سەرەتا بە ئیعجازێکی درۆینەی کۆرپەلەزانی دەست پێدەکەین

سورة المؤمنون اية 12 اية 13 اية 14

وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلإِنسَٰنَ مِن سُلَٰلَةٍ مِّن طِينٍ ثُمَّ جَعَلْنَٰهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ ثُمَّ خَلَقْنَا ٱلنُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا ٱلْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا ٱلْمُضْغَةَ عِظَٰمًا فَكَسَوْنَا ٱلْعِظَٰمَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَٰهُ خَلْقًا ءَاخَرَ فَتَبَارَكَ ٱللَّهُ أَحْسَنُ ٱلْخَٰلِقِينَ

سوێندبێت ئێمە مرۆڤمان لە دەرکێشێک لە قوڕ دروست کردووە

ئینجا کردوومانە بە تنۆکێک لە ڕاگرگەیەکی پتەو

ئینجا لە تنۆکەکە کلۆمان دروست کرد ، ئینجا لە کلۆکە لوقمەگۆشتێکمان دروستکرد ، ئینجا لە لوقمە گۆشتەکە ئینجا لە لوقمە گۆشتەکە ئێسکمان دروستکرد ، ئینجا ئێسکەکەمان بەگۆشت داپۆشی ئینجا بوونەوەرێکی ترمان هێنایە ئارا پیرۆزە الله باشترین دروستکار

# ئیسلام و چەند بابەتێک

سەرەتا دەمەوێ بڵێم الله بانگهەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ لە کلۆ خوێن دروستکراوە لەکاتێکدا کلۆخوێن ئەسڵەن نازیندووە. بەڵام مسوڵمانان هێشتا دەیانەوێ بەزۆر بیکەن بە ئیعجاز ، بابزانین ئەمە ئیعجازە یان کارەساتی زانستی

کلۆخوێن نازیندووە ئەمە هەڵەیەکی زانستی

وشەی (خلق) بەکارهێناوە لەڕووی لاهوتییەوە هەڵەیە کە بۆ ئافراندنی شتێک لە هیچەوە بەکاردێ کە دروستبوونی منداڵ لە تۆوی پیاو و هێلکۆکەی ژنە کە ئەمەش هەڵەیەکی تری زانستییە

ئێستا بابزانین ئەمە لەکوێوە هاتووە

لە ڕوانگەی ( ئەرستۆ ) وە یەکەم سپێرمی پیاو دووەم سپێرم و خوێنی ئافرەت سێهەم گۆشتێکی بیسەروسیما چوارم ئیسقان پێنجەم گۆشت بەدەوری ئێسقاندا تا ئێرە بۆمان ڕون بۆوە کە ( ئەرستۆ ) پێش ئیسلام ئەمەی لە قوڕعاندا وتراوە وتویەتی دەڵێت لە دەوری ئێسکەکانەوە گۆشت گەشەدەکەن وەلە ڕێگای ژێکانەوە بە ئێسکەکانەوە دەبەسرێتەوە

کاتێک (جۆزیف نیدهام) کە کتێبێکی لەسەر کۆرپەلە زانی نوسی لە ساڵی 1934 لەم کتێبەدا سەبارەت بە قورعان دڵێت قورعان ڕەنگدانەوەی تێڕوانینەکانی ( ئەرستۆ ) بەدی دەکرێت سایریل نیلگود لە مێژوی پزشکی فارسەکان و خەلافەتەکان دەڵێت ئەگەری زۆر هەیە محمد ئەم زانیارییەی لە (حارث ابن کلده) وەرگرتبێت کە عەرەبێکی دورگەی عەرەبیە بۆ ماوەیەک چووە لە (جوندی شاپور) زانستی پزشکی بخوێنێت لەدوای گەڕانەوەی لە مەککە نیشتەجێ بووە و بووە بە پزیشک عەرەبەکان و محمد کەسی ناردوە بۆلای بۆ چارەسەر کردن (ئەرستۆ)ش باسی قۆناغی سەرهەڵدانی ئێسک و دواتر ماسولکە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

دەکات وەک قورعان باسی دەکات (ئەرستۆ)ش دەڵێت یەکەمجار ئێسک دروست دەبێت دوای گۆشت

وێڕای هەموو ئەمانە پزیشکی یۆنانی ( گالین ) کە لە پێرگەمۆنی ئێستای تورکیا لەساڵی ( 129 ) ی زاین لەدایک بووە ( 500 ) ساڵ پێش سەرهەڵدانی ئیسلام ژیاوە زۆر بە وردبینانە تر باسی کۆرپەلە زانی کردوە ( گالین ) قۆناغەکانی گەشەی کۆرپەلەی کردوە بەم قۆناغانە

قۆناغەکانی کۆرپەلە لە قورئان ئاوی پیاو ئاوی ژن کە بە سپێرم ناوی بردوون ، هەردوکیان کاردەکەن لەسەر خوێن لە منداڵداندا ، گۆشتێکی بێسەرو سیما ، ئێسک ، دروست بونی گۆشت لە دەوری ئێسکەکان

کەواتە ئێستا ڕوونە کە ئەمە خۆی دزراوە لەڕاستیدا بۆ زانیاری زیاتر کە کاری من تەفسیرات نییە بگەڕێنەوە بۆ قورئان وەک خۆی بەشی17 لاپەڕە31بۆ38 بەتەواوی هەموو ئەوانە ڕوون دەکاتەوە

محمد خۆی تەفسیری ئەم ئایەتەمان بۆدەکات

صحيح البخاري 6595 ، صحيح مسلم 2646

وَكَّلَ اللَّهُ بالرَّحِمِ مَلَكًا، فيَقولُ: أيْ رَبِّ نُطْفَةٌ، أيْ رَبِّ عَلَقَةٌ ، أيْ رَبِّ مُضْغَةٌ ، فإذا أرادَ اللَّهُ أنْ يَقْضِيَ خَلْقَها، قالَ : أيْ رَبِّ، أذَكَرٌ أمْ أُنْثَى، أشَقِيٌّ أمْ سَعِيدٌ، فَما الرِّزْقُ، فَما الأجَلُ، فيُكْتَبُ كَذلكَ في بَطْنِ أُمِّهِ

لە نێو ڕەحمی ئافرەتدا، فریشتەیەک هەیە، دوای دروستبوونی کۆرپەلەکە ، بە چل و دوو ڕۆژ، ئەم فریشتەیە لەگەڵ خوا قسەدەکات و پرسیاری لێدەکات دەربارەی ڕەگەزی کۆرپەکە و ڕزق و

ڕۆزییەکەی و تەمەنی و ئایا خۆشحاڵە یا نا، ئەمانەش هەموو دەنووسێتەوە لە سکی دایکیدا

ئەم حەدیسە بەشێوەیەکی تریش هاتووە کە دوای 120 ڕۆژ ، لە دروستبوونی کۆرپەلەکە ئەوکات ئەم کۆرپەلەیە ، دەبێ بە پارچە گۆشتێ بەقەد پاروویەک بەڵام هەرکامیانبێ هەر هەڵەیە چون زانستی ئێستا ئەوەی سەلماندووە کە لەڕۆژی 56 دروستبوونی کۆرپەلە ئەوا کۆرپەلەکە ، کەسێکی کامڵ ئەندامە و بەس گەشەکردنی ماوە

بۆ دیاردەی ڕەگەزەکە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر زەقە چون لێکدانەوە زانستییەکان پێمان ناڵێن دوای 42 یان 120 ڕۆژ ڕەگەز دیاری دەکرێ بەڵکو دەڵێن

کاتێک کە تۆوی نێرینە جۆری وای هێلکۆکە دەپیتێنێت، کە لە جۆری ئێکس دایە، ئەوا کۆرپەکە کرۆمۆسۆمی جۆری ئێکس وای هەڵدەگرێت و نێرینە دەردەچێت، بەڵام: کاتێک کە تۆوی نێرینە جۆری ئێکسی هێلکۆکە دەپیتێنێت، کە لە جۆری ئێکس دایە، ئەوا کۆرپەکە کرۆمۆسۆمی جۆری ئێکس ئێکس هەڵدەگرێت و مێینە دەردەچێت

واتا ئەم کردەیە ڕاستەوخۆ دوای پیتێن ڕوودەدات و هیچ پێویستی بەوە نییە ئەو ماوە زۆرەی بەسەردا بڕوات ، تا فریشتەیەکی خوداوەند بێت و ڕەگەزی دیاری بکات و ڕسق و ڕۆزی و هتد بەفرمانی یەزدان

یاخود لێرەدا محمد زۆر بەزەقی هەڵەیەکی تری زانستی ئەکات

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## صحيح البخاري 3938

أنَّ عَبْدَ اللَّهِ بنَ سَلَامٍ، بَلَغَهُ مَقْدَمُ النبيِّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ المَدِينَةَ ،فأتَاهُ يَسْأَلُهُ عن أشْيَاءَ، فَقَالَ: إنِّي سَائِلُكَ عن ثَلَاثٍ لا يَعْلَمُهُنَّ إلَّا نَبِيٌّ ما أوَّلُ أشْرَاطِ السَّاعَةِ؟ وما أوَّلُ طَعَامٍ يَأْكُلُهُ أهْلُ الجَنَّةِ؟ وما بَالُ الوَلَدِ يَنْزِعُ إلى أبِيهِ أوْ إلى أُمِّهِ ؟ قَالَ: أخْبَرَنِي به جِبْرِيلُ آنِفًا قَالَ ابنُ سَلَامٍ: ذَاكَ عَدُوُّ اليَهُودِ مِنَ المَلَائِكَةِ، قَالَ: أمَّا أوَّلُ أشْرَاطِ السَّاعَةِ فَنَارٌ تَحْشُرُهُمْ مِنَ المَشْرِقِ إلى المَغْرِبِ، وأَمَّا أوَّلُ طَعَامٍ يَأْكُلُهُ أهْلُ الجَنَّةِ فَزِيَادَةُ كَبِدِ الحُوتِ، وأَمَّا الوَلَدُ فَإِذَا سَبَقَ مَاءُ الرَّجُلِ مَاءَ المَرْأَةِ نَزَعَ الوَلَدَ، وإذَا سَبَقَ مَاءُ المَرْأَةِ مَاءَ الرَّجُلِ نَزَعَتِ الوَلَدَ قَالَ: أشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ، وأنَّكَ رَسولُ اللَّهِ، قَالَ يا رَسولَ اللَّهِ: إنَّ اليَهُودَ قَوْمٌ بُهُتٌ فَاسْأَلْهُمْ عَنِّي، قَبْلَ أنْ يَعْلَمُوا بإسْلَامِي، فَجَاءَتِ اليَهُودُ فَقَالَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: أيُّ رَجُلٍ عبدُ اللَّهِ بنُ سَلَامٍ فِيكُمْ ؟ قالوا : خَيْرُنَا وابنُ خَيْرِنَا ، وأَفْضَلُنَا وابنُ أفْضَلِنَا، فَقَالَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: أرَأَيْتُمْ إنْ أسْلَمَ عبدُ اللَّهِ بنُ سَلَامٍ قالوا: أعَاذَهُ اللَّهُ مِن ذلكَ، فأعَادَ عليهم، فَقالوا: مِثْلَ ذلكَ، فَخَرَجَ إليهِم عبدُ اللَّهِ فَقَالَ: أشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلَّا اللَّهُ وأنَّ مُحَمَّدًا رَسولُ اللَّهِ، قالوا: شَرُّنَا وابنُ شَرِّنَا، وتَنَقَّصُوهُ، قَالَ: هذا كُنْتُ أخَافُ يا رَسولَ اللَّهِ

وێکچوونی منداڵ (بەگوێرەی ئەو لێکدانەوە نایابەی محەمەد) بە باوکی ئەو کاتە ڕوودەدات کە باوک پێش دایک بگاتە ترۆپکی چێژی سێکسی (ئۆرگازم). وە منداڵ بە دایکی دەچێت، ئەگەر دایکەکە پێش باوکی بگاتە ترۆپکی چێژی سێکسی، واتە بەکورتی مەسەلەکە دەبێتە پێشبڕکێ لەناو جێگەکەیاندا

من لێرە بەهەموو مسوڵمانێک دەڵێم تو ویژدانتان بەمە بووایە کامتان کچتان دەبوو ؟

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئێمە جینەکانی هەردوو باوانمان بۆ دەمێنێتەوە، ئەگەر بێت و یەکێک لە باوانمان جینێکی زاڵی هەبێت ئەوا ئەو سیفەتەی لێوەردەگرین (بەهۆی هەندێک کرداری زانراو لە زانستی بۆماوەیی)، خۆ هێشتا ،ئەگەر هەیە، کە سیفەتی جینە بەزیوەکە بۆ وەچەکە بگوێزرێتەوە بەڵام ڕوودانی ئەوە کەمترە، هەنێک جاریش ئەمە بەشێوەیەکی شێوەیەک هەڕەمەکی یاخۆ بەخت دەوری دەبێت، بەڵام بەهیچ پەیوەندی بەوە نییە ئاخۆ کێ یەکەم جار دەگاتە ترۆپکی چێژ

ئەمە درۆیەکی زەقی زانستییە کە هەمیشە دەیدەن بەگوێماندا ، و هەر خەریکی پینەکردنی ئەم باسانەن ، سا بۆیە هیچ کاتێکیان بۆ هۆشیاربوونەوە و تێگەیشتن نەماوە

زۆر جار گوێمان لێدەبێت کە دەڵێن، لە ئیسلامدا، یاخۆ لە قورئاندا زەوی بە گۆیی باسکراوە، و زۆرجار باس لە ئیعجازی ئەمە دەکرێت، بەڵام با پێکەوە سەیر بکەین و بزانین ئاخۆ ئەم بانگەشە !تاچەند لە ڕاستییەوە نزیکە

لە قورئان زۆر بە ڕوونی باسی ڕووی زەوی کراوە وەکوو پێکهاتوویەکی تەختانی، و لە چەندین شوێنەوە ئەم باسە جەختی لەسەر – کراوەتەوە، وەک لە قورئان دەڵێت: و الی الارض کیف سطحت الغاشیة 20. کە بە ڕوونی دەڵێت، ئایا سەیری زەویتان نەکردووە .چۆن تەخت کراوە! واتە بە گوێرەی ئەم ئایەتە زەوی تەخت کراوە بۆچوونی ئیعجازییەکان ئەوەیە، ئەم ئایەتە دەڵێت، زەوی تەختانەیە لە چاوی ئەو کەسانەی کە لەسەری دەژین، بەڵام، ئەگەر ئەم بانگەشەیان دروست بووایە، ئەوا دەبوایە ئایەتەکە بڵێت:و الی الارض کیف سطحت لکم! واتە، ئایا سەیری ئەو زەوییەتان نەکردووە چۆن بۆتان تەخت کراوە! هەڵەیەکی تری ئەم بۆچوونە ئەوەی، لە شوێنە

## ئیسلام و چەند بابەتێک

شاخاوییەکان زەوی هەرگیز تەخت دیار نابێت، ناشبێت ئەوەمان بیر بچێت کە دەوروبەری مەککە بە چیا داپۆشرابوو!

لە ڕاستیدا، چەندین جار، لە قورئان بە ڕاشکاوانە باس لە تەختانی زەوی کراوە، وەک (والارض مددناها) یان (و هو الذي مد الارض).
ئایا قورئان لەمە زیاتر چی پێدەکرێ تا تێمانبگەیەنێت کە زەوی تەختانەیە، قورئان زۆرینەی زۆری هاوماناکانی زمانی عەرەبی بۆ وشەی (تەخت) بەکارهێناوە!

لە تەفسیری ئەو ئایەتانە:

تەبەری:خوا زەوی تەخت کردووە و بە درێژی و پانی درێژی کردۆتەوە.

ئیبن کەسیر:واتە پان و پۆری کردووە بە درێژی و بە پانی.

قورتوبی: واتە زەوی تەخت کردووە بە درێژی و بە پانی، لەم ئایەتە قورئان بەرپەرچی ئەوانە دەداتەوە کە دەڵێن زەوی گۆییە، زەوی لای ئەهلی کیتاب و موسڵمانەکان تەختانەیە و جێگیرە.

ئەو زانا موسڵمانانە کۆنانەی کە شارەزاییان لە گەردووناسی نەبووە، وتوویانە:

قورتوبی: موسڵمان و ئەهلی کیتاب، دەڵێن زەوی تەختانەیە و جێگیرە (ناخولێتەو)ە

جەلالەددینی مەحەللی:بەگوێرەی وتەی قورئان، زەوی تەختانەیە، وە تەنها ئەهلی هەیئە (گەردووناسەکان) دەڵێن زەوی گۆییە.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

عبدالقاهری بەغدادی:ئەهلی سوننە کۆکن لەسەر ئەوەی کە زەوی تەختانەیەو لە هەر چوارلاوە کۆتایی هەیە، هەروەک کۆکیشن کە زەوی لە جێگەی خۆی چەسپاو و جێگیرە.

ئەیجی: زەوی تەختانەیە، تەنها بە بۆچوونی هەڵەی فەیلەسووفەکان زەوی گۆییە!

پرسیارەکە ئەوەیە، موسڵمانەکان کەی زانیيان کە زەوی گۆییە و چۆن؟ لەسەردەمی عەبباسییەکان (چاخی وەرگێڕان) زانا موسڵمانەکان هەڵسان بە وەرگێڕانی دەقە یۆنانییەکان، کە ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بە ڕێگای زانستی سەلماندبوویان کە زەوی گۆییە. زانای گریکی ئیراتۆستینیس، توانی بسەلمێنێ کە شێوەی زەوی گۆییە و چێوەکەشی پێوا، کە تەنها بە بڕی 1% هەڵەی تیابوو! کە ئەمە ئەنجامێکی زۆر چاکە بۆ ئەو کات.

کاتێک کە (بەناو) زانا موسڵمانەکان بۆیان ڕوونبۆوە زەوی گۆییە و تەختانە نییە، هەڵسان بە گۆڕینی واتای ئایەتەکان و لێکدانەوەیان بەشێوازی جیاجیا تا گۆیی بوونی بسەلمێنن. تا بەم شێوەیە هەڵەکانی قورئان بپۆشن. ئاماژەیان بەو ئایەتە کرد، بۆ سەلماندنی گۆیی زەوی (کە لە ڕاستیدا، ئەم ئایەتە هیچ سوودێک بە باتەتەکە ناگەیەنێت): (یکور اللیل علی النهار و یکور النهار علی اللیل و سخر الشمس و القمر کل یجري لاجل مسمی) بەڵام ئەم ئایەتە بە هیچ شێوەک ئەو واتایە نادات بە دەستەوە، خۆ نە ڕۆژ و نە شەو پێکهاتووی ماددی نینە تاوەکوو شێوەیان گۆیی ببێت! تەفسیری ئەو ئایەتە بەگوێرەی تەفسیرە گەورەکانی قورئان:

قورتوبی: زوحاک وتوویەتی:ئەم بەسەر ئەو دادەدا، ئەویتر بەسەر ئەم دادەدا. ئەوە واتای (تکویر) دەگەیەنێت لە زمانی عەرەبیدا، واتا

# ئیسلام و چەند بابەتێک

،پێدادانی شتێک بەسەر شتێکی تردا. دەڵێن (کور المتاع) واتە هەندێکیان بەسەر هەندێکیان دادا. ئیبن عەبباس لە واتای ئەو ئایەتە وتوویەتی، هەر چ لە شەو کەم بێتەوە دەچێتە سەر ڕۆژ و هەر چی لە ڕۆژ کەمبێتەوە دەچێتە سەر شەو! وە دەڵێن، (تکویر) بۆ شەو بەسەر ڕۆژدا، واتا داپۆشینیتی تا ڕووناکییەکەی نامێنێت. وە بۆ ڕۆژیش بەسەر شەو، واتا داپۆشینی شەو تا تارییەکەی دەڕوێتەوە، ئەمەش !وتەی قەتادەیە

ئیبن کەسیریش لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەڵێت: واتە هەردووکی دەستەبەر کردووە، ناوەستن، بە پەرۆشەوە داوای یەکتر دەکەن، وەک کە دەڵێت (یغشي اللیل النهار یطلبه حثیثا) ئەم واتایە لە ئیبن عەبباس و .قەتادە و سەدی و موجاهید و ئەوانیترەوە بیستراوە

تەبەڕیش دەڵێت:ئەمیان بەویان دادەپۆشێت، ئەویشیان بەم. هەروەک دەڵێت (یولج اللیل فی النهار و یولج النهار فی اللیل) بەم شێوەیەی کە لەم باسە باسمان کردووە، لێکدەرەوەکان وتوویانە، ئیبن عەبباس وتوویەتی، یکور اللیل علی النهار و یکور النهار علی اللیل، واتە شەو .لەڕۆژ باردەکا! لە قەتادەوە:ئەم ئەو دادەپۆشێ و ئەو ئەم دادەپۆشێ سەدی:ڕۆژ دەهێنێت و شەو دەبات، شەو دەهێنێت و ڕۆژ دەبات! ئیبن زەید:کاتێک شەو دەبات و ڕۆژی بەسەر دادات، وە ڕۆژ دەبات و .شەوی بەسەر دادەدات

هەروەک دەبینن، ئەم ئایەتە هیچ پەیوەندییەکی بە گۆیی بوونی زەوی نییە، نە لە نزیکەوە نە لەدوورەوە! هەر بۆیەشە ئیعجازییە :تەڵەکەچییەکان بۆ سەلماندنی پڕوپاگەندەکەیان پەنا دەبەن بۆ ئەم ئایەتە

رب المشارق و رب المغارب. تەفسیری ئەم ئایەتەش لە تەفسیرە
بەناوبانگەکان ئاوایە:

تەبەری: ئیبن عەبباس وتوویەتی:ڕۆژ لە ساڵێکدا، لە 365 شوێنی
جیاوازەوە هەڵدێت، و لە 365 شوێنی جیاوازیشەوە ئاوا دەبێت، هیچ
شوێنێک دووبارە نابێتەوە، تەنها دوای تێپەڕبوونی ساڵێک نەبێت.
قەتادە دەڵێت:ڕۆژهەڵاتی ڕۆژ لە زستان و هاوین.
سەدی:ڕۆژهەڵاتەکان 365 ڕۆژهەڵاتن، ڕۆژئاواکانیش وەکوو ئەو،
بە ژمارەی ڕۆژەکانی ساڵ.

ئیبن کەسیر: واتە، ئەوەی زەوی و ئاسمانەکانی دروستکردووە.
ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای دروستکردووە. وە ئەستێرەکانی
درووستکردووە، لە ڕۆژهەڵاتەکانییەوە دەردەکەون و لە
ڕۆژاواکانیانەوە گووم دەبن.

قورتوبی: واتە، ئەو خاوەنی ڕەهای ئەو دروستکراوانەیە.
بەدەسەبەرکردنی ئەوەی تیایدایە، وەک هەسارەو گەڕۆکەکان و
جێگیرەکان، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دەردەکەون و لە ڕۆژاواوە ئاوا دەبن.
ئیبن عەبباس، خۆر هەر ڕۆژەی ڕۆژهەڵاتێک و ڕۆژاوایەکی هەیە.
ئەوەش چونکە خوا 365 شوێنی بۆ درووستکردووە لە ڕۆژهەڵات و
بەهەمان چەشنیش لە ڕۆژاوای، هەر ڕۆژەی لە یەکێکیان هەڵدێت و لە
یەکێکیان ئاوا دەبێت، هیچ شوێنێک دووبارە نابێتەوە، تەنها دوای
تێپەڕبوونی ساڵێک نەبێت.

سەرەڕای ئەو لێکدانانەوانە و گێڕانەوانە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنین،
مەبەست بەمە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاواکانی ڕۆژێک نییە، ئەوا
ئایەتێکی تر هەیە لە قورئان دەڵێ (رب المشرقین و رب المغربین)
واتە خوای دوو ڕۆژهەڵاتەکە و دوو ڕۆژاواکە. وەهەروەها بە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

شێوەی تاکیش هەیە، دەڵێت (رب المشرق و رب المغرب) واتە خوای ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا.

هەر بۆیەشە هەندێکی تر لە ئیعجازییەکان پەنایان بۆ ئایەتێکی تر بردووە، کە دەڵێت (والارض بعد ذلك دحاها) ئایا ڕاستە (دحاها) واتە کردوویەتی بە گۆ؟ تەفسیری ئەم ئایەتە بە گوێرەی تەفسیرە بەناوبانگەکان:

تەبەڕی: دحو: واتە پان و تەخت کردن لە زمانی عەرەبی، قەتادە و سەدی و سوفیانی سەوری وتوویانە:تەختی کردووە.

ئیبن کەسیر: لە ئیبن عەبباسەوە: دحاها و دحیها:واتە ئاو و ڕۆزی تیا دەرهێناوە و ڕووبارەکانی تیا شەق کردووە. چیاو خۆڵی لێدروستکردووە.

قوڕتوبی: دحاها: واتە پانی کردەوە.

عەرەب دەڵێن:دحوت الشئ ادحوە دحوە، ئەگەر پانی بکاتەوە.

بە هێلانەی وشترمرخ دەڵێن ادحیە، چونکە بە پێکانی پانی دەکاتەوە لەسەر زەوی.

فەرهەنگە عەرەبییەکان لە بارەی وشەی دحاها، دەڵێن:

الوسیط: دحا الشیء، پان و پۆڕی کردووە.

القاموس المحیط: دحا الله الارض: پانی کردووە.

ادحیە و ادحوە:هێلانەی وشترمرخ لە نێو خۆڵ.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لسان العرب: الادحی:هێلانەی وشترمرخ لە نێو خۆڵ، چونکە وشترمرخ هیچ هێلانەیەکی نییە، بۆیە بە پێکانی زەوی پان دەکاتەوە و ڕاستی دەکات

ئەگەر سەیری ئەم هەموو بەڵگانە بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە دحاها واتە تەختی کردووە، نەوەک هێلکەیی کردووە

ئاگادار بە، ئەو ئیعجازییە قۆڵبڕانە فێڵت لێدەکەن، ئەوانە پشت دەبەستن بە فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی بۆ سەلماندنی بیروبۆچوونەکەیان

دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ مانای وشەی الأدحوە لەگەڵ دحا کە ڕێک سەلمێنەری ئەوەیە ئەم باسە جگە لە درۆیەک زیاتر هیچی دیکە نییە

خڕی زەوی هەتا وەکو ساڵی 1522 کێشە لەسەر بوو ، دواتر لە دوای گەشتەکەی ماجەلان کێشەی لەسەر نەما ، وە ئەمە بەهەمان شێوە دەقەکانی تەورات ئاماژەی پێدەکەن سا بۆیە زۆر ڕوونە چونکە خودی قورئان هەموو شتێکی لە تەورات و ئینجیل و تەلمودەکان و ئەفسانەکان وەرگرتووە ، هێشتاش یەن نکۆڵی دەکەن و دەیکەن بەزانست لە ئێمە ، بەڕاستی وەڵامدانەوەی درۆ سەرئێشەیەکی زۆر گەورەیە

بابەتێکی دی

قورئان پڕیەتی لە هەڵەی زۆر زۆر زەق یەک لە هەڵە هەرە زەقەکانی قوڕئان، ئەو باوەڕەیە، کە مرۆڤ بەهۆی دڵییەوە بیردەکاتەوە نەوەک مێشکی ئەم هەڵەیە باوبووە لەلایەن پێشینەکان.هەر بۆ نموونە فیرعەونییەکان لە کاتی مۆمیاکردن مێشکەکانیان فڕێدەدا چونکە وایان دەزانی هیچ سوودێکی نییە، و دڵەکانیان دەهێشتەوە، چونکە وایاندەزانی کە ئەمە سەرچاوەی بیرکردنەوەیە. گەر سەیری زمانی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

عەرەبی یان کوردی بکەین، ئەوا شوێنپێی ئەوە هەر ماوە، هەروەک دڵ بۆ سۆز و هەست بەکار دەینین. محەمەدیش هەمان ئەو هەڵانەی لە قورئانەکەی باسکردووە و جەختیکردووە لەسەر ئەوەی کە دڵ شوێنی بیرکردنەوە و زانین و تێڕامان و هەست و ئیمانە، نەوەک مێشک.
وەک لە قورئاندا دەڵێت:

سورة الأعراف - اية 179

وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ ۖ لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ ءَاذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَآ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ كَٱلْأَنْعَٰمِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْغَٰفِلُونَ

تێیدا دەڵێ : ئەوانە دڵێکیان هەیە کە پێی تێناگەن و چاوانێکیان هەیە کە پێیانەوە نابینن

سورة الأنعام - اية 25

وَمِنْهُم مَّن يَسْتَمِعُ إِلَيْكَ ۖ وَجَعَلْنَا عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ أَكِنَّةً أَن يَفْقَهُوهُ وَفِىٓ ءَاذَانِهِمْ وَقْرًا ۚ وَإِن يَرَوْا۟ كُلَّ ءَايَةٍ لَّا يُؤْمِنُوا۟ بِهَا ۚ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوكَ يُجَٰدِلُونَكَ يَقُولُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِنْ هَٰذَآ إِلَّآ أَسَٰطِيرُ ٱلْأَوَّلِينَ

تێیدا هاتووەکە : لەسەر دڵەکانیانەوە مۆرێکمان داناوە تا تێنەگەن و لەسەر گوێچکەکانیان بەربەستێک

سورة محمد - اية 24

أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَآ

دەڵێت : ئایا لە قورئان ڕانامینێن یان دڵتان قوفڵی لەسەرە

سورة الحج - اية 46

# ئیسلام و چەند بابەتێک

أَفَلَمۡ يَسِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَتَكُونَ لَهُمۡ قُلُوبٞ يَعۡقِلُونَ بِهَآ أَوۡ ءَاذَانٞ يَسۡمَعُونَ بِهَاۖ فَإِنَّهَا لَا تَعۡمَى ٱلۡأَبۡصَٰرُ وَلَٰكِن تَعۡمَى ٱلۡقُلُوبُ ٱلَّتِي فِي ٱلصُّدُورِ

دەڵێت : ئایا بە زەویا گوزەرتان نەکردووە تا دڵانێکتان هەبێت پێی تێیفکرن، یان گوێچکەگەلێک پێی گوێتان لێبێت، خۆ ئەو چاوانتان کوێر ناکا، بەڵکوو دڵانتان کوێردەکا ئەوەی لە سینەتانە

آل عمران 154 و سورة التغابن - اية 4

وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِذَاتِ ٱلصُّدُورِ

دەڵێن : خوا زانایە بەوەی لە سینگتانایە

سورة آل عمران - اية 118

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ بِطَانَةٗ مِّن دُونِكُمۡ لَا يَأۡلُونَكُمۡ خَبَالٗا وَدُّواْ مَا عَنِتُّمۡ قَدۡ بَدَتِ ٱلۡبَغۡضَآءُ مِنۡ أَفۡوَٰهِهِمۡ وَمَا تُخۡفِي صُدُورُهُمۡ أَكۡبَرُۚ قَدۡ بَيَّنَّا لَكُمُ ٱلۡأٓيَٰتِ إِن كُنتُمۡ تَعۡقِلُونَ

واتە: غەزەب لە دەمیانەوە دیارە و سنگەکانیان زۆریان بۆ ناشارێتەوە

سورة النمل - اية 74

وَإِنَّ رَبَّكَ لَيَعۡلَمُ مَا تُكِنُّ صُدُورُهُمۡ وَمَا يُعۡلِنُونَ

دەڵێت : خوداکەت دەزانێت چی لە سینەیان دەشارنەوە و چی ئاشکرا دەکەن

خۆ حاڵی حەدیسەکانی محەمەدیش چ لە قورئانەکەی باشتر نییە، لە حەدیسەکانیشی دەڵێت:

البخاري 3887 ، مسلم 164

بَيْنا أنا عِنْدَ البَيْتِ بيْنَ النَّائِمِ والْيَقْظانِ، إذْ سَمِعْتُ قائِلًا يقولُ: أحَدُ الثَّلاثَةِ بيْنَ الرَّجُلَيْنِ، فَأُتِيتُ فانْطُلِقَ بي، فَأُتِيتُ بطَسْتٍ مِن ذَهَبٍ فيها مِن ماءِ زَمْزَمَ، فَشُرِحَ صَدْرِي إلى كَذا وكَذا، قالَ قَتادَةُ: فَقُلتُ لِلَّذِي مَعِي ما يَعْنِي قالَ: إلى أسْفَلِ بَطْنِهِ، فاسْتُخْرِجَ قَلْبِي، فَغُسِلَ بماءِ زَمْزَمَ، ثُمَّ أُعِيدَ مَكانَهُ، ثُمَّ حُشِيَ إيمانًا وحِكْمَةً، ثُمَّ أُتِيتُ بدابَّةٍ أبْيَضَ يُقالُ له: البُراقُ، فَوْقَ الحِمارِ، ودُونَ البَغْلِ، يَقَعُ خَطْوُهُ عِنْدَ أقْصَى طَرْفِهِ، فَحُمِلْتُ عليه، ثُمَّ انْطَلَقْنا حتَّى أتَيْنا السَّماءَ الدُّنْيا، فاسْتَفْتَحَ جِبْرِيلُ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، فقِيلَ: مَن هذا؟ قالَ: جِبْرِيلُ، قيلَ: ومَن معكَ؟ قالَ: مُحَمَّدٌ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، قيلَ: وقدْ بُعِثَ إلَيْهِ؟ قالَ: نَعَمْ، قالَ: فَفَتَحَ لَنا، وقالَ: مَرْحَبًا به ولَنِعْمَ المَجِيءُ جاءَ، قالَ: فأتَيْنا علَى آدَمَ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، وساقَ الحَدِيثَ بقِصَّتِهِ، وذَكَرَ أنَّه لَقِيَ في السَّماءِ الثَّانِيَةِ عِيسَى، ويَحْيَى عليهما السَّلامُ، وفي الثَّالِثَةِ يُوسُفَ، وفي الرَّابِعَةِ إدْرِيسَ، وفي الخامِسَةِ هارُونَ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، قالَ: ثُمَّ انْطَلَقْنا حتَّى انْتَهَيْنا إلى السَّماءِ السَّادِسَةِ، فأتَيْتُ علَى مُوسَى عليه السَّلامُ، فَسَلَّمْتُ عليه، فقالَ: مَرْحَبًا بالأخِ الصَّالِحِ والنبيِّ الصَّالِحِ، فَلَمَّا جاوَزْتُهُ بَكَى، فَنُودِيَ: ما يُبْكِيكَ؟ قالَ: رَبِّ، هذا غُلامٌ بَعَثْتَهُ بَعْدِي يَدْخُلُ مِن أُمَّتِهِ الجَنَّةَ أكْثَرُ ممَّا يَدْخُلُ مِن أُمَّتِي، قالَ: ثُمَّ انْطَلَقْنا حتَّى انْتَهَيْنا إلى السَّماءِ السَّابِعَةِ، فأتَيْتُ علَى إبْراهِيمَ، وقالَ في الحَديثِ: وحَدَّثَ نَبِيُّ اللهِ صَلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ، أنَّه رَأَى أرْبَعَةَ أنْهارٍ يَخْرُجُ مِن أصْلِها نَهْرانِ ظاهِرانِ، ونَهْرانِ باطِنانِ، فَقُلتُ: يا جِبْرِيلُ، ما هذِه الأنْهارُ؟ قالَ: أمَّا النَّهْرانِ الباطِنانِ فَنَهْرانِ في الجَنَّةِ، وأَمَّا الظَّاهِرانِ: فالنِّيلُ والْفُراتُ، ثُمَّ رُفِعَ لي البَيْتُ المَعْمُورُ فَقُلتُ: يا جِبْرِيلُ ما هذا؟ قالَ: هذا البَيْتُ المَعْمُورُ يَدْخُلُهُ كُلَّ يَومٍ سَبْعُونَ ألْفَ مَلَكٍ، إذا خَرَجُوا منه لَمْ يَعُودُوا فيه آخِرُ ما عليهم، ثُمَّ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

،أُتِيتُ بإناءَيْنِ أحَدُهُما خَمْرٌ، والآخَرُ لَبَنٌ، فَعُرِضا عَلَيَّ فاخْتَرْتُ اللَّبَنَ فقِيلَ: أصَبْتَ أصابَ اللَّهُ بكَ أُمَّتُكَ علَى الفِطْرَةِ، ثُمَّ فُرِضَتْ عَلَيَّ :كُلَّ يَومٍ خَمْسُونَ صَلاةً، ثُمَّ ذَكَرَ قِصَّتَها إلى آخِرِ الحَديثِ. وفي رواية وزادَ فِيهِ : فَأُتِيتُ بطَسْتٍ مِن ذَهَبٍ مُمْتَلِئٍ حِكْمَةً وإيمانًا، فَشُقَّ مِنَ .النَّحْرِ إلى مَراقِّ البَطْنِ، فَغُسِلَ بماءِ زَمْزَمَ، ثُمَّ مُلِئَ حِكْمَةً وإيمانًا

،ئەم حەدیسە باسی سینگ شەقکردنی محەمەد دەکات لەلایەن جبریلەوە کە چۆن دڵەکەی بۆ پڕ کردووە لە ئیمان

مسلم المسند الصحيح 2564

التقوى ههنا، و يشير الى صدره ثلاث مرات

تەقوا لێرەدایە، سێ جاران ئاماژەی بۆ سینگی کرد

هەروەک لەو فەرموودانە و ئایەتانە بۆمان دەرکەوت، شوێنی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و ئیمان دڵە نە مێشك، تەنانەت جارێکیش نە لە حەدیس نە لە قورئان نەهاتووە، کە مێشک ئەو ئەندامە بێت کە بەرپرسی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەست و ئیمانە خۆ ئێمە، ئێستا هیچ گومانمان نییە، کە بیرکردنەوە لە مێشکە نەوەک دڵ، دڵیش جگە لە پەستێنەری خوێن چیتر نییە. وەک وتمان، دڵ پەستێنەری خوێنە و فەرمان لە مێشکەوە وەردەگرێت و بەگوێرەی ئەو فەرمانانە خێرایی ،لێدانەکەی ڕێکدەخات. دڵ وەک ئەندامەکانیتر (گەدە، پەنکریاس قۆڵۆن) لەڕێگەی دەمارەوە بە مێشکەوە بەستراوەتەوە بۆ ڕێکخستنی کردارەکانیان. بەڵام داخەکەم هەندێک دەججال و ئیعجازی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو دەمارەی نێوان مێشک و دڵ، بەڵگەی ئەوەیە کە دڵ شوێنی بیرکردنەوەیە خۆ ئەگەر ئەوە قەبووڵ بکەین، خۆ ئەوە مانای ئەوەیە ئێمە بە گەدەشمانەوە بیردەکەینەوە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

باشە، خۆ ئەگەر دڵ شوێنگەی ئیمان و باوەڕبێت، ئەگەر دڵی مەسیحییەک بێنین و لە لەشی موسڵمانێکی دابنێین، ئەو موسڵمانە دەبێتە مەسیحی؟ ئەگەر دڵ شوێنی بیرکردنەوەبێ، ئەی باشە مرۆڤ بیرکردنەوە لەدەست دەدات، ئەگەر دڵی دەسکردی بۆ دابنێین؟ مێشکی لەدەست دەدا؟ هەستی لەدەست دەدا؟ دەبێتە مولحید؟ ئەگەر مرۆڤ لەسەر ئایینی خۆی بمێنێتەوە، دوای چاندنی دڵی دەسکرد، یا هۆشی لەدەست نەدا، ئەوا واتە شوێنی هۆش و بیرکردنەوە و ئیمان لە مێشکە نەوەک دڵ

خۆ ئەگەر مرۆڤ شوێنێکی مێشکی تووشی شۆک بێت، ئەوا تووشی ،چەند ڕەنگدانەوەیەک دەبێت لە لەشی، وەک یادگارییەکان لەبیردەکات یا کەیانی خۆی لەدەست دەدات، مێشکی لەدەست دەدات، هەستی لەدەست دەدات، بەڵێ ئەوە بەڵگەیە کە مێشک بەرپرسە لە هەموو ئەو شتانە نەوەک دڵ

ئەمڕۆ کەسێک نییە بڵێت کە بیرکردنەوە، بە مێشکە، ئەوە بووە بە بەشێک لە ڕابردوو، کەسێک نییە بەمە بڕوابکات، مەگەر مێشکی بەو دەججال و خوێنمژانەوە نەفرۆشتبێت. خۆ ئەگەر ئەو قوڕئانە لەلایەن دروستکەری ئەم گەردوونەوە هاتبێت، هەڵەی ئاوای تیادا نەدەبوو

وەڵامی ئیعجازی ژمارەیی لە قوڕئان بە پێنووسی عەباس عەلی

ئەم ئیعجازە لە یەکێک لە یانە گفتوگۆییەکان وەرگیراوە، ئەم جۆرە .ئیعجازە زۆر باوە و لە زۆرانێک لە ماڵپەڕەکان ئاماژەی بۆ دەکرێت پێش وەڵامدانەوەی، دەقی ئیعجازەکەتان بۆ دەنووسم، تا ئەو سەیروسەمەرەیە بە یەکەوە ببینن

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## ئیعجازی ژمارەیی لە قورئان

خوای تەعالا لە کتابەکەی زۆرانێک شتی باسکردووە، کە ڕووی ئیعجازی قورئان پیشان دەدەن.زانستی نوێی سەردەم بەهەموو تەکنیکەکانی گەورەیی ئەو پەڕتووکەمان بۆ دیاردەکا. جا با لێرانە سەرێک لە ئیعجازە ژمارەییەکان بدەین، کە زانایان باسیان کردووە و لێیان کۆڵیوەتەوە و هاوسەنگییەکی سەیریان تیا بینیووە.

الدنیا 115 جار لە قوڕئان هاتووە الآخرة 115 جار لە قوڕئان هاتووە ========

الملائکة 88 جار لە قوڕئان هاتووە الشیاطین 88 جار لە قوڕئان هاتووە ========

الحیاة 145 جار لە قوڕئان هاتووە الموت 145 جار لە قوڕئان هاتووە =========

واتاکانی بەسوود (المنفع) جار لە قوڕئان هاتووە واتەکانی تێکدەر (المفساد) جار لە قوڕئان هاتووە =========

الناس 368 جار لە قوڕئان هاتووە الرسل 368 جار لە قوڕئان هاتووە =========

إبلیس 11 جار لە قوڕئان هاتووە خۆ پاراستن لە ئیبلیس (الاستعاذە من ابلیس) 11 جار لە قوڕئان هاتووە ==========

المصیبة 75 جار لە قوڕئان هاتووە الشکر 75 جار لە قوڕئان هاتووە ===========

الأنفاق 73 جار لە قورئان هاتووە الشكر 73 جار لە قورئان هاتووە
============

الضالون 17 جار لە قورئان هاتووە الموتى 17 جار لە قورئان هاتووە
=============

المسلمون41 جار لە قورئان هاتووە الجهاد 41 جار لە قورئان هاتووە
=============

الذهب 8 جار لە قورئان هاتووە الترف 8 جار لە قورئان هاتووە
=============

السحر 60 جار لە قورئان هاتووە الفتنة 60 جار لە قورئان هاتووە

الزكاة32 جار لە قورئان هاتووە البركة 32 جار لە قورئان هاتووە
العقل 49 جار لە قورئان هاتووە النور49 جار لە =========
قورئان هاتووە ========== اللسان 25 جار لە قورئان هاتووە
========== الموعظة 25 جار لە قورئان هاتووە

الرغبة 8 جار لە قورئان هاتووە الرهبة 8 جار لە قورئان هاتووە
الجهر16 جار لە قورئان هاتووە العلانية ==============
جار لە قورئان هاتووە ============ الشدة 114 جار 16
لە قورئان هاتووە الصدر114 جار لە قورئان هاتووە
=============

محمد 4 جار لە قورئان هاتووە الشريعة 4 جار لە قورئان هاتووە
==============

# ئیسلام و چەند بابەتێک

الرجل 24 جار لە قورئان هاتووە المرأة 24 جار لە قورئان هاتووە
===============

الصلاة 5 جار لە قورئان هاتووە الشهر12 جار لە قورئان هاتووە
=============== اليوم 365 جار لە قورئان هاتووە

البحر 32 جار لە قورئان هاتووە البر 13 جار لە قورئان هاتووە

وشەی دەریا (واتە ئاو) لە قورئان 32 جار هاتووە، و وشەی وشکایی 13 جار. ئەگەر هەردوو ژمارەکە کۆبکەینەوە، ئەوا ژمارە 45مان دەستدەکەوێت. ئەگەر هەڵساین بە کردارێکی بچووکی بیرکاری، وەک ئەوەی خوارەوە:

ژمارەی وشەی دەرای (دابەش)ژمارەی وشەی وشکانی (جاران) 100% ==> 32 ÷13 × 100% = 71,1111111111 %

ژمارەی وشەی وشکانی (دابەش) ژمارەی وشەی دەریا (جاران) 100% 13 ÷ 45 × %100 = 28,8888888889 %

ئاوەها لەم هاوکێشە سادەیە، ئەو ئەنجامە موعجیزەییە دەردەچێت، لە پێش چواردە سەدە ئەمە وتراوە، کە زانستی تازە، گەیشتۆتە ئەوەی کە:

% ڕێژەی ئاو لە گۆی زەوی = 71,1111111111

% وە ڕێژەی وشکانی لە گۆی زەوی = 28,8888888889

ئەگەر هەردوو ژمارەکەش کۆ بکەینەوە، ئەوا ڕێژەی 100%مان بۆ دەردەچێت. کە ئەمەش ڕێژەی گشتی گۆی زەوییە.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئایا چی دەڵێین بۆ ئەم ئیعجازە؟ ئایا ئەوە سودفەیە؟ کێ ئەو شتانەی بە محمد وت؟ کێ ئەو زانستەی بە محەممەدی چل ساڵەی نەخوێندەوار وت؟

تاوەکوو ئێرانە، دەقی ئیعجازە درۆیینەکەی قورئانە، وە لێرەوە :بەرپەرچی ئەو ئیعجازە درۆیینانە دەدەینەوە

سەرەتا، پێش ئەوەی دەست بە باسەکەمان بکەین، پێم باشە لەسەر :هەندێک خاڵ جێگیر ببین

ئەگەر وشەیەکمان بە سادەیی وەرگرت، ئەوا پێویستە وشەکەی بەرامبەریشی بە سادەیی وەرگرین، واتە، ئەگەر (بەهەشت – الجنە) .النار) بێت–وەرگرین، ئەوا بەرامبەرەکاەی پێویستە (دۆزەخ

بەڵام ئەگەر وشەیەکمان، بەهەموو شێوەیەکی وەرگرت، ئەوا پێویستە ،وشەکەی بەرامبەریشی بەهەموو شێوەکانی وەرگرین، وەک (مردن ،هتد)بەرامبەریشی (ژیان…دەمرن، مردوو، گیاندەرچوون، بمانمرێنە هتد) – (الموت: یموتون؛ أمواتا؛ الموتة؛.…دەژی، دەیانژیێنین، دەژین (الخ.…الخ)بەرامبەریشی (الحیاة: یحیي؛ لنحیینهم؛ تحیون.…أمتنا

ئەگەر، بە یاسای دژێتی کارمان کرد، ئەوا پێویستە لە وشەکەی بەرامبەریشی بەهەمان یاسای دژێتی کاربکەن، واتە، ئەگەر فریشتەمان وەرگرت، ئەوا پێویستە لە بەرامبەرەکەی جنۆکە یان ،شەیتان یان مرۆڤ وەرگرین، نەوەک شەیتانی جنۆکەیی و مرۆیی .چونکە فریشتە شتێکە و مرۆڤ شتێک و جنۆکە شتێکیتر

# ئیسلام و چەند بابەتێک

،بۆ ژمێریاری، ئەو ڕێگایە بەکاربێنین، کە شەرع خۆی بەکاری دێنێت
.واتە بۆ ژمارەی ڕۆژ و مانگ و ساڵی هەیڤی (قەمەری)

.خستنەسەرو (اضافة) و ناساندن و کۆ، کارناکاتە سەر وشە

ئەگەر ئەم شێوازەمان بەکاربرد و بینیمان کە ئیعجازەکە بە تەواوی ڕاستە، ئەوا باوەڕی پێدەکەین، ئەگەرنا، ئەوا هیچ. واتە، یەک یاسای گشتگیر، بۆ هەموو وشەکان بەکارببەین، نەوەک بۆ وشەیەک یاسایەک و بۆ وشەیەکی تر یاسایەکی ترو ئاوەها. چونکە ئەوە تەنها سەرلەخۆشێواندن و درۆکردنە لەگەڵ خەڵکی. لەوانەیە خوێنەر بپرسێت، بۆ دەتەوێ یاساکانی خۆت بەسەر ئەو بابەتە زاڵبکەی؟ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە نییە، بەڵکوو، ئەو کەسەی کە باسی ئەو ئیعجازە دەکا، لەسەری پێویستە یاساکانی خۆی بێنێتە پێشەوە کە ئەم ئەنجامانەی ،لێوە وەدەستکەوتووە، نەوەک هەر وشەو بەشێوازێک بیژمێرێت !چونکە پەڕتووکی خوا پێویستی بە فڕوفێڵ نییە بۆ سەلماندنی ڕاستێتی

جا با باسی ئەوە بکەین، کە چییان نووسیوە و بە ملی زاناکانییان داهێناوە، ڕاستییەکەی هەم لە ژماردنەکەی و هەم لە شێوازەکەی :کێشەمان هەیە. هەڵە مەنهەجییەکەی لەمانە خۆی دەبینێتەوە

النفع (سوود) لە قورئاندا دژی تێکدان (الفساد) نییە، بەڵکوو دژی .زەرەر (الضر) دەبێت، وە چاککردن(الصلاح) دژی تێکدانە

خەڵک (الناس)، بەرامبەرەکەی پێغەمبەران (رسل) نیین، بەڵکوو .جنۆکەیە (الجن)

موسیبەت (المصیبة)، بەرامبەرەکەی شوکرانە (الشکر) نییە، بەڵکوو شوکرانە، ناشوکری (البطر) و موسیبەت ئارامی (الصبر) بەرامبەر .دەبێتەوە

بەخشین (الانفاق)، بەرامبەرەکەی شوکر (الشکر) نییە، بەڵکوو دەستبگری (البخل، الشح او الامساك).

گومڕایان (الضالون) بەرامبەرەکەی مردووان (الموتی) نییە، بەڵکوو ڕێنوێنکراوانە (المهتدون)، وە مردووانیش بە زیندووان بەرامبەر دەبێتەوە (الاحیاء).

موسڵمانان (المسلمون) بەرامبەر نابێتەوە لەگەڵ (الجهاد) بەڵکوو لەگەڵ بێباوەڕان و بتپەرستان و دووڕووان (الکافرون و المنافقون و المشرکون) بەرامبەر دەبێتەوە.

زێڕ (الذهب) بەرامبەرەکەی زیادەڕۆیی (الترف) نییە، بەڵکوو زیوە (الفضة) زیادەڕۆییش بەرامبەرەکەی زوهدە.

(الشدة) بەرامبەرەکەی سنگ (الصدر) نییە، بەڵکوو باری ناخۆش ئارامگری (الصبر).

ئاشکرایی (العلانیة) بەرامبەرەکەی جاڕدان (الجهر) نییە، بەڵکوو پەنهانی (الإسرار).

لێرەوە بەدواوە، وەڵامی ئیعجازەکان دەدەمەوە و دەسەلمێنم، کە ژماردنەکانیشیان فڕوفێڵی تیادابووە:

،ئەو نووسەرە دەڵێ هەریەک لە دنیا و ئاخیرەت 115 جار هاتووە ئەمەش هەڵەی مەنهەجی تیایە،هەردوو وشەی (الدنیا) و (الاخرە) بە ساکاری وەرگرتووە، بەبێ گوێدانە واتاکەی و ژماردنی خستنە سەرییەکان (الإضافة). الدنیا لێرانە، بەو مانایە دێت، کە دژی واتای (ڕۆژی دوابییە)، بەڵام ئەم نووسەرە، هەڵساوە بە وەرگرتنی هەموو وشەکانی الدنیا، لە عەرەبی وشەی الدنیا بە چەند مانایەک دێت

# ئیسلام و چەند بابەتێک

(نزیکتر، نزمتر و مانای تر)، ئەم نووسەرە چەند وشەیەکی الدنیای وەرگرتووە، کە بە هیچ شێوەیەک بە واتای ژیانی دنیا نایەت، وەک لەو ئایەتانە:

((إِنَّا زَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِزِينَةٍ الْكَوَاكِبِ{6})) الصافات.

واتە، ئێمە ئاسمانی زەویمان (ئاسمانی دنیامان) بە ئەستێرەکان ڕازاندۆتەوە. بە ئاشکرا دیارە، ئەم دنیایە مەبەست پێی ژیانی دنیا نییە.((فَقَضَاهُنَّ سَبْعَ سَمَاوَاتٍ فِي يَوْمَيْنِ وَأَوْحَى فِي كُلِّ سَمَاء أَمْرَهَا وَزَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَحِفْظاً ذَلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ {12})) فصلت.

بەهەمان شێوەی ئایەتەکەی پێشووتر، باس لە ئاسمانی دنیا ئەو ئاسمانەی کە بە چاو دەبینرێت دەکا

وَلَقَدْ زَيَّنَّا السَّمَاء الدُّنْيَا بِمَصَابِيحَ وَجَعَلْنَاهَا رُجُوماً لِّلشَّيَاطِينِ وَأَعْتَدْنَا)) لَهُمْ عَذَابَ السَّعِيرِ {5})) الملك.

هەروەکوو دوو ئایەتەکەی پێشوو

إِذْ أَنتُم بِالْعُدْوَةِ الدُّنْيَا وَهُم بِالْعُدْوَةِ الْقُصْوَى وَالرَّكْبُ أَسْفَلَ مِنكُمْ وَلَوْ)) تَوَاعَدتَّمْ لاَخْتَلَفْتُمْ فِي الْمِيعَادِ وَلَـكِن لِّيَقْضِيَ اللّهُ أَمْراً كَانَ مَفْعُولاً لِّيَهْلِكَ مَنْ هَلَكَ عَن بَيِّنَةٍ وَيَحْيَى مَنْ حَيَّ عَن بَيِّنَةٍ وَإِنَّ اللّهَ لَسَمِيعٌ عَلِيمٌ {42})) الأنفال.

لێرانە، دنیا بە واتای نزیکتر دێت، دەڵێت: (ئێوە لە دۆڵە نزیکەکە بوون و ئەوانیش لەوەی دوورەکە!) ئەم ئایەتە باس لە شەڕی بەد دەکا.

کەواتە، ژمارەی دنیا لە قوڕئان لە115 کەمدەبێتەوە بۆ 111.

بۆ وشەی، (الاخره) ئەوا لە سێ شوێن هاتووە، بەبێ ئەوەی واتای ڕۆژی دوایی بێت:

قُلْ سِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَانظُرُوا كَيْفَ بَدَأَ الْخَلْقَ ثُمَّ اللَّهُ يُنشِئُ النَّشْأَةَ)) الْآخِرَةَ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ {20})) العنكبوت

الاخره، لێرانە، واتە، کۆتایی.

إِنْ أَحْسَنتُمْ أَحْسَنتُمْ لِأَنفُسِكُمْ وَإِنْ أَسَأْتُمْ فَلَهَا فَإِذَا جَاء وَعْدُ الآخِرَةِ)) لِيَسُوؤُواْ وُجُوهَكُمْ وَلِيَدْخُلُواْ الْمَسْجِدَ كَمَا دَخَلُوهُ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَلِيُتَبِّرُواْ مَا عَلَوْاْ تَتْبِيراً {7})) الإسراء.

دیسان، الاخره لێرانە، بەواتای کۆتایی دێت، نەوەک ڕۆژی دوایی.

وَقُلْنَا مِن بَعْدِهِ لِبَنِي إِسْرَائِيلَ اسْكُنُواْ الأَرْضَ فَإِذَا جَاء وَعْدُ الآخِرَةِ)) جِئْنَا بِكُمْ لَفِيفاً{104}))الإسراء.

دیسان، لێرانە الاخره بەواتای کۆتایی دێت.

کەواتە، ژمارەکە لە 115 بۆ 112 کەمدەبێتەوە. دیاریشە کە 111 یەکسان نییە بە 112. بەڵام تەنها بۆ ئەوەی ئەم هاوکێشەیە ڕاستبکاتەوە، نووسەرەکە ئەو فێڵەی کردووە، کە لەو باوەڕەدابووە کەس درکی پێنابات.

تێبینییەکی گرنگ: ئەم نووسەرە، هەردوو وشەی الدنیا و الاخرەی بە سادەیی وەرگرتووە و شێوەکانی تری وەرنەگرتووە، وەک:

آل عمران 153

"إِذْ تُصْعِدُونَ وَلاَ تَلْوُونَ عَلَى أحَدٍ وَالرَّسُولُ يَدْعُوكُمْ فِي "أُخْرَاكُمْ فَأَثَابَكُم غَمّاً بِغَمٍّ لِّكَيْلاَ تَحْزَنُواْ عَلَى مَا فَاتَكُمْ وَلاَ مَا أَصَابَكُمْ وَاللّهُ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ

لێرانە اخراکم شێوەیەکە لە شێوەکانی الاخرە

الأعراف 38

قَالَ ادْخُلُواْ فِي أُمَمٍ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِكُم مِّن الْجِنِّ وَالإِنسِ فِي النَّارِ كُلَّمَا دَخَلَتْ أُمَّةٌ لَّعَنَتْ أُخْتَهَا حَتَّى إِذَا ادَّارَكُواْ فِيهَا جَمِيعاً قَالَتْ "أُخْرَاهُمْ" لأُولاَهُمْ رَبَّنَا هَـؤُلاء أَضَلُّونَا فَآتِهِمْ عَذَاباً ضِعْفاً مِّنَ النَّارِ قَالَ لِكُلٍّ ضِعْفٌ وَلَـكِن لاَّ تَعْلَمُونَ

اخراهم دیسان، شێوەیەکە لە شێوەکانی الاخرە

الأعراف 39

فَمَا كَانَ لَكُمْ عَلَيْنَا مِن فَضْلٍ فَذُوقُواْ الْعَذَابَ "وَقَالَتْ أُولاَهُمْ "لأُخْرَاهُمْ بِمَا كُنتُمْ تَكْسِبُونَ

دیسان، اخراهم دیاریشە بۆ ئەم نووسەرە ئەو شێوانەی وەرنەگرتووە، تاوەکوو موعجیزەکەی سەربگرێت.

ئەم نووسەرە دەڵێت، هەردوو وشەی (الملائکة) و (الشیاطین) 88 جار هاتووە، پێش ئەوەی بەرپەرچی ئەوە بدەمەوە، بەبیرتان دێنمەوە، کە لە ئیعجازەکەی سەرەوە، نووسەرەکە هەردوو وشەکەی (الدنیا) و (الاخرە)ی بەسادەیی وەرگرتبوو و بێ گوێدانە واتاکەی، بەڵام ئەمجارە، بە هەموو شێوەکانی وشەکان وەردەگرێت، (کۆ، تاک

شێوازی تری وشەکە)، دیسانیش واتاکەی پشتگوێخستووە. با پێکەوە سەیری بکەین:

الملائکة 68 جار + ملائکته 5 جار + الملکین 2 جار + ملك 10 جار + ملکا 3 جار = 88 جار.

الشیطان 68 جار + شیطانا 2 جار + الشیاطین 17 جار + شیاطینهم 1 جار = 88 جار.

ئەو هەڵە مەنهەجییەی کە لێرانەدا هەیە، نووسەرەکە ڕێگەشوێنی جارەکەی پێشووتری خۆی پشتگوێخستووە، کە ئەمجارە وشەی کۆ و تاکی بەکارهێنابوو. هەروەها وشەی (الملائکە)ش بە هەموو شێوەکانی هەر واتای خودی فریشتە دەگەیەنێت، بەڵام وشەی (شیاطینهم) واتای شەیتانی مرۆیی و جنۆکەیی دەگرێتەوە، نەوەک جنۆکە! بەمشێوەیە ژمارەی دووبارەبوونەوەی (الشیطان)دەبێتە 87 و یەکسان نابێت بە 88!

نووسەرەکە دەڵێت، هەریەک لە (الموت) و (الحیاة) 145 جار هاتوون، ئەمەش دوور لە ڕاستییە. (الموت) بە سادەیی 35 جار هاتووە و بە هەموو شێوازەکانی 203 جار هاتووە! وە ژیانیش بە سادەیی71 جار و بە هەموو شێوەکانی 167 جار. ئاواش ئەو ئیعجازەشی دەڕووخێت

دیسان، نووسەرەکە بەمەبەستی گومڕاکردنی خوێنەر، وشەی (النفع) دێنێت و بەرامبەرەکەی(الفساد) دادەنێت و دەڵێت هەریەک 50 جار هاتوون. وەک وتمان، ئەوە هەڵەیەکی مەنهەجیترە! ئیعجازەکەی لە بنەڕەتەوە درۆی تیایە، چونکە لە قوڕئان (النفع) بەرامبەرەکەی (الضر)ە وەک: ((قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللهِ مَا لاَ يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرّاً

وَلاَ نَفْعاً)) المائدة 76. یان ((قُل لاَّ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلاَ ضَرّاً))
.الأعراف 188. یان ((لاَ یَمْلِكُونَ لِأَنفُسِهِمْ نَفْعاً وَلاَ ضَرّاً)) الرعد 16

:لەکاتێکا، وشەی (الفساد) بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ (الصلاح)، وەک
:((الَّذِینَ یُفْسِدُونَ فِي الْأَرْضِ وَلا یُصْلِحُونَ)) الشعراء 152. یان
.((تِسْعَةُ رَهْطٍ یُفْسِدُونَ فِي الأَرْضِ وَلا یُصْلِحُونَ)) النمل 48

وە وشەی (الضر) 66 جار هاتووە و وشەی (الصلاح) و شێوازەکانی
180 جار هاتووە! باشە کوا ئیعجاز لەوشیانا؟

ئەو نووسەرە، دەڵێت وشەی (الناس) 368 جار هاتووە و بەرامبەر
دەبێتەوە لەگەڵ وشەی (الرسل)، دەبینن، ئەو نووسەرە هەمان شێواز
بەکاردەهێنێت، وشەیەک دەهێنێت و بەرامبەرێکی بۆ دادەنێت کە هیچ
،پەیوەندی بە وشەکەوە نییە! وەک وتمان، (الناس) بەرامبەر نابێتەوە
لەگەڵ (الرسل) لەگەڵ ئەوەشدا، وشەی الناس بە سادەیی 240 جار و
بە شێوازەکانی 330 جار هاتووە. وە ئەگەر وشەی(البشر) لەسەری
دابنێین، ئەوا دەبێتە 367 نەوەک 368! ئەگەر بێت و وشەی ئادەمیشی
،(ادم) بخەینە سەر، کە 25 جار هاتووە، ئەوا دەبێتە 392! لە کاتێکدا
وشەی (الرسل) بە هەموو شێوەکانی و بێ گوێدانە ماناکەی (وەک
ئەوەی ئەو هەموو جار کردوویەتی) 512 جار هاتووە! دە
!هۆشیاربینەوە

ئەو نووسەرە دەڵێت، وشەی ئیبلیس 11 جار و وشەی خۆپاراستن لێی
11 جار هاتووە. بەڵام لە ڕاستییەکەی خۆپاراستن لە ئیبلیس
جاریکیش چییە لە قورئان نەهاتووە، بەڵکوو خۆ پاراستن لە شەیتان
هاتووە! وە وشەی شەیتان ئیبلیس و هەموو شەیتانە جنۆکەییەکان و
مرۆییەکان دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆپاراستن لە شەیتان و
،مەکرەکانی تەنها 6 جار هاتووە، وە پەنابەخوا گرتن 14 جار هاتووە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

وە وشەی ( الاستعاذة) و شێوەکانی 15 جار هاتووە. سەیرکە، ئەوەشی
!هەر ڕاستنەبوو

:نووسەرەکە، دەڵێت وشەی (المصیبة) و (الشکر) 75 جار هاتووە
سەرەتا، وەک جارانی پێشوو، ئەمە هەڵەیەکی مەنهەجییە، چونکە
(المصیبة) پەیوەندی بە (الشکر) نییە، بەڵکوو بەرامبەردەبێتەوە بە
(النعمة) یان (الصبر)ی بۆ دەگونجێت. دواتریش، (المصیبة) بە سادەیی
تەنها 10 جار هاتووە، بەڵام شێوازە جۆراوجۆرەکانی وشەی
(صوب)، ڕاستە 75 جار هاتووە. بەڵام لێرانە، هەڵەیەکی کوشندە
هەیە، ئەویش، شێوازەکانی وشەی (صوب) تەنها بۆ خراپە بەکار
نایەت، بەڵکوو بۆ چاکەش بەکاردێت، وەک لەو ئایەتانە: ((وَإِن
تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُواْ هَـذِهِ مِنْ عِندِ اللہ وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَـذِهِ
مِنْ عِندِكَ قُلْ كُلًّ مِّنْ عِندِ اللہِ)) النساء 78. یان: ((إِن تُصِبْكَ
((حَسَنَةٌ تَسُؤْهُمْ وَإِن تُصِبْكَ مُصِيبَةٌ يَقُولُواْ قَدْ أَخَذْنَا أَمْرَنَا مِن قَبْلُ
.التوبة 50

بەڵام وشەی (الشکر) بە سادەیی، تەنها جارێکیش نەهاتووە و
شێوازەکانی، 75 جار هاتووە. ئەگەر بهاتایە، لە قورئان وشەی
(الصبر) 75 جار هاتبایە، ئەوا ئەو نووسەرە باڵەفڕکێی دەگرت! بەڵام
لە بەختی خراپی ئەو، وشەی (الصبر) بە سادەیی 6 جار و بە شێوازە
!!جۆراوجۆرەکانی 103 جار هاتووە! شازی ئیعجازی ژمارەیی

دیسانەوە، ئەم نووسەرە وشەی (الانفاق) دەهێنێت و دەڵێت 73 جار لە
،قورئان باسکراوە و (الشکر) 73 جار. ئەوەش هەڵەیەکی دیارە
چونکە لە ئیعجازەکەی پێشووتر وتبووی، وشەی (الشکر) 75 جار
هاتووە! وادیارە، خاوەنی ئەم ئیعجازە تووشی هەڵەیەکی زەق بووە و
دەستیکردووە بە بەدرۆخستنەوەی خۆی! شێوازە جۆراوجۆرەکانی

(الشکر) 75 جار هاتووە نەوەک 73. بەڵام ئاخۆ چۆن دەتوانێت ئیعجازەکەی بسەلمێنێت ئەگەر فێڵ نەکات؟ مەگەر وابزانێت لەگەڵ نەزانان هەڵسوکەوت دەکات!

لەوانەیە بڵێن، ئەگەر هەیە نووسەرەکە مەبەستی ڕەزیلی بێت (البخل) نەوەک (الشکر)، چونکە ئەوە گونجاوترە بۆ بەرامبەربوونی لەگەڵ (الانفاق)، هەموو کەسێکیش هەر هەڵە دەکات. بەڵام کێشەکە لەوەدایە (البخل) 12 تەنها جار هاتووە، ئەگەر وشەی (الشح) و شێوازەکانیشی بخەینە سەر (کە بەهەمان مانا دێت) ئەوا دەبێت 5 جاریتری بخەینە سەر. وە وشەی (الامساك) کە دژی وشەی(الانفاق)ە، تەنها جارێک هاتووە. کۆی گشتی دەبێتە 18 نەوەک 73!!

نووسەرەکە، دەڵێت (الضالون) و (الموتى) 17 جار لە قورئان هاتوونە، ئەوەش وەک ئەوانی پێشوو، هەڵەیەکی مەنهەجی تیایە، چونکە (الضالون) بەرامبەردەبێتەوە لەگەڵ (المهتدون). دواتر وشەی(الضالون) و (الضالين) تەنها 13 جار هاتووە! وە بە شێوازە جۆراوجۆرکانی دەیان جار هاتووە (واتە زۆر زیاتر لە 20)، باشە کوا ئیعجاز لەمەیانا؟

نووسەرەکە، دەڵێت، (الجهاد) و (المسلمون) هەریەکە و 41 جار هاتووە. لەوەشیانا هەڵەی مەنهەجی هەیە، دیسان. وەک وتمان، وشەی (المسلمون) بەرامبەر دەبێتەوە لەگەڵ (الکافرون) و (المشرکون)، وە دەشتوانی (المؤمنون) ی بۆ دانێیت، وە وشەی (الجهاد) دەتوانێت بەرامبەر بە وشەی (القعود) بێت، ئەوە بەتەنیا بەسە بۆ ڕەتی ئەم ئیعجازە! دواتر، وشەی (المسلمون) و (المسلمين) و (مسلمين) تەنها36 جار هاتووە، ئەگەر شێوازە جۆراوجۆرەکانیشی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

هەژماربکەین، ئەوا دەبێتە زیاتر لە دەیان، وەیاخود بڵێین زیاتر لە سەدان!

ئەمجارە هاتووە وشەی (الذهب) بەرامبەر بە وشەی (الترف) داناوە و دەڵێت، هەریەکەو 8 جار هاتوون. ئەم دانانەشی زیاتر لە دەسخەڕۆدانێکی تیایە، چونکە زێڕ خۆی زێدەڕۆیی نییە، بەڵام (الترف) زیادەڕۆییە، جا چ لە زێڕ یا زیو، جل، خواردنەوە، نشینگە، ئۆتۆمبێل و ئەو شتانە. هیچ مانای نییە ئەو دووانە بەیەکتری ببەستییەوە.

دیسان، وشەی (الذهب) 8 جار بە سادەیی هاتووە و هیچ جارێکیش بە شێوازەکانیتری نەهاتووە، لە کاتێکدا (الترف) بە سادەیی تەنها جارێکیش نەهاتووە، تەنها بە شێوازە جیاکانی! باشە ئەوە چ جۆرە ئیعجازێکە؟

نووسەر ئەمجارە، دەڵێت هەردوو وشەی (الفتنة) و (السحر) 60 جار هاتوون، دیسانەوە، لەمە هەڵەی مەنهەجی هەیە، چونکە فیتنە تەنها وابەستە نییە بە جادوو، دەتوانین بڵێین، جادوو چاکترینی فیتنەکانە، گومڕاکردن فیتنەیە، ڕێگری فیتنەیە، وڕووژاندن فیتنەیە، تیرۆر فیتنەیە، ژن و مناڵ و ماڵ فیتنەنە. هیچ مانای نییە، تەنها جادوو بەرامبەر بە فیتنە دابنرێت!

ئەمجارە، نووسەرەکە دەڵێت، (الزكاة) و (البركة) 32 جار هاتوون. هەرچەندە ئەو دووانە بەرامبەر یەکتر نابنەوە، بەڵام ئەمەیان فڕوفێڵێ ژماردنیشی تێدایە. وشەی (الزكاة)ی بە سادەیی هێناوە و هەموو شێوازەکانی تری پشتگوێخستووە، لە کاتێکدا وشەی (البركة) بە شێوازەکانییەوە هێناوە، چونکە بە سادەیی ئەمەیان باس نەکراوە لە قورئان. وشەی زەکات بە هەموو شێوازەکانی 59 جار هاتووە، باشە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئەوە چ یاسایەکە گرتوویەتییە بەر؟ ئەمجارە نووسەر دەڵێت، هەریەک لە وشەی (العقل) و (النور) 49 جار هاتوون، لەوەیانا دەسخەڕۆدانێکی زۆر گەورە هەیە، ویستی خوا نابێت گوێڕایەڵی ،ویستی مرۆڤ بێت، واتا قورئانییەکان دەبێت وەکوو خۆیان بمێننەوە واتە پێکبەستنەوەی واتاکانی قورئانی دەبێت لە قورئانەوە سەرچاوە وەربگرن، نەوەک بەگوێرەی ئەقڵی خۆمان لێکیان بدەینەوە. لە قورئاندا هیچ پەیوەندییەک لە نێوانی (العقل) و (النور) نییە. کە قورئان دەخوێنینەوە، زۆر مانای (النور) دەبینین، بەڵام قەت مەبەست پێی (العقل) نییە. (النور) واتە خوای ئیسلامی، واتە ڕێنوێنی، واتە قورئان و سروشی خوایی و ئەو جۆرە مانایانە، بەڵام لە قورئان (النور) بەواتای (العقل) لە هیچ شوێنێک نەهاتووە! کەواتە چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوانی (العقل) و (النور) لە قورئاندا؟

لێرەشەوە کاک مەم نوسیویەتی

،نووسەرەکە دەڵێت، (محمد) چوار جار و (الشريعه) چوار جار هاتووە دیسان، هەمان دەسخەڕۆدانی پێشووتر هەیە، کە الشريعه تەنها بە محمد وابەستە نییە، بەڵکوو هەموو پێغەمبەرەکانیتر شەریعەی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بەڵام هەر بۆ باس دەڵێم، (خنزير) لە قورئان چوار جار هاتووە، ئەوە سوتفەیە یاخود حیکمەتی لەدواوەیە؟ چونکە جەماعەتی ئیعجازی ژمارەیی دەڵێن، هەر دووبارەبوونەوەیەک لە !قورئان حیکمەتێکی لەدواوەیە

نووسەرەکە دەست بە هەندێ تەڵەکەی تر دەکات و دەڵێت، (الصلاة) 5 جار هاتووە، بەڵکوو ڕاستییەکەی (صلاة) تەنها 2 جار و (الصلاة) جار هاتووە! هەرچی ڕۆژیشە، کە نووسەرەکە دەڵێت ژمارەکەی 55 بریتییە لە 365، ئەوە دوو هەڵەی تیایە، یەکەم، ئەگەر ئەوە ڕاست

# ئیسلام و چەند بابەتێک

بێت، ئەوا واتە خوا بە ڕۆژمێری خۆری کاردەکات، نەوەک هەیڤی وەک لە ئیسلامدا باوە. دووەمیش نووسەرەکە هەڵساوە بە هەژماردنی (یوم الیوم یوماً ویوم لیوم فالیوم بیوم والیوم وبالیوم بالیوم) بەڵام نەوەک (یومهم) و (یومکم). کەواتە، ئەگەر ئەوانەش هەژمار بکەین ژمارەکە زۆر لەوە زیاتر دەردەچێت، هەرچی مانگیشە کە دەڵێت 12 جار هاتووە، ئەوا هیچ جیاوازی لەگەڵ ڕۆژەکە نییە، و هەموو شێوازەکانی نەژمێردراوە، گەر بێت و هەمووی هەژمار بکەین ئەوا !دەبێتە 21 جار

نویٚ: دوێنیٚ، نەمتوانی دوا ئیعجازی درۆیی بەبەڵگەوە بەدرۆ بخەمەوە، چونکە زانیاری تەواوم لەبەردەست نەبوو، بەڵام ئێستا دەتوانم بڵێم کە ژمارەی ئاو (بحر) لە قورئاندا و 34 جار هاتووە ،نەوەک 32، واتە، وەک هەموو جارێکیان درۆیان لەمەیانیش کردبوو وە ژمارەی وشەی وشکانی 13 جارنییە بەڵکوو 12، بەمەش ئەگەر دابەشی 12 جارانی 100% بکەیت ناگاتە ئەو ئەنجامانەی کەوا 34 ئەوان باسی دەکەن

وەک کاکە مەم هەمیشە دەڵێت هیوادارم مێشکەکانمان ڕێنموونیمان بکەن بۆ دۆزینەوەی ڕێگای درووست

بابەتێکی دیکە لەلایەن کاک ئارێن

یەکەم: "وَٱلسَّمَآءَ بَنَیْنَـٰهَا بِأَیْیْدٍۢ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ" (الذاریات 47) ئەڵێ گوایە کە ئەم ئایەتە باس لەوە ئەکا کە اللهی ئیسلام ئاسمان فراوان ئەکات وە شارەزایانی بواری گەردووناسیش هەمان شت ئەڵێن... «وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ» ئەمە ئەو دەقەیە کە گوایە باس لەوە ئەکا ئاسمان فراوان ئەکریٚ لەلایەن اللهی ئیسلام و عەرەبەوە

بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ئایەتە باس لەوە ناکا بەڵکو ئەو ئایەتە کە ئەڵێ "وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ" مەبەستی لەوەیە کە ئێمە ئاسمانمان دروسکردوە و بەدەستی خۆمان «و ئێمە باڵا دەستین» وە ئەمە زۆر لە زانایانی ئیسلامی وایان وتووە تەنانەت (ابن عباس)یش کە ئامۆزای محمدە

وە ئەمانەش هەندێکن لەو مفسرانەی کە هاوڕان لەسەر ئەوە:

١- القرطبي ٢-الطبري ٣-البغوي ٤-القنوجي ٥-المحلي

٦-الشوكاني ٧-الزمخشري ٨-السمعاني ٩-الجلالين ١٠-الثعلبي

وە چەندەها زانای تری ئیسلامی..... وە هەندێک زانای تری ئیسلامیش ئەڵێن واتا: ئێمە ئاسمانمان فراوان کردووە (واتا لەمەو پێش) کە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە و ئەگەر بێتو بۆ ماوەیەکی کەمیش سەرنجی ئاسمان بەیت ئەزانیت کە فراوانە...

لە ڕاستیدا ئەم دەقە لە ئینجیلیشدا باسکراوە:

"He stretches out the heavens like a canopy"

واتا:«ئەو (خوا) ئاسمان فراوان دەکات وەک سەقفێک»

سەرچاوە: Isaiah 40:22

ئەی باشە بۆ کەس نەیوت ئەمە ئیعجازێکی زانستیە لە ئینجیلدا؟؟

دووەم: "وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَـٰتِهَا مُعْرِضُونَ" (الأنبياء ٣٢)

واتا:«ئێمە ئاسمانمان کردە سەخفێکی پارێزراو وە هێشتان ئەوان (کافرەکان) ڕوویان وەردەگێڕن لە هێماکانی»

# ئیسلام و چەند بابەتێک

دینبازەکان ئەڵێن کە ئەم ئایەتە کاتێ ئەڵێت "وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا" ئاسمانمان کردە سەخفێکی پارێزراو مەبەستی لەوەیە کە دەمان پارێزێت لە تیشکەکانی سەرو بنەوشەی وە ئەڵێن کە ئەمە مەبەستی لە چینی «ئۆزۆن»ە کە ڕێگرە لە گەیشتنی تیشکە سەرو بنەوشەیەکانی خۆر بە زەوی....

لە ڕاستیدا ئەمە قسەی باخەڵی خۆیانە و ئەم ئایەتە بەهیچ جۆرێک مەبەستی لەوە نییە وە گەر بگەڕێینەوە سەر تەفسیرەکان بۆمان دەرەکەوێ بۆ نموونە مفسری گەورە الطبري لەبارەی ئەمەوە دەڵێت: «مَحْفُوظا يقول: حفظناها من كلّ شيطان رجيم»

واتا: (پارێزراو مەبەستی لەوەیە کە پاراستومانە لە هەر ڕەجمێکی شەیتان)

واتا مەبەستی لەوەیە کە کاتێ شەیتان ڕەجمەکرێت ئەم ئاسمانە نایەڵێت هیچی بەر زەوی بکەوێت....وەک ئەبینن مەبەستی لە هیچ تیشکێکی سەرو بنەوشەی نییە

وە چەند موفەسیرێکی تریش هاوڕان لەمەدا....

وە ئەگەر بێتو بڕوانینە ئەم دەقانەی قورئان جوانتر ڕوون دەبێتەوە مەبەستی ئایەتەکە هەر ئەوەیە کە لەسەرەوە باسکراوە «إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنْيَا بِزِينَةٍ ٱلْكَوَاكِبِ(6) وَحِفْظًا مِّن كُلِّ شَيْطَـٰنٍ مَّارِدٍ (7)» الصافات

واتا:"بێ گومان ئێمە ئاسمانی دونیامان لە نزیک ئێوەوە بە ئەستێرە ڕازاندووەتەوە (٧) وە پارێزراوە لە هەموو شەیتانێکی یاخیکەر (٧)"

لێرەدا جوان دیارە کە مەبەستی لە پاراستنە لە ڕەجمەکانی شەیتان.

سێیەم: "بَلَىٰ قَٰدِرِينَ عَلَىٰٓ أَن نُّسَوِّيَ بَنَانَهُۥ" واتا:«بەڵێ ئێمە توانامان هەیە کە پەنجەکانیشی بگەڕێنینەوە سەر شێوەی خۆی» دینبازەکان دەڵێن کە گوایە مەبەستی لەسەری پەنجەیە واتا پەنجەمۆر بەڵام نەخێر لە ڕاستیدا مەبەستی لە پەنجەمۆر نییە کاتێ ئەڵێت"بَنَانَهُۥ" واتا پەنجەکانی نەک سەری پەنجەی....

وشەی (بنان) لە ئایەتێکی تری قورئاندا هاتووە کە ئەوی ئەمەیە: "إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ فَٱضْرِبُوا۟ فَوْقَ ٱلْأَعْنَاقِ وَٱضْرِبُوا۟ مِنْهُمْ كُلَّ بَنَانٍۢ" (الأنفال 12)

واتا:«کاتێ خواکەت نیگای بۆ فریشتەکان کرد کە من لەگەڵ ئێوەدام کەوایە وە بڕوادارن بەهێز بکەن و من خۆم ترس ئەخەم دڵی ئەو کەسانەی کە بێ باوەڕن کەوایە لە گەردنیان بدەن و لەهەر یەکێک لە پەنجەکانیان بدەن"

کە ئەڵێ لە هەر یەکێک لە پەنجەکانیان بدەن مەبەستی لەوەیە کە بدەن لە پەنجەکانیان تانەتوانن شمشێر بگرن لە جەنگدا و نەتوانن شمەکی جەنگ بگرن بەدەستەوە و بجەنگن لەگەڵ موسڵماناندا کە فەرمان بە فریشتەکان ئەکات وابکەن....

باش پرسیارێ؟؟

گەر کەسێ شمشێر بگرێت ئەتوانی لەشوێنی پەنجەمۆرەکەی بدەیت؟ یاخود کە کەسێک شیڵدێک (درع)ێک ئەگرێت بەدەستەوە ئەتوانی لە شوێنی پەنجەمۆرەکەی بدەیت؟؟ بە دڵنیایەوە نەخێر ناتوانیت واتا مەبەستی لە پەنجەمۆر نییە....

وە ابن کثیر دەڵێت کە مەبەست لە وشەی "بنان" دەوروبەری پەنجەیە نەیوتووە سەرەکەی واتا تەنها دەور و بەری پەنجە دەگرێتەوە..... السعدیش هەر هەمان قسەی ابن کثیر دووبارە ئەکاتەوە کە ئەڵێ مەبەستی لە پەنجەیە.

وە القرطبیش ئەڵێت "بنان" واتا "الأصابع"واتا پەنجەکان

وە البغویش لە تەفسیری ئایەتەکەدا هەر بە پەنجە ناوی هێناوە.

چوارەم: "ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِىَ دُخَانٌ فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ ٱئْتِيَا طَوْعًا أَوْ كَرْهًا قَالَتَآ أَتَيْنَا طَآئِعِينَ" (فصلت 11)

واتا:«دوای ئەوە ڕوویکردە ئاسمان کە ئەو کات ئاسمان دووکەڵ بوو وە بە ئاسمان و زەوی وت:ملکەچ بن (تەسلیم بن) و جا چ بەخۆشی یان بە ناخۆشی (زۆرەملێی) هەردووکیان وتیان:بەخۆشی ملکەچ ئەبین»

دینبازەکان ئەڵێن کە ئەم ئایەتە ئاماژە بەوە ئەکات کە ئاسمان پێشتر دووکەڵ بووە و شارەزا و زانایانی بواری گەردووناسیش هەمان شت ئەڵێن.... بەڵێ وایە ئەمانیش وائەڵێن بەڵام....

گەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی کە ئەڵێن گەردوون پێشتر دووکەڵ بوو ئەوا ئەوان ئەڵێن لەدوای تەقینەوە گەورەکە بیگ بانگ بانگ٣٠٠ هەزار ساڵ تێپەڕی دوای ئەوە گەردوون بووە دووکەل.....وە دووبارە سەرچاوەکان ئەڵێن کە ٩ ملیار و ٢٠٠ هەزار ساڵ دوای بیگ بانگ زەوی دروستبووە.....واتا ئەوکاتەی کە گەردوون دووکەڵ بووە زەوی بوونی نەبووە و دوای چەندەها ملیار ساڵ دروستبووە بەڵام گەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ئایەتە ئەبینی کە ئایەتەکە ئەڵێت:"فَقَالَ لَهَا وَلِلْأَرْضِ" بە زەوی و ئاسمانی وت.... وەک

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئەبینن بەپێی ئایەتەکە بێت ئەو کاتەی گەردوون دووکەڵ بووە زەویش بوونی هەبووە

کە ئەمەش بەپێی زانست هەڵەیە.

منیش لێرەدا کۆتایی بەم پەڕەیەیان دەهێنم

بەڵام دەمەوێ زیادکراوێک لە پێنووسی خودی مسوڵمانانەوە دانێم کە لە سایتی ڕاسپارەوە وەرم گرتووە لەسەر مایەپوچی ئیعجازە زانستییەکان کە بۆ کردنەوەی ئەو مێشکە داخراوەی مسوڵمانان دانراوە کە کوێرکراون بە درۆی زانستی لەوانەیە هاوبیروڕا نەبین بەیەکەوە بەڵام لێرەدا هاوڕاین دەقەکان وەک خۆی دەخەینە بەرچاوی خوێنەر

**ئیعجازی زانستی تێڕوانینێکی هەڵە**

بسم الله الرحمن الرحيم

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لەم پارچە نوسینەدا ڕوون دەبێتەوە بۆ خوێنەر کە بۆچی ئیعجازی زانستی لە چەندین لایەنەوە دووچاری شکست و لاوازی دێت و نەک تەنها هەڵەیە بەڵکو مەترسیش دروستدەکات لەسەر دەقەکانی قورئان و فەرموودە ، وە هەروەها مەبەست و ئامانجی دەقەکانیش ڕووندەبێتەوە کە زۆر دوورن لەوەی لایەنگرانی ئیعجازی زانستی بیریان لێکردوەتەوە.

1.پێناسەی ئیعجازی زانستی :

پرۆفیسۆر زەغلول نەجار کە لایەنگرێکی بەهێز و بانگەشەپێدەرێکی بەهێزی ئیعجازی زانستیە بەم شێوە پێناسەی دەکات :

(بە ئیعجازی زانستی مەبەستمان لە پێشکەشکردنی بەڵگەیە کە قورئان پێش زانستی مۆدێرن کەوتووە لە ئاماژەدان بە ڕاستیەکانی گەردوون یاخوود پێشکەش کردنی ڕوونکردنەوە بۆ دیاردەیەکی سروشتی کە چەندین سەدە پێش ئەوەی زانست ڕوون کردنەوەی بۆ کردبێت)

لەم پێناسەدا دوو خاڵ ڕوون دەبێتەوە کە ئیعجازی زانستی بانگەشەی دەکات :

1.قورئان(فەرموودە) کتێبێکی زانستیە و حەقیقەتی زانستی تێدایە.

2.ئەم حەقیقە زانستیانە زانستی مۆدێرن دۆزینیەتیەوە و لە سەدەکانی ڕابردوو و سەردەمی وەحیدا زانراو نەبوون.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## 2.مێژوویی ئیعجازی زانستی :

ئەتوانرێت ڕەچەڵەکی ئەم تێڕوانینە بگەڕێندرێتەوە بۆ پزیشکی فەڕەنسی مۆریس بۆکای ، مۆریس لە ساڵی 1976 کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی

La Bible, le Coran et la science: les Écritures saintes examinées à la lumière des connaissances modernes

واتا بایبڵ ، قورئان و زانست : دەقە پیرۆزەکان تاقیکرانەوە لەژێر ڕووناکی مەعریفەی مۆدێندا.

ئەم کتێبە وەرگێڕدرا بۆ چەندین زمان ، مۆریس دەڵێت قورئان نەک هەڵەی تێدا نیە لەڕووی زانستی مۆدێرنەوە بەڵکو زانیاری تێدایە کە چواردە سەدە لەمەوپێش کەس نەیزانیون.

کەسێکی تر کە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بڵاوکردنەوەی ئەم تێڕوانینە پزیشکێکی تری فەڕەنسی بوو بەناوی کیث مور ، کیث لەساڵی 1986 ئارتیکڵێکی بڵاوکردەوە بەناوی

A Scientist’s Interpretation of References to Embryology in the Qur’an

واتا : تەفسیری زانایەک بۆ ئاماژەکانی کۆرپەلەزانی لە قورئاندا.

تیایدا دەڵێت کە تەفسیری قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ لە ئایەتەکانی قورئاندا نە سەردەمی وەحی نە تەنانەت سەد ساڵ لەمەو پێشیش شیاو نەبووە ، ئێمە ئێستا دەتوانین تەفسیریان بکەین لەبەرئەوەی زانستی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

مۆدێرنی کۆرپەلەزانی تێگەیشتنێکی نوێمان پێدەدات. وە بێگومان ئایەتانێکی تر هەن لەقورئاندا دەربارەی گەشەی مرۆڤ کەلێیان تێدەگەین لە داهاتوودا بەهۆی زیادبوونی مەعریفەمان.

بەپێی پرۆفیسۆر نیزاڵ قەسوم ئەم دوو پزیشکە بوونە هۆی برەوپێدان و بڵاوکردنەوەی تێڕوانینی ئیعجازی زانستی لەدواتردا.

3.میتۆدی ئیعجازی زانستی :

لایەنگرانی ئیعجازی زانستی چەند بنەمایەکیان داناوە کە وەک مەنهەجێک سەیردەکرێ بۆ ئیعجازی زانستی ، لەوانە پرۆفیسۆر زەغلول نەجار کە لایەنگرێکی بەهێز و بانگەشەپێدەرێکی بەهێزی ئیعجازی زانستیە دە خاڵ پێشکەش دەکات :

1.تێگەیشتن لە دەقە قورئانیەکە بەباشی بەپێی یاساکانی زمانی عەرەبی.

2.حساب کردن بۆ زانستە دێرینەکانی قورئان(هۆکاری دابەزین ، ئایەتی نەسخکراو ، ئەو فەرموودانەی کە یارمەتیدەرن لە تێگەیشتن لە هەندێ ئایەت).

3.کۆکردنەوەی چەندین ئایەتی هەمەجۆر کە باس لە هەمان بابەت دەکەن پێش ئەوەی هیچ تەفسیرێکی نوێ بکرێت.

4.خۆبەدوورخستن لە تەفسیری موبالەغەتێداکراو ، نابێت ملی دەقەکان بشکێنرێن تا هاوگونجاوی دۆزینەوە زانستیەکان بن.

5.خۆبەدوورخستن لە غەیب.

6.لە هەر بابەتێکی تایبەت لە دەرەوەی پسپۆڕی قسەی تێدانەکریّ.

7.وردبینی و ڕاستگۆی هەبێت کاتێک مامەڵە دەکرێت لەگەڵ دەقە ئیلاهیەکان.

8.تەنها پشت بە حەقیقەتی زانستی ببەستریّ ، بەڵام لە بابەتێکدا کە تێبینکردن ئەنجام نەدرێت ئەوکات کام بیردۆز لە ئایەتەکانەوە نزیک بوو پلەی بەرزبکرێتەوە.

9.جیاوازی بکرێت لە تەفسیری زانستی و ئیعجازی زانستی ، تەفسیری زانستی ئەکریّ هەڵەی تێدابکرێت ، بەڵام ئیعجازی زانستی پشت بە حەقیقەتی چەسپاوی زانستی دەبەستێت.

10.ڕێز گرتن لە هەوڵ و کاری زانایانی ڕابردوو لە هەموو باسەکاندا.

یەکێکی تر لە لایەنگرانی ئیعجازی زانستی عبدالله موسڵحە کە چەند خاڵێک پێشکەش دەکات کە وەک مەنهەج وایە بۆ ئیعجازی زانستی :

1.گەرەنتی ئەوە هەبێت کە دۆزینەوە زانستیەکە حەقیقەتێکی جێگیرە لە لایەن پسپۆڕانەوە.

2.مانای دەقیقی دەقەکە دەربارەی حەقیقەتەکە زانستیەکە هەبێت و دەقەکان پەستانیان نەخرێتە سەر و دیاربێ ئەم حەقیقەتە نەزانراو بووە کاتی وەحی.

3.ئەم دوو خاڵەی سەرەوە جێبەجێ دەبن لەڕێی ئەم سێ خاڵەوە:

# ئیسلام و چەند بابەتێک

أ.بسەلمێ حەقیقەتە زانستیەکە لەناو دەقە ئاینیەکەدا.

ب.بسەلمێ فەرموودەکە لەڕووی سەحیحیەوە و هیچ کێشەیەکی تێدا نەبێت.

ت.سەلماندنی حەقیقەتە زانستیەکە.

ث.بسەلمێ حەقیقەتەکە تازە زانراوە و سەردەمی وەحی نەزانراو بووە.

ج.بسەلمێ گونجاوی نێوان حەقیقەتە زانستیەکە و دەقە ئاینیەکە.

ئەگەر فەلسەفەی زانست لەلایەک و قورئان و بنەماکانی تەفسیر لەلایەک بخوێنینەوە ئەبینین ، ئەم خاڵانەی سەرەوە کە دەبێت ئامادەبن بۆ بوونی ئیعجازی زانستی هەرگیز ئامادە نابن ، وە بە ئامادەنەبوونی ئەم خاڵانەش ئیعجازی زانستی بوونی نامێنێت ، یەکێک لەو ڕەخنە بەهێزانەی گیرا لەم مەنهەجە لە ناو بازنەی ئاینیدا ، ڕەخنەی سعود عبدالعزیز العریفي بوو کە ساڵی 2007 ئارتیکڵێکی بڵاوکردەوە بەناوی :

منهج الإستدلال بالمکتشفات العلمیة علی النبوة والربوبیة ( دراسة نقدیة)

واتا : میتۆدی بەڵگەهێنانەوە بۆ پەیامبەر و خودا لەسەر بنەمای زانستی ، دراسیەکی ڕەخنەگرانە.

تیایدا ڕەخنە لە مەنهەجە بنەماییەکی ئیعجازی زانستی دەگرێت و کورتەی قسەکانی بەم شێوەیە:

# ئیسلام و چەند بابەتێک

جیاوازیەکی گەورە و بنەمایی هەیە لەنێوان مەنهەجی قورئان کە تیایدا باس لە خودا و توانا وخەلقکردن و هێز و ڕاگری گەردوون دەکات لەگەڵ تێڕوانینی ئیعجازی زانستی کە ئامانجی سەلماندنی ئیلاهیبوونی قورئانە(بەندبوو لەسەرحەقیقەتی زانستی) کە یەکسانە بە ڕاستبونی پەیامبەرێتی پەیامبەر د.خ.

وە ئەو زانیاریانەی لایەنگرانی ئیعجازی زانستی بانگەشەی دەکەن پێشتر بەشێکی زانراوبوون لەلایەن زاناو فەیلەسوفەکان ، ئەوەی زانستی مۆدێرن دەیکا زیادکردنی وردەکارییە

4.بۆچی ئەم مەنهەجە هەڵەیە؟

ئەتوانین بڵێین لەچەند لایەنی سەرەکیەوە هەڵەبوونی ئەم مەنهەجە دەردەکەوێت :

1.ئامانجی دەقەکان (قورئان و فەرموودە) و بوونی فرە مانای ئایەتەکان کە دەبێتە هۆکاری فرە تەفسیری ، نەبوونی تەبای لەکاتی ماناپێدان بە ئایەت و وشەکان لەلایەن لایەنگرانی ئیعجازی زانستی.

2.فەلسەفەی زانست و میتۆدی زانستی.

3.بوونی زانیاریەکان لە سەرچاوەی غەیری قورئان.

با بچینە لای خاڵی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

1. ئامانجی قورئان چیە لە باسکردنی ئەو ئایەتانەی باسی سروشت دەکەن ؟ ئایا قورئان باس لە زانستی سروشتی دەکات ؟ ئایا ئەکرێ فرەتەفسیری لابرێ ؟ ئایا تەبایی هەیە ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەی کە ئامانجی ئایەتەکانی قورئان چییە دەچینە لای زانا و بیرمەندی ئاینی ، أمین أحسن إصلاحي کە لە تدبر القران دەڵێت :

باسکردنی خەلقی ئاسمانەکان و زەوی ئاماژەدەر و پشاندەری توانا و هێزی خالقەکەیانە. بەو شێوەی خەلقکراون شایەتی دەدەن بۆ جێدەستی خالق و حیکمەتی سەرسوڕهێنەری.وە ئاماژەدەرە بە سروشتی بەسوودی خەلق وە گونجاویان لەگەڵ ژیانی مرۆڤ و پێویستیەکانیان ، ئەو سوود و قازانجانەی بەدەسیان دێنین بەندە لەسەریان.هەموو ئەمانە ئاماژەدەری ڕەحمەت و بەزەیی خالقە و ئاماژەدەرە بە گرنگیپێدانی خالق بە بەندەکانی.

وە ئەحمەد دەلال لە ئینسایکلۆپیدیای زانست و قورئان دەڵێت :

سەرسوڕهێنەری خەلق بابەتێکی سەرەکی بەردەوامی تەفاسیری قورئانە. ئەم سەرسوڕهێنەرانە وەک نیشانە بۆ خودا دەبینرێن و بەڵگەی بوونی خودان وە ئەبینرێن وەک بەهێزی ڕەها و زانستی ڕەهای خودا و کە خودا خالقی هەموو شتێکە. لە ئاستێکی ئەساسیدا بیرکردنەوە لێیان دەگات بەو ئەنجامەی ڕێکخڕاوی و حیکمەت هەیە لە خەلقدا کە ئەمەش واتا خالقێکی حەکیم خەلقی کردوون.قورئان بەپێی ئەم تەفسیرانە خەڵک ئاراستەدەکات بۆ بیرکردنەوە لە حیکمەتی خەلق لەسروشتدا بەڵام هیچ وردەکاریەکە نادات یان چۆن شیکاریان بکەین.

واتا بە مانایەکی تر ئایەتەکان توانا و حیکمەتی خودا دەردەخەن وە هەم ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ و تەواوی گەردوون بەندن لەسەر خودا وە هەم وەک ناز و نیعمەتێک کە گونجێنراون بۆ پێویستەکانی مرۆڤ ، نەوەک باس لە شیکاری زانستی بۆ سروشت بکەن یاخود پێکهاتەی گەردوون

ڕوون بکەنەوە ، بۆ نمونە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت :

إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ(190)

ٱلَّذِينَ يَذۡكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمٗا وَقُعُودٗا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمۡ وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ رَبَّنَا مَا خَلَقۡتَ هَٰذَا بَٰطِلٗا سُبۡحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ(191)ال عمران

واتا: بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لە ئاڵو گۆڕی شەو و ڕۆژدا بەڵگە و نیشانەی زۆر هەن بۆ کەسانی ژیر و هۆشمەند...

ئەوانەی یادی خوا دەکەن لەکاتێکدا کە بەپێوەن یان دانیشتوون یان ڕاکشاوون (لە هیچ حاڵەتێکدا یادی ئەوزاتە فەرامۆش ناکەن)، هەمیشە بیردەکەنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی (بیردەکەنەوە لە هەموو وردەکاریەک، سەرنجی هەموو دیاردەیەک دەدەن، سەرئەنجام دەڵێن): پەروەردگارا تۆ ئەم هەموو دروست کراوانەت بێ هودە و بێ ئامانج دروست نەکردووە، پاکیی و بێگەردیی شایستەی تۆیە، دە تۆش بمانپارێزە لە سزای ئاگری دۆزەخ.

یاخوود دەفەرمووێت :

يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِن كُنتُمۡ فِي رَيۡبٖ مِّنَ ٱلۡبَعۡثِ فَإِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن تُرَابٖ ثُمَّ مِن نُّطۡفَةٖ ثُمَّ مِنۡ عَلَقَةٖ ثُمَّ مِن مُّضۡغَةٖ مُّخَلَّقَةٖ وَغَيۡرِ مُخَلَّقَةٖ لِّنُبَيِّنَ لَكُمۡۚ وَنُقِرُّ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ مَا نَشَآءُ إِلَىٰٓ أَجَلٖ مُّسَمّٗى ثُمَّ نُخۡرِجُكُمۡ طِفۡلٗا ثُمَّ لِتَبۡلُغُوٓاْ أَشُدَّكُمۡۖ وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّىٰ وَمِنكُم مَّن يُرَدُّ إِلَىٰٓ أَرۡذَلِ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ٱلۡعُمُرِ لِكَيۡلَا يَعۡلَمَ مِنۢ بَعۡدِ عِلۡمٖ شَيۡـٔٗاۚ وَتَرَى ٱلۡأَرۡضَ هَامِدَةٗ فَإِذَآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡهَا ٱلۡمَآءَ ٱهۡتَزَّتۡ وَرَبَتۡ وَأَنۢبَتَتۡ مِن كُلِّ زَوۡجِۭ بَهِيجٖ(5) الحج

واتا: ئەی خەڵکینە ئەگەر ئێوە گومانتان لە زیندوو بوونەوە هەیە، ئەوە چاك بزانن کە ئێمە سەرەتا ئێوەمان لە خاك و خۆڵ دروستکردووە، لەوەودوا (نەوەکان) لە نوتفەیەك (پەیدا بوون)، پاشان نوتفەش دەبێتە خۆهەڵواسەرێك لەناو منداڵداندا، لەوەودوا دەبێتە گۆشتپارەیەکی تەواوو سەرو سیمادار، یان ناتەواو، (هەموو ئەم شتانە دەهێنینەوە یادتان) تا بۆتان ڕوون بکەینەوە کە ئێمە ئاوا ئێوەمان دروستکدووە و دووبارە دروستکردنەوەشتان لامان ئاسانە، ئەوەش بمانەوێت لە منداڵدانەکاندا جێگیری دەکەین، تا کاتێکی دیاریکراو، لەوەودوا بەساوایی و بەبچووکی دەرتاندەهێنین (لە سکی دایکتان) دوایی بۆ ئەوەی گەورە ببن و بگەنە ئەوپەڕی هێزو تواناتان، هەتانە دەمرێنرێت بەگەنجی، هەشتانە دەگەڕێنرێتەوە بۆ پەرپووتترنی تەمەنەکان، بۆ ئەوەی هیچ شتێك نەزانێت دوای ئەوەی جاران دەیزانی، تۆ زەویش دەبینیت وشك و برنگە، جا کاتێك ئاوی بارانمان بەسەردا باراند، دادەچڵەکێت و دەلەرزێت و تۆوەکان چەکەرە دەکەن و ڕەگ و چڵ دەردەکەن و دەڕوێن، ئەوسا لە هەموو جۆرە گژوگیاو گوڵ و گوڵزارێکی جوان جووت دەڕوێنێت.

لەم دوو ئایەتەوە چەند شتێک ڕوون دەبنەوە

خوای گەورە توانا و هێز و دانایی و بەزەیی خۆی دەردەخات لە گەردووندا ، وە مرۆڤ و تەواوی گەردوون بەندن لەسەر خودا ، وە بیری مرۆڤ دێنێتەوە کە چۆن هەرلەنوتفەیەکەوە تاوەکو پیربوون و مردنیشی ، مرۆڤ لاوازە و پێویستی بە خودایە ، ئامانجی ئایەتەکان ئەم ڕاستیانەبوون نەوەک پێشکەشکردنی وەسف و پێکهاتەی گەردوون و تەفسیر و حەقیقەتی زانستی.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

یەکێک لەو هەڵانەی تری لایەنگرانی ئیعجازی زانستی ئەوەیە، فرە مانای و فرەتەفسیری ئایەت و وشەکان کۆتای پێدێنن و دەڵێن ئەم مانایە(لەباسی ئایەتێکی دیاریکراودا) مانا ڕاستەکەی ئایەت یان وشەکەیە بەدڵنیاییەوە ، بەڵام ئەمە پێچەوانەی خودی قورئانە و پێچەوانەی زانستی تەفسیریشە، خۆ ئەگەر لایەنگرانی ئیعجازی زانستی بڵێن ئێمە ناڵێین بەدڵنیایەوە یان ئینکاری مانای تر ناکەین، ئەوا ئیعجازە زانستیەکە هەڵدەوەشێت چونکە بۆ ئەوەی ئیعجاز بێت ، دەبێت وشەکە یان ئایەتەکە هەڵگری تەنها ئەو مانا ڕوونەبێ کە بەرامبەر حەقیقەتە زانستیەکەیە.

یەکێکیش لە کێشە زەقەکەی ئیعجازی زانستی ئەوەیە تەبایی تێدا نییە ، واتا کاتێک دەڵێن فلانە وشە ئەمە ماناکەیەتی لە ئایەتێکی تردا ناکرێت بە هەمان مانا لێکبدرێتەوە بۆ نمونە :

1.وشەی نور یان نورا ، لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەڵێن مانگ ڕووناکیەکەی هی خۆی نییە و قورئانیش بەنورا ناوی دەهێنێت ، بەڵام هەمان وشە لەئایەتێکی تردا ناکرێت بە ڕووناکی وەرگیراو لێکبدرێتەوە بۆ نمونە ئەم ئایەتەی کە دەڵێت خودا نوری ئاسمانەکان و زەوییە ، ئایا ئەکرێ بڵێین خودا نورەکەی هی خۆی نییە و وەریگرتوە ؟ کەوابوو چۆن بڵێین مانگیش ڕووناکیەکەی هی خۆی نییە کەواتە ئیعجازە؟

ئایەتەکان:

وَجَعَلَ ٱلۡقَمَرَ فِيهِنَّ نُورٗا وَجَعَلَ ٱلشَّمۡسَ سِرَاجٗا(16)نوح

ا

للَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ ۚ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ ۖ الْمِصْبَاحُ فِي زُجَاجَةٍ ۖ
الزُّجَاجَةُ كَأَنَّهَا كَوْكَبٌ دُرِّيٌّ يُوقَدُ مِن شَجَرَةٍ مُّبَارَكَةٍ زَيْتُونَةٍ لَّا شَرْقِيَّةٍ وَلَا غَرْبِيَّةٍ يَكَادُ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

زَيْتُهَا يُضِيءُ وَلَوْ لَمْ تَمْسَسْهُ نَارٌ ۚ نُّورٌ عَلَىٰ نُورٍ ۗ يَهْدِي اللَّهُ لِنُورِهِ مَن يَشَاءُ ۚ وَيَضْرِبُ
اللَّهُ الْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (35)نور

ئایەتی 12 سورەتی الطلاق

واتا :خوا ئەو زاتەیە کە حەوت چین ئاسمانی دروست کردووە و فەرمانی خوا لە نێوانیاندا دادەبەزێت، هەروەها بەوینەی ئەوان فەرمانی خوا بۆ زەویش دادەبەزێت و جێ بە جێ دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانن کە بەڕاست خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بێگومان خوا بە زانستی و زانیاری خۆی گەمارۆی هەموو شتێکی داوە.

واتا :خوا ئەو زاتەیە کە حەوت چین ئاسمانی دروست کردووە و فەرمانی خوا لە نێوانیاندا دادەبەزێت، هەروەها بەوینەی ئەوان فەرمانی خوا بۆ زەویش دادەبەزێت و جێ بە جێ دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانن کە بەڕاست خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە، بێگومان خوا بە زانستی و زانیاری خۆی گەمارۆی هەموو شتێکی داوە.

بەڵام ناکرێت بە بەرگەهەوا و چینەکانی زەوی لێکبدرێتەوە چونکە هەم لەڕووی زانستیەوە بەپێی پۆلێنەکان چینەکان دەگۆڕێن واتا حەوتەکە زیاد و کەم دەکا و هەم بۆ ئایەتەکانی تر ناتوانین بەو مانایە تەفسیری بکەین ، بۆ نمونە ئەو ئایەتەی کە لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەیکەنە بەڵگە بۆ بوونی بیردۆزی بیگ بانگ لەقورئاندا ، ئایەتەکە دەڵێت :

# ئیسلام و چەند بابەتێک

أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَاۖ وَجَعَلۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ كُلَّ شَيۡءٍ حَيٍّۚ أَفَلَا يُؤۡمِنُونَ(30)الانبياء

واتا:ئایا ئەوانەی بێباوەڕ بوون نەیانبینیووە و بۆیان ڕوون نەبۆتەوە بەڕاستی ئاسمانەکان و زەوی یەک پارچە بوون لەوەودوا لێکمان جیا کردنەوە ، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە ، ئایا ئەوانە هەر باوەڕ ناهێنن (بەو ڕاستیانە و بەو دەسەڵاتە بێ سنوورەی ئێمە)؟!

ئایا ئەم ئایەتە ئەکرێ بە بەرگەوا باسی بکەین ؟ نەخێر چونکە باسی هەسارەی زەوی نییە بەتەنها تاوەکو ئاسمانەکان بدەینە پاڵ بەرگەهەوای زەوی و ناشکرێ بڵێین هەموو گەردوون ئەگرێتەوە چونکە زەوی خۆی بەشێکە لەگەردوون.(دروسترین تەفسیر تەفسیرە کۆنەکانن)

وە ئەوەی کە نابێت بیرمان بچێت دەستەواژەی ئاسمانەکان پەیوەستن بە غەیبەوە بۆ نمونە عەرشی خودا لەسەروی حەوت ئاسمانەکەوەیە ، جا ئەم حەوت ئاسمانە بابەتێکی غەیبیە وەک لەوەی پەیوەست بێ بەم گەردوونە ماددیەوە و هەر کات بیبەستینەوە بە هەسارەی تر یان بەرگەهەوا یان گەردوون لە ئایەتەکانی تردا توشی ناتەبایی دەبین ، وە خاڵێکیتریش کە بیرمان نەچێت ئەوەیە ئایەتەکان لەناوسیاقی سەردەمی وەحی بخوێنینەوە نەوەک زانستی مۆدێرنیان بەسەردا جێبەجێ بکەین ، چونکە قورئان ڕاستەوخۆ ڕووی لە سەردەمی وەحییە وناکرێ شتێک بڵێت سەردەمی وەحی لێی تێنەگەن.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## با بچینە لای خاڵی

## 2.فەلسەفەی زانست و میتۆدی زانستی

لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەڵێن ئێمە پشت بە حەقیقەت دەبەستین کە شیاوی گۆڕان نەبێت ، بەڵام ئەوەی کە حەقیقەتە وناگۆڕێت زانست نییە بەڵکو observation ە واتا تێبینکردن یاخوود بینین، ئەمەش لەخودی خۆیدا زانست نییە بەڵکو زانست بەکاریدێنێ هەروەکو چۆن شتی نازانستیش تێبینیکردن بەکاردێنێت ، بۆ نمونە ئەسترۆلۆجی بابەتێکی نازانستیە و کار بەتێبینی کردنی هەسارەکان و ئاسمان دەکات ، بەڵام هەمان تێبینی بەکاردێت بۆ بابەتی زانستیش وەکو ئەسترۆنۆمی ، کەوابوو خودی تێبینی کردن زانست نییە بەڵکو زانست بەکاریدێنێت ، زانستیش کار بە بیردۆز و مۆدێلە زانستیەکان دەکات ، ئەم بیردۆز و مۆدێلە زانستیانەش گرنگ نییە چەندێ سەرکەوتوو و پێشبینیکەربن

هێشتا ناتوان بگەنە دڵنیایی بەهۆی چەند کێشەیەکەوە کەلەفەلسەفەی زانستدا باسدەکرێن ، بۆ نمونە ئەم کێشانەی خوارەوە:

## کێشەی دەرهێنان ناسراو بە قازە ڕەشەکە induction

ئەمە هەروەکو فەیلەسوف پێتەر گۆدفری سمس دەڵێت کێشەیەکی بنەماییە لە سەد ساڵی ڕابردووی فەلسەفەی زانست و بەدایکی هەموو کێشەکانی دائەنێ.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

چۆن تێبینی کردن(بینین) دەبێتە بە بەڵگە بۆ بیردۆزێک ؟

چ هۆکارێکمان هەیە کە ئەو دووبارە بونەوانەی سروشت و ئەزموونمان کە تێبینیمان کردوون ، لە داهاتووشدا هەمان شت دەبن ؟

چۆن پاساومان هەیە کە گشتاندن بکەین بۆ ئەوشتانەی نەمانبینیون لەسەر بنەمای بینراوەکان و ڕابردوو ؟

گرنگترین گفتوگۆ دەربارەی ئەم باسە دەگەڕێتەوە بۆ دەیڤد هیوم کە دەپرسێت چ هۆکارێکمان هەیە کە وابیربکەینەوە داهاتووش لە ڕابردوو دەچێت ؟ ئەکرێ جیهان بەڕیشەی بگۆڕێ و لە ڕابردوو نەچێت.

بەهۆی ئەم کێشەوەیە بیردۆزە زانستیەکان هەرگیز ناسەلمێنرێن ، با نمونەیەک بدەین کە نمونەیەکی بەناوبانگە ئەویش قازە ڕەشەکەیە ، وادابنێ قازێ سپی ئەبینین و دواتر کۆمەڵێ قازی سپی تر ، پاشان قازی سپی تر ئەبینین ، بەڵام چ هۆکارێکمان هەیە کە بڵێین قازەکان هەمووی سپین و ڕەش بوونی نییە ؟

ئەم کێشەیە ناهێڵێت بگەینە دەرئەنجام ، بەم شێوەیە :

1.قاز تەنها سپی هەیە

2.کەواتە هەموو قازێک سپییە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

ئەبینیت خاڵی یەکەم دڵنیای تێدا نیە بەڵکو گشتاندنی کردووە بەهۆی چەند تێبینیەکەوە ، ئەکرێ تێبینیەکی داهاتوو بەهەڵەی بخاتەوە ، کەوابوو خاڵی دوو دڵنیای تێدا نییە ، بەڵکو دڵنیای لە لێوەرگرتندایە deductive بەم شێوەیە :

1.پیاوەکان نەمر نین

2.سوقرات پیاوە

3.سوقرات نەمر نییە

ئەبینی خاڵی یەک و دوو ڕاستبێ ئیلا سێیەم ڕاستە کە دەرئەنجامەکەیە

جا هەروەکو دەیڤد هیوم ئاماژەی پێداوە ناکرێ بڵێین مادام تێبینەکانی ڕابردوو ئاوهان داهاتوش وایە و هەمان شتە ،جا بۆیە پێتەر گۆدفری سمس دەڵێت ئەم کێشەیە زۆر بەرگریکارە لەدژی چارەسەر.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوە بکە:

THEORY AND REALITY , peter godfrey smith.1

کێشەی underdetermination

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لە فەلسەفەی زانستدا بابەتێک هەیە بەناوی underdetermination کە هەندێ جار پێشی دەوترێ تێزی کوین دوهم کە دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی فەیلەسوف پیری دوهم و کوین ، کە بەسادەی بریتیە لەوەی بۆ هەر بیردۆزێک ، بیردۆزێکی پێچەوانە هەیە کە هەمان داتا و بەڵگەکان لێک بداتەوە.

ئەم کێشە بەگشتی دەبێتە دوو جۆر :

radical underdetermination.1

فەیلەسوف لاری لەودن دوو لقی جیاکردوەتەوە :

a:nonuniqueness thesis

کە دەڵێت : بۆ هەر بیردۆزێک (با بڵێین T) وە بۆ هەر بەڵگەیەک کە پشتگیری T دەکات ، بە لایەنی کەم یەک بیردۆز هەیە (کە پێچەوانەی T ە) و بەڵگەش پشتگیری دەکات وەکو T. ئەم جۆرە پێشی دەوترێ radical یان global

b:egalitarian thesis

کە دەڵێت هەموو : هەموو بیردۆزێک پشتگیریکراوە بەبەڵگە هەروەکو بیردۆزە دژەکانی.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

بەڵام ئایا بۆ هەموو بیردۆزێک ، بیردۆزی دژ هەیە ؟وەڵامەکە بەڵێیە لای هەندێک، وەکو فەیلەسوف ئەندرێ کوکلا کە لەتوێژینەوەیەکیدا بەناوی

?Does Every Theory Have Empirically Equivalent Rivals

لەساڵی 1996 چوار ئەلگۆریسم پێشکەش دەکات کە بۆچی بۆ هەموو بیردۆزێک ، بیردۆزی دژ هەیە.

transient underdetermination.2

ئەم جۆرە کاتییە ، واتا لەکاتێکی دیاریکراودا ئەو بەڵگە و داتایانەی لامانن بەس نین بۆ پشاندانی بەهێزی بیردۆزێک بەسەر بیردۆزەکانی بەرامبەریدا بەڵام بە تێپەڕبوونی کات دەرئەکەوێت کامە بەهێزترە.

ئەم کێشەیە لە ئێستەدا بۆ دیبەیتی ڕیالیست و دژە ڕیالیستەکان لەسەر مەسەلەی confirmation ە واتا ڕاستدانان کە ئەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوف دوهم کە بەسادەی بەم شێوەیە کاتێک دوو مۆدێلی دژ بەیەک ، دانەیەکیان هەڵە دەردەچێت نابێت وابیربکەینەوە بەرامبەرەکەی ڕاستە ، چونکە زاناکان هەمیشە تێستی چەند مۆدێلێکی دیاریکراو ئەکەن کە گەشەیان پێداوە ، جا هەڵەبوونی دانەیەک ڕاستبوونی ئەوی تر نییە ، بەڵکو دەکرێ هەموویان هەڵە بن.

ئەگەر نمونەیەکی سادە بدەین بۆ ئەم کێشەیە لەسەدەی هەژدە ساموێل کلارک پێی وابوو (تێڕوانینی نیوتنانە) سەنتەری بارستای کۆمەڵەی خۆر ناجوڵێ لەگەڵ بۆشایی ڕەها ، لەبەرامبەردا لایبنز پێی وابوو سەنتەری بارستای

# ئیسلام و چەند بابەتێک

کۆمەڵەی خۆر دەجوڵێ بەخێراییەکی هاوچەشن لەگەڵ بۆشای ڕەها ، هەردووکیان لەڕووی بەڵگەوە دروستبوون.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر سوود لەم سەرچاوانە وەربگرە:

The Aim and Structure of Physical Theory, .1 translated by

.P. P. Wiener. Princeton, NJ: Princeton University Press

Resisting Scientific Realism k. brad wray.2

Aarhus University

بابەتی underconsideration

ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسوف ڤان فراسن ، وە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی فەلسەفی زانست، ، کە بە سادەی بەم شێوەیە :

(کاتێک زانایان هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ بیردۆزەکان ، تەنها ڕەچاوی بەشەکۆمەڵێک subset لە بیردۆزەکان دەکەن کە توانای لێکدانەوەی بەڵگەی بەردەستیان هەیە ، بەتایبەت ئەو بیردۆزانەی گەشەیان پێدراوە).

# ئیسلام و چەند بابەتێک

جا کاتێک زانایان بەراوردکاری دەکەن لەنێوان چەند بیردۆزێک و بڕیاردەدەن دانەیەکیان بەهێزترە لەوانی تر ، نابێت ئەو دەرئەنجامە بدات کە ئەم بیردۆزە ڕاستە دەربارەی نەبینراوەکان لەبەرئەوەی بەهێزترە لەوانی تر.

ئارگومێنتەکە دەکرێ بکرێتە دوو خاڵ بەم شێوەیە:

1.هەڵسەنگاندن بۆ بیردۆزەکان تەنها پاساوێکی بەراوردکاریمان پێدەدات

2.زانایان هیچ هۆکارێکیان نییە کە پێیان وابێ بیردۆزە ڕاستەکە لەناو ئەو کۆمەڵە بیردۆزانەدایە کە لێی هەڵدەبژێرن.

بێ گومان ئەو بیردۆزە بەهێزە(بە بەراوردی بیردۆزی تر ) ئەکرێت باشتر پێشبینی بکات و وردتر بێت و سادەتریش بێت ، بەڵام ئەمانە بەس نین بۆ ئەوەی بڵێین ڕاستە ، چونکە زۆر شیاوە بیردۆزێکی هەڵە هەموو ئەوانەی تێدابێت و لەڕووی ئەزموونیشەوە ڕاستبێت.

با نمونەیەک لەمێژووی زانستەوە بدەین ، بەپێی بیردۆزی تایکۆنیک Tychonic theory هەسارەی زوهرە لەدەوری خۆر دەسوڕێتەوە لەکاتێکدا بە پێی بیردۆزی بەتڵیمۆس ptolemy theory هەسارەی زوهرە بەدەوری خۆردا ناسوڕێتەوە لەکاتێکدا بەپێی هەردووکیان زەوی سەنتەرە و خۆر و مانگ و هتد بەدەوری زەویدا ئەسوڕێنەوە ، با بڵێین ئەستێرەناسان ئەتوانن بگەنە ئەو ئەنجامە کە بیردۆزی تایکۆنیک بەهێزترە و سادەترە و پێشبینی بەهێزترە ، ئەمە نابێتە هۆکار کە بڵێین بیردۆزی تایکۆنیک ڕاستە چونکە ئەکرێ بیردۆزی تریش هاوڕابن لەگەڵی دەربارەی (بۆ نمونە دواتر بیردۆزی کۆپەرنیکۆس هات کە هاوڕایەتی دەربارەی هەسارەی زوهرە).

# ئیسلام و چەند بابەتێک

یاخوود بیردۆزی فلۆجیستۆن لە کیمیادا ، ئەوەندە بەهێزبوو توانرا لەڕێی ئەوەوە توخمێکی وەک نایترۆجین بدۆزینەوە لەکاتێکدا بیردۆزێکی هەڵەبوو ، جا کەوابوو دەبێت لەبارەی بیردۆزەکانەوە ئەو دەرئەنجامە نەدەین کە بەهێزتر واتا بیردۆزێکی ڕاست.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە :

Understanding Inconsistent Science.1

Resisting Scientific Realism.2

Laws and symmetry.3

بابەتی Pessimistic induction

ئەم بابەتە لە فەلسەفەی زانست لەلایەن هەردوو گروپی ڕیالیست و دژ ڕیالیستەوە بەکارهاتووە بەڵام زیاتر وەک ئارگومێنتێکە بۆدژە ڕیالیستکان ، بەسادەی بەم شێوەیە :

# ئیسلام و چەند بابەتێک

بیردۆزە قبوڵ کراو و سەرکەوتووەکانی مێژووی زانست کە دواتر هەڵە دەرچوون هۆکارمان دەداتێ کە گومان بکەین لە بیردۆزە سەرکەوتوو و قبوڵکراوەکانی ئەمڕۆ لەوەی کە دواتر هەڵە دەربچن.

فەیلەسوفی ڕیالیست ئانجان چاکراڤارتتی دەڵێت دەربارەی ئەم بابەتە:

Pessimistic induction

ئەتوانرێ وەک دوو کێشە لێکبدرێتەوە. یەکەم بانگەشەیەکە کە مێژووی زانست قەبرسانی ئەو بیردۆزانەیە کە پێشتر وادانرابوون ڕاستن ، بەڵام دواتر هەڵەدەرچوون... دووەم استقراءکردن لەسەر بنەمای ئەم بانگەشە ، دەرئەنجام دەدات کە بیردۆزەکانی ئێستا شیاوی ئەوەن کە هەمان نیشتەجێی قەبرسانەکە بن.

هیلاری پوتنام بە دووخاڵی تر باسی دەکات کە بیردۆزەکان دووچاری بوون :

1.یان ئەوە بوو خاوەنی ئەو تایبەتمەندیانە نەبوو کە وادەئەنرا هەیان بێت.(وەک ئەلیکترۆن لە مۆدێلی بۆهر)

2.یان هەر بوونی نەبوو.(وەک فلۆجیستۆن)

هەر یەکێک لە ڕیالیستانی وەک هێنری پۆینکاغێ وجۆن ۆڕاڵ و نیکۆلاس ڕێشەر خەمی خۆیان دەربڕیوە دەربارەی ئەم بابەتە ، بۆ نمونە ۆڕاڵ پێی وایە دەبێت بێ ئومێد بین لەوەی کە وابزانین زانایانی ئەمڕۆ لەو کێشەو قورساییانە نەجاتیان بووە کە دووچاری زانایانی ڕابردوو بونەتەوە.

یان نیکۆڵاس ڕێشەر دەڵێت : ئەزموونی مێژووی ئەوە پشان دەدات کە هەموو هۆکارێک هەیە کە چاوەڕوانی ئەوەبیت کە بیرۆکەکانمان لەبارەی سروشتەوە دووچاری گۆڕانی ڕیشەیی ببنەوە هەتاوەکو زیاتر داتامان دەستبکەوێت.

لەم ساڵانی دواییەدا هەروەکو فەیلەسوف براد ڕای دەڵێت بابەتی Pessimistic induction ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت بەهۆی کایل ستانفۆرد کە ئارگومێنتێکی پێشکەشکرد بەناوی unconceived alternatives کە دەڵێت :

لە هەر مەیدانێکی زانستی ، بیردۆزە نوێکان ئەتوانن داتاکان بەهەمان شێوەی بیردۆزەکانی پێشبوو بخوێننەوە و زیاتریش. وە لەوەش زیاتر ئەم بیردۆزە نوێیانە لەکاتی قبوڵبوونی بیردۆزە پێشوەکاندا خەیاڵیان بۆ نەکراوە.

بۆ نمونە بیردۆزی نیوتن بەو بەهێزیەوە دوچاری شکست هات و بیردۆزی ڕێژەیی ئەنشتاین جێی گرتەوە ، میکانیکی نیوتن ئەوەندە سەرکەوتوو بوو کە مرۆڤ لەڕێیەوە چوە سەر مانگ بەڵام هەڵەشە لەهەمان کاتدا و بیردۆزی ئەنشتاین هات کە بەهێزترە لەو.

(تێبینی : ئەمڕۆ هێشتا بیردۆزی نیوتن بەکاردێ لە هەندێ حاڵەت)

بێگومان هەندێ موناقەشە و ڕەخنە دروستبووە لەسەر ئەم بابەتە لە پۆستی داهاتوو باسی دەکەم.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

Chakravartty(2008)What you don't know can't hurt .1 you: realism and the unconceived

Resisting scientific realism.2

Scientific realism: A critical reappraisal.3

Nicholas Rescher

# ئیسلام و چەند بابەتێک

4.Structural realism: The best of both worlds?

John Worrall

5. Exceeding Our Grasp: Science, History, and the Problem of Unconceived Alternatives

ڕەخنە و گفتوگۆ لەسەر Pessimistic induction

دووبارەی بکەینەوە کە Pessimistic induction چییە ؟ بریتیە لەوەی بیردۆزە قبوڵ کراو و سەرکەوتووەکانی مێژووی زانست کە دواتر هەڵە دەرچوون هۆکارمان دەداتێ کە گومان بکەین لە بیردۆزە سەرکەوتوو و قبوڵکراوەکانی ئەمڕۆ لەوەی کە دواتر هەڵە دەربچن.

بەڵام فەیلەسوفان هاوڕانین و مشتومڕیان هەیە لەسەری ، یەکێک لەو فەیلەسوفانەی ڕەخنە دەگرێت لەم تێڕوانینە فەیلەسوف لودویگ فەهربارکە ، کە ڕەخنەکەی دوو خاڵە :

1.دەڵێت نمونە بۆ ئەم بانگەشەی Pessimistic induction

لە بڕێکی بچووکی سەرجەمی بیردۆزەکانەوە هێنراوە (پێی وایە گەشەی زانستی لە 1950 کانەوە زۆرخێرابووە بەشێوەیەک کە لە سەدا هەشتای مێژووی زانست دەگرێتەوە و ئەو لە سەدا بیستەش لە شۆڕشی زانستیەوە (سەدەی پانزە) تا 1950 کان دەگرێتەوە.

2.وە پێی وایە بیردۆزەکانی ئەمڕۆ جیاوازترن لەوانەی ڕابردوو چونکە بەڵگە و داتایان زیاترە.

لەبەرامبەر ئەم ڕەخنەیەدا فەیلەسوف ک.براد ڕای وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت :

1.دەڵێت گەشەی زانستی نابێتە هۆکار وابزانین زانایانی ئەمڕۆ ڕاستن چونکە هەموو جیلێکی زانایان پێیان وایە زانایانی پێش جیلی خۆیان هەڵەبوون و ئەمان ڕاستن بۆ نمونە زانایانی نێوان 1890 بۆ 1950 یان 1830 بۆ 1890 ئەمانیش ئەتوانن بانگەشەی ئەوەبکەن کە ئەمان بەرپرسن لە سەدا هەشتای مێژووی زانست.

وە دەڵێت زانایانی ئەمڕۆ دەبێت چاوەڕێی ئەوە بن کە نەوەکانی داهاتوو سەیری بیردۆزەکانیان بکەن بەهەمان چاوی ئەوان(زانایانی ئەمڕۆ) کە سەیری بیردۆزەکانی پێش خۆیان دەکەن.

2.دەربارەی بوونی بەڵگە و داتای زیاتر ، دیسانەوە زانایانی ڕابردووش بەڵگە و داتای زیاتریان هەبوو لە پێش هی خۆیان ، بۆیە هەموو جیلێکی

زانایان ئەتوانن ئەم بانگەشە بکەن. پاشان داتا و بەڵگەی زیاتر ئەکرێ بکرێتە هۆکاری ئەوەی بیردۆزەکان بەهەڵەبخرێنەوە و بیردۆزی خەیاڵنەکراو (لە ئێستەدا) بێتە جێیان لە داهاتوودا. بۆ نمونە سەردەمی نیوتن کەس خەیاڵی بیردۆزی ئەنشتاین نەدەکرد(کە داتا و بەڵگەی زیاترە لە هی نیوتن).

جا بەپێی ک.براد ڕای هیچ جیاوازییەکی بنەمایی نییە لەنێوان بیردۆزەکانی ئەمڕۆ و ئەوانەی ڕابردوو و ئەوەی هەیە بەڵگە و داتای زیاتر و خێراییەکی زیاتر لەگەشەی زانست هەیە کە هەموو جیلێکی زانایان بانگەشەیان بۆ کردووە وەک زانایانی(و فەیلەسوفانی زانست) ئەمڕۆ.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

How the growth of science ends theory change , .1 Ludwig Fahrbach

Resisting scientific realism , k.brad wray.2

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## بۆچی بیردۆزە زانستیەکان کاردەکەن؟ یان بۆچی سەرکەوتوون ؟ ئەکرێ بیردۆزی هەڵە سەرکەوتووبێت ؟

ئارگومێنتی موعجیزات نییە no miracles چییە؟

فەیلەسوف هیلاری پوتنام ئەم ئارگومێنتە پێشکەش دەکات بەم شێوەیە:

موعجیزە دەبێت ئەگەر بێتو سەرکەوتنی بیردۆزە زانستیەکان لە پسپۆڕیە گەشەسەندووەکان پشاندەری پێکهاتەی گەردوون نەبن.

1.بیردۆزە زانستیەکانی ئێستا لەپسپۆڕیە گەشەسەندووەکان وامان لێدەکەن پێشبینی ورد بکەین ، واتا بیردۆزەکانمان سەرکەوتوون.

2.سەرکەوتنی بیردۆزەکانی ئێستا یان بەهۆی ئەوەیەکە بەوردی پشاندەری پێکهاتەی گەردوونن یان بەهۆی موعجیزەوەیە.

3.سەرکەوتنی بیردۆزە زانستییەکان بەهۆی موعجیزەوە نییە

دەرئەنجام. بەم شێوەیە سەرکەوتنی بیردۆزەکان بەهۆی ئەوەوەیە کە پشاندەری پێکهاتەی گەردوونن.

ڕەخنە لەم ئارگومێنتە selectionist explanation :

لەبەرامبەر ئەم ئارگومێنتە ڤان فراسن جێگرەوەیەک دێنێت ، دەڵێت بەڵێ بیردۆزەکان بەهۆی موعجیزەوە سەرکەوتوو نین بەڵام مانای ئەوە نییە پشاندەری پێکهاتەی گەردوونن ، بەڵکو بیردۆزەکانی ئەمڕۆ سەرکەوتوون بەهۆی لەناوچوونی بیردۆزەکانی ڕابردوو لە پرۆسەی دیاریکردندا هەروەکو پرۆسەی دیاریکردن لە ململانێی جیهانی بایۆلۆجی.

ڤان فراسن نمونەیەک ئەدات تا تێبگەین لێی ، بەراوردی بیردۆزە سەرکەوتووەکان بە ڕاکردنی مشک لە پشیلە دەکات ، هەموو مشکێک ڕادەکات لە پشیلە ، بۆ تەفسیری ئەم ڕەفتارە ، پێویستمان بەوە نییە وادابنێین مشکەکان لە حەقیقەتی ژینگە تێدەگەن ، پێویست ناکات وابزانین مشکەکان پشیلەکان بە دوژمن بزانن ، بەڵکو دەبێ وابیربکەینەوە ئەو مشکانەی لە پشیلەکان ڕایان نەکردووە و ئەم خویەیان پەیدانەکردووە توشی لەناوچوون بوون. بەم شێوەیە سەرکەوتنی مشکەکان لێکدەدرێتەوە بێ ئەوەی بچینە لای تەفسیرێکی گومان هەڵگر(کە ئاخۆ مشکەکان پشیلەکان بە دوژمن دەزانن ؟). جا بیردۆزە سەرکەوتوەکانی ئەمڕۆش لێکدەدرێنەوە بەو شێوەیە بێ ئەوەی وادابنێین پشاندەری پێکهاتەی گەردوونن.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

بەپێی فەیلەسوف ک.براد ڕای ڕوونکردنەوەی ڤان فراسن بەهێزترە چونکە ئەتوانێ بیردۆزە سەرکەوتوەکانی ڕابردوو ڕوون بکاتەوە کە لە ئێستەدا هەڵەن ، بەڵام بەرامبەرەکەی ناتوانێ ڕوونکردنەوە بدات چونکە بەپێی ئەو بیردۆزەکان پشاندەری پێکهاتەی گەردوون بوون و ناشکرێ بڵێین بیردۆزەکە چیتر پێکهاتەی گەردوون پشان نادات.

بۆچی پێشبینی نابێتە هۆکار بۆ ڕاستبوونی بیردۆزەکان ؟ چونکە لە مێژووی زانستدا چەندین نمونە هەیە کە بیردۆزی هەڵە پێشبینی بەهێزی کردووە ، فەیلەسوف مارتن کاریەر دوو نمونە پێشکەش دەکات :

1.دۆزینەوەی تایبەتمەندیە reductive ەکانی هایدرۆجین بەهۆی بیردۆزی فلۆجیستۆن.

2.یەکسانبوونی گازەکان لەڕووی کشانی گەرمیەوە بەهۆی بیردۆزی کالۆری گەرما.

هەروەها فەیلەسوفانی وەک بۆس تیمسۆنی و پیتەر ڤیکەرس ، هەر یەک لە بیردۆزە هەڵەکانی وەک بیردۆزی ئەتۆمی بۆهر ، بیردۆزی ئەتۆمی داڵتۆن ، میکانیکی نیوت ، خشتەی خولی مێندیلیڤ ، بیردۆزی سروشتی ڕووناکی فرێسنل ، وەک نمونە پێشکەش دەکەن کە پێشبینی بەهێزیان کردووە کاتی خۆیان.

بۆ خوێندنەوەی زیاتر سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

Putnam, H. (1975). What is mathematical truth? In: .1 Putnam, H.: Mathematics, matter and method, Collected Papers Vol. 2. Cambridge: Cambridge .University Press

The scientific image.2

Book by Bas van Fraassen

Resisting scientific realism.3

A Confrontation of Convergent Realism.4

Peter Vickers

کەوابوو هیچ بیردۆزێکی زانستی یەقین و دڵنیایی تێدا نییە جا کاتێک لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەڵێن بیردۆزی تەقینەوە مەزنەکە یاخوود پێچەوانە بوونی گەردوون بەو شێوەی دەستی پێکرد big crunch ئیعجازی زانستی قورئانن ، بانگەشەیەکی لاوازە.

با بچینە لای خاڵی

3.بوونی زانیاریەکان لە سەرچاوەی غەیری قورئان

بەشێک لەو زانیاریانەی کە لایەنگرانی ئیعجازی زانستی بانگەشەی دەکەن کە زانستی مۆدێرن تازەکەشفی کردوون ، پێشتر هەبوون لەسەرچاوە و شارستانیەتەکانی پێش قورئان بۆ نمونە :

1.جیابوونەوەی ئاسمانەکان و زەوی کە لایەنگرانی ئیعجازی زانستی پێیان وایە باسی بیردۆزی تەقینەوە مەزنەکەیە لە ئەدەبیاتی سۆمەری هەیە ، لە Song of the hoe باس لەوەدەکات کەخوداوەند ئینلیل enlil ئاسمانەکان جیادەکاتەوە لە زەوی ، ئایا دەکرێ بڵێین ئەمە ئیعجازی زانستیە لای ئەوانیش ؟

2.ڕووناکی مانگ کە لەخۆرەوە وەریدەگرێ و خاوەنی ڕووناکی خۆی نییە ، لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەڵێن قورئانیش بەڕووناکی وەرگیراو باسی مانگی کردووە کەوایە ئەمە ئیعجازە و زانست سەردەمی مۆدێرن دۆزیویەتیەوە ئەم ڕاستیە ، بەڵام یۆنانیەکانیش کۆن ئەم زانیاریەیان زانیوە لە

پێش زاینەوە بۆ نمونە تالیس یان ئاناکساگۆراس Anaxagoras یان ئاریستاکۆس ، هەموویان دەڵێن مانگ خاوەنی ڕووناکی خۆی نییە و لەخۆرەوە وەریدەگرێ ، ئایا ئەتوانین بڵێین ئەمە ئیعجازی زانستییە ؟

3.ڕەگی شاخەکان کە لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەیکەنە بەڵگە بۆ خۆیان و پێیان وایە زانستی مۆدێرن تازە دۆزیویەتیەوە ، هەڵەن چونکە لە پەیمانی کۆن کتێبی jonah بەشی دوو دێڕی 6 باس لەوە دەکات شاخەکان ڕەگیان هەیە.

ئایا دەکرێ بڵێین ئەمانیش ئیعجازی زانستیان هەیە؟

جا بۆیە بوونی بەشێک لەو زانیاریانەی لایەنگرانی ئیعجازی زانستی دەیکەنە بەڵگەی خۆیان ، پێشتر باسکراون لە کتێب و نەتەوەکانی ڕابردوودا ، بۆیە نابنە ئیعجازی زانستی ، بەڵام لێرەدا ڕەنگە ڕەخنەیەک دروستبێت و کەسانێک بڵێن قورئان کۆپی ئەوانی کردووە ، بەڵام ئەم ڕەخنە زوو شکستدێنێت کاتێک دراسەی بکەیت لەبەر چەند خاڵێک :

1.هیچ بەڵگەیەکی مێژووی وشوێنەواری نییە کە پەیامبەر د.خ لەکات و شوێنێکی دیارکراودا ئەم زانیاریانەی وەرگرتبێ لە کەسێک یان چەند کەسێک.

2.ئەم زانیاریانە لەسەردەمی پەیامبەر د.خ بەشێکی زۆریان لەبەردەستنەبوون یاخوود نەتوانراوە بخوێنرێنەوە و دوای چەندین سەدە دۆزراونەتەوە یاخود وەرگێڕان کراوە بۆیان.

3.وە ئەوەی ناوازەیە و ئەم ڕەخنە بەتەواوی پوچەڵ دەکاتەوە قورئان لەهەمان باسدا بەجیاواز شتەکان دەڵێت کە پێچەوانەی کتێبەکانی ڕابردووە بۆ نمونە لە پەیمانی کۆن و کتێبی پەیدابوون خودا پاش ئەوەی ئاسمانەکان و زەوی دروستدەکات ، ڕۆژی حەوتەم پشودەدات چونکە هیلاک بووە ، بەڵام قورئان بە پێچەوانەوە دەڵێت :

وَلَقَدۡ خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٖ(38)ق

واتا:بەڕاستی ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندا هەیە بەشەش ڕۆژ دروستمان کردوون، هیچ ماندویەتیەکیش ڕوی تێ نەکردین.

یاخوود مردن و نەخۆشی پەیوەست کراوە بە تاوانی ئادەم لە کتێبی پەیدابوون کە جولەکە و مەسیحیەکان باوەڕیان پێیە واتا لەدوای تاوانەکەوە مردن و نەخۆشی و شیبونەوە دووچاری زیندەوەران و گەردوون دەبن بەڵام قورئان پێش دروستبوونی مرۆڤ باس لە خوێنڕێژی دەکات کە لە زەویدا هەبووە و تاوانی ئادەم پەیوەندی نییە بە نەخۆشی و ئازار و مردن.

بۆیە چەندین نمونەی تر هەن کە ئەوە دەسەلمێنێ قورئان کۆپی هیچی کتێبێکی تر ناکات ، و بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وەڵامی ئەم ڕەخنەیە خوێنەری ئەم کتێبە بە

(هل القرآن الكريم مقتبس من كتب اليهود والنصارى؟)

5.وتەی زانایانی ئیسلام دژی تێڕوانینی ئیعجازی زانستی

لەکۆتایدا پاش چەندین هۆکاری بەهێز کە بنەما و مەنهەجی ئیعجازی زانستی هەڵدەوەشێننەوە ، حەق دەدەین بەو زانایانەی دژی ئیعجازی زانستی قسەیان کردووە ، ئەمەش نمونەی چەند زانایەک :

موزەفەر ئیقبال لە کتێبی دراسەی قورئاندا دەڵێت : بەگشتی ، ئەو هەوڵانەی دەدرێن بۆ دۆزینەوەی زانستی مۆدێرن لە قورئاندا یان ڕاستبوونی قورئان بسەلمێنرێت بە زانستی مۆدێرن ، بەشێوەیەکی بنەڕەتی هەڵەن ، لەبەرئەوەی ئەناڵێنن بە سەرلێشوانێکی بیرۆکەیی کە دروستبوە لەلایەن زانستگەرایی هەمەجۆر. (لایەنگرانی ئیعجازی زانستی) وشە و بیرۆکە قورئانیەکان

# ئیسلام و چەند بابەتێک

هەڵدەوەشێنن و لە سیاق دەریان دەکەن تاوەکو بیردۆزە زانستیەکانی مۆدێرن بخزێننە ناو قورئانەوە.

شێخ یوسف حەمزە دەڵێت :

ئەمەوێ بڵێم کە من بەگومانم لە هەرشتێک کە قورئان ئەبەستێتەوە بە مەعریفەی زانستی ، سوقرات کۆتا وشەی لەسەر زانست ئەوەبوو چۆن شتێک بە مەعریفە دائەنرێت کە هەمیشە بگۆڕدرێت.وە سروشتی زانست ئەوەیە کە هەمیشە دەگۆڕێت وە ئەگەر باوەڕ بەوە نەکەیت ئەوا مێژووی زانستت نەخوێندوەتەوە.

تەنانەت لە زانایانی کۆنیش هەن ئاگاداریان داوە لەوەی هەموو زانیاریەک نەبەسترێتەوە بەقورئان لەوانە ئەبوئیسحاق شاتبی دەڵێت: چەندەها خەڵک هەموو سنورەکان دەشکێنن وە بانگەشەی نەگونجاو دەکەن دەربارەی قورئان کە هەموو جۆرە زانیاریەک دەدەنە پاڵی هی ڕابردوو و ئێستا وەک زانستە سروشتیەکان و بیرکاری و لۆجیک. بەتەواوی ئەمە ڕێگەپێدراو نییە بدرێتە پاڵ قورئان کە شتێک بانگەشەی ناکات هەروەکو چۆن هەڵەیە ئینکاری ئەوە بکەی بانگەشەی دەکات.

جا پوختەی قسە ئەوەیە قورئان نە باسی زانستی مۆدێرن دەکات و نە ئیعجازی زانستیشی تێدایە بەڵکو کتێبێکە کە خودی خۆی موعجیزەیە و بۆ

# ئیسلام و چەند بابەتێک

هیدایەت دان و وەڵامی پرسیارە وجودیەکانی مرۆڤ هاتووە ، بۆ جوڵاندنی بیرو مێشکی مرۆڤ ، هاتووە تا پەیوەندی مرۆڤ بە خۆی و مرۆڤی تر و خوداوە ڕێکبخات و پشان بدات. جا ئەگەرچی نیەتی دڵی لایەنگرانی ئیعجازی زانستی باشە و پێیان وایە کارێ باش دەکەن ، ئەوا دەڵێین لەسەر ڕێگایەکی هەڵەن و تەنانەت مەترسیدارن ، پەیمانگای سەیپیەنس کە لەچەند بانگخوازێکی ئیسلامی پێکدێت لەڕۆژئاوا دەڵێن ئیعجازی زانستی بووەتە هۆکاری هەڵگەڕانەوەی چەند موسڵمانێکی تازەبوو چونکە پێیان وابووە قورئان ئیعجازی زانستی تێدایە و ئیمانیشیان بەقورئان لەسەر ئەوخاڵە بووە جا کاتێک دۆزویانەتەوە ئیعجازی زانستی قورئان هەڵەیە ئیمانیان لەدەست داوە ، جا کەوابوو ئێمە بۆچی ئێمە قورساییەک بخەینە سەر قورئان کە بۆ هەڵگرتنی نەهاتوە ؟ بۆچی بە ئارگومێنتە عەقڵی و فەلسەفی و قورئانیەکە بانگێشتی کەسانی تر نەکەین ؟

حەزدەکەم ئەم قسانەی زانای ئاینی محمد عەبدە ببێتە کۆتا وشە :

ئەگەر ئەرکی پەیامبەر بوایە سروشت و زانستە گەردوونیەکان ڕوون بکاتەوە ، ئەوا دەبووە کۆتای پێهاتنی چالاکی ژیریەکانی مرۆڤ و بیری ، وە ئەوەش دەبێتە تێکچونی ئازادی مرۆڤ... پەیامبەر ئامۆژگاری خەڵکی بەپوختی کردووە کە ژیری و بیریان بەکاربێنن بۆ هەر شتێ کە خۆشگوزەرانتریان دەکا ، مەعریفەیان زیاد دەکات ، وە بێگومان لەکۆتایدا ڕۆحیان پێشدەخات...جا کەوابوو دەرگاکانی ئەم زانستانە بیرکردنەوە و تاقیکرنەوەیە نەوەک کلتور و زانستە ئاینییەکان.

# ئیسلام و چەند بابەتێک

سەرچاوە:

محمد عمارة ، الإسلام وقضايا العصر 1980 ، پەڕەی 75

لەکاتی خوێندنەوەی نوسینەکە چەندین سەرچاوەم داناوە بەڵام ئەم دوو سەرچاوەیە گشتین و باشن بۆ زانیاری زیاتر :

1. Islam's Quantum Question: Reconciling Muslim Tradition and Modern Science

Book by Nidhal Guessoum

2. the failed hypothesis?

لێرەدا دێینە کۆتایی ئەم بابەتەمان

هیوادارم واز لە چەواشەکردنی خەڵکی بهێنن

# ئیسلام و چەند بابەتێک

## **ئیسلام و غیلمان و حۆرییەکان بەهەشت**

ئیسلام دابوونەریتێکی جاهیلی کۆپی کردووە و گوایە لەبەهەشتدا ئەوەدرێ بە باوەڕداران ، کە کوڕانی لوسکەن لەگەڵ کچانی جوان ، لەکاتی خوێندنەوەی مەی لەڕوانگەی ئیسلامەوە بۆم دەرکەوت کە محمد ئەمەی ڕێک کۆپی کردووە.

سورة الطور - اية 24

وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ غِلۡمَانٞ لَّهُمۡ كَأَنَّهُمۡ لُؤۡلُؤٞ مَّكۡنُونٞ

وە نێرمنداڵانێک کە بۆخۆیانن بەدەوریاندا دێن و دەچن ، کە وەک مرواری پارێزراون

سورة الإنسان - اية 19

وَيَطُوفُ عَلَيۡهِمۡ وِلۡدَٰنٞ مُّخَلَّدُونَ إِذَا رَأَيۡتَهُمۡ حَسِبۡتَهُمۡ لُؤۡلُؤٗا مَّنثُورٗا

وە هەرزەکارانی بازن لەدەست و گوارە لەگوێ بەسەریاندا دەسوڕێنەوە

کاتێک دەیانبینیت وادەزانیت مرواری پەرشوبڵاون

لێرەدا ئەوەی جێگای باسە ولدان بەمانای کوڕانێکی هەرزەکاری لوسکە دێت

# ئیسلام و چەند بابەتێک

کە ئەمە جگە لە خەیاڵێکی سێکسی محمد زیاتر هیچی تر نییە وەلێ ئەمە دەقاودەق وەکو خۆی لە جاهیلیەتەوە وەرگیراوە و فڕێدراوەتە ناو بەهەشتەکە الله تەعلاوە بەخۆی و حۆریەکانیشیەوە هەر لەوێ وەرگیراون کە هەمووی خەیاڵی سێکسییە و هیچی تر.

أحمد أمیین ، فجرالاسلام ، بحث عن الحیاة العقلیة في صدر الاسلام الی أخر الدولة الأمویة صحیفة 77-78 دەڵێت

مەی خواردنەوە لەنێو کوڕانی لوسکە و گۆرانی بێژانی ئافرەتدا لای عەرەبەکان مایەی شانازی بووە.

هەتا ئەو شتانە لەناو خەلافەتی ئیسلامیشدا بەردەوام دەبێت

صلاح طهبوب ، العصر الأموي ، صحیفة 3

لەسەردەمی خەلافەتی ئەمەویەکاندا ، خواردنەوەی مەی و دەست بازی و ڕابواردن و ئافرەت گرتنەخۆ و پیاهەڵدانی گۆرانی بەسەر ئافرەتدا و کات بەسەربردن و هەتیوبازی و یاری و سەماکردن و <تخنث> بەشێوەیەکی فراوان پیادە دەکرا ئەم ڕەفتارانە تەنانەت لەوەرزی بەجێهێنانی حەجیشدا ئەنجام دەدران ، ناوەندی مەککە و مەدینە پڕببوون لە گۆرانی بێژی پیاو و ئافرەت

تخنث بەوکارە دەوترێت کە پیاو بەرگی ئافرەت بپۆشێت

جمال محمد سرحان ، المسامرة و المنادمة عند العرب حتی القرن رابع الهجري صحیفة76

شەشەمین خەلیفەی مسوڵمانان لە سێیەم خەلافەتی ئیسلامیدا (عەباسی) کە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

أبو عبدالله محمد الأمين بووە ناسراوە بە الأمين خولیای دانیشتنی خواردنەوە و سازدانی کۆڕی هاوپیاڵەکانی بووە ئەوکارەشی بەسەر ژیانیدا زاڵبووە ، تەنانەت لەکۆڕی خواردنەوەی مەیدا کاروباری حوکمڕانی دەشێواند

محمد سعيد العشماوي ، ضحى الاسلام صحيفة 134

دیارترین هاوپیاڵەکانی ئەمانەبوون (اسحاق الموصلي) و (الحسين بن الضحاك) و (أبونواس) و (ابراهيم بن مهدي) لە سەروو ئەوانیشەوە یەختەکان بوون ، کاتێک ئەمین پۆستی خەلافەتی وەرگرت داوای یەختەکانی کرد و کڕینی تەرخانی کردن بۆ تەنیای خۆی و هەموو کاتەکانی خۆی پێبەخشین ، تەنانەت دەستبەرداری ئافرەتی سەربەست و کۆیلەکان بوو

علي المقري ، الخمر و النبيذ في الأسلام صحيفة 113

زوبێدی دایکی (الأمين) زۆر هەوڵی دا لە لوسکەکان دوری بخاتەوە ، ئەمین کاتێک لەگەڵ یاوەر و هاوپیاڵەکانی تێکەڵ دەبوو ، بایەخی بە ئاستی خۆی نەدەدا و بەئارەزووی خۆی یاری پێدەکردن.

أبي الفرج الأصفهاني ، الأغاني ، تحقيق الدكتوراحسان عباس ، المجلد السادس ، صحيفة159

یەکێکی دیکە لە خەلیفەکانی ئیسلام (أبو اسحاق محمد المعتصم بالله) هەشتەمین خەلیفەی سێهەم خەلافەتی ئیسلامی بووە.

د.سولاف فيض الله حسن ، دور الجواري و القهرمانات في دار الخلافة العباسية صحيفة94

المعتصم بالله وەک یاوەرێک بۆ مەی خواردنەوە و گۆرانی و ڕابواردن أسحاق الموصلي هەڵبژاردبوو ، لە کۆشکەکەیدا ژوورێکی دابین کردبوو بۆ یاوەر و هاوپیاڵەکانی ، بەژداری

# ئیسلام و چەند بابەتێک

دانیشتنی نێرە موک و لوسکەکانی دەکرد ، ئارەزووی چوبووە سەر (سیما) کە بەچکە لوسەیەکی تورک بوو.

محمد سعيد العمشاوي ، الخلافة الأسلامية ، صحيفة 184

یەکێکی دی لە خەلیفەکان الواثق بالله ، نۆهەمین خەلیفەی دەولەی عەباسی ، لە هەموو دانیشتنەکانیدا مێرمنداڵێکی لوسکەی لەگەڵدا ئامادەبوو ، وەک یاوەری خۆی ، واثق بە لوسکەباز ناسرابوو.

أبو نواس ، النصوص المحرمة ، صحيفة 199

خەلیفە (المتوکل علی الله) وەک دەوترێت ناوبراو گەر مەست نەبوایە بانگهێشتی أبو نواس دەکرد چونکە ژیانی تەنها بەنوستن و مەیخواردنەوە بەسەر دەبرد ، پێی وابوو ژیان بەبێ لوسکەبازی چێژدار نییە ، و دانیشتنەکانی بەبێ یاوەری لوسکە خۆش نابێت.

لێرەدا هەموو ئەوانە ڕوون دەبێتەوە کە محمد ئەم دیاردەیەشی لەسەردەمی خۆیەوە وەرگرتووە و فڕێیداوەتە ناو بەهەشتەکەی اللەوە ، کە خودی ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم ئاینە لەلایەن خوداوە نییە ، وە لەلایەن ئەوەوە نەبووە بەهیچ شێوەییەک ئیدی مسوڵمانی ڕیش پانیش ، لەئێستاوە خۆی حازرکردووە بۆ مێرمنداڵی لوسکەڵە و حۆری جوان ، کە تەنیا خەیاڵاتی محمدن بۆ بەهەشت گەرنا هەموو ئەوانە دانە بەدانە ، لەسەردەمی جاهیلیەوە هەبوون و بەردەوامبوون تا خیلافەتەکانی ئیسلامیش بەبێ ئەوشتانە بەڕێوە نەچوون ، بەڵام ئەوەی سەیرە هیچ مسوڵمانێک دیقەتی شتەکان نادات ئیلا مەگەر بەچاوێکی ڕەخنەییەوە سەیری شتەکان بکات ئەو مسوڵمانە ، سا بۆیە هیوادارم سوودی تەواوم پێگەیاندبن لەم بەشەشیاندا بەکۆتا هاتین.

## ئیسلام و کۆمیدیای فەرموودە

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لەم بابەتەدا چەند فەرموودەیەکی کۆمیدی و کارەساتاوی پیشان بەئێوەی خوێنەری ئازیز دەدەین ، هیوادارم چێژی لێوەرگرن.

البخاري 3303 ، مسلم 2729 ، أبي داود 5102

،إذا سمعتُم صِياحَ الدِّيكةِ فسَلُوا اللهَ تعالى من فَضْلِه ؛ فإنَّها رأت مَلَكًا

وإذا سمعتُم نهيقَ الحِمارِ فتعَوَّذوا باللهِ من الشَّيطانِ؛ فإنَّها رأت شيطانًا

ئەگەر گوێتان لە بانگدانی کەڵەشێربوو، ئەوا داوا لە خوا بکەن، چونکە ئەو کەڵەشێرە

فریشتەی دیتووە، وە ئەگەر گوێتان لە زەڕەی گوێدرێژبوو، ئەوا شەیتان بە نەفرین بکەن

چونکە ئەو گوێدرێژە شەیتانی بینیوە

البخاري 3260 ، مسلم 617

،اشْتَكَتِ النَّارُ إلى رَبِّهَا، فَقالَتْ :يا رَبِّ أكَلَ بَعْضِي بَعْضًا، فأذِنَ لَهَا بنَفَسَيْنِ، نَفَسٍ في الشِّتَاءِ

.وَنَفَسٍ في الصَّيْفِ، فَهْوَ أشَدُّ ما تَجِدُونَ مِنَ الحَرِّ، وَأَشَدُّ ما تَجِدُونَ مِنَ الزَّمْهَرِيرِ

واتە :ئاگری دۆزەخ پەنای بۆ خوا برد و وتی :پارچەکانم وا خەریکە یەکتری دەخۆن

لەبەر ئەوە، خوا ڕێگای پێدا کە دوو نەفەس وەرگرێت، یەکێک لە زستان و یەکێک لە هاوین

.گەرمترینی هاوین کە دەیبینن لە ئاگرەکەیەتی و ساردترینی زستان لە زەمهەریرەکەیەتی

البخاري 5393 ، مسلم 2060

# ئیسلام و چەند بابەتێک

الكافرُ يأكُلُ في سبعةِ أمعاءٍ والمُؤمِنُ يأكُلُ في مِعًى واحدٍ

کافر بە حەوت ڕیخۆڵە خواردن دەخوات و باوەڕداریش بەیەک ڕیخۆڵە

البخاري 3431 ، مسلم 2366

ما مِن بَنِي آدَمَ مَوْلُودٌ إلَّا يَمَسُّهُ الشَّيْطَانُ حِينَ يُولَدُ، فَيَسْتَهِلُّ صَارِخًا مِن مَسِّ الشَّيْطَانِ، غيرَ مَرْيَمَ وابْنِهَا

هەموو کەسێک لە بەنی ئادەم کاتی لەدایکبوون شەیتان زەفەری پێدەبات ، وای لێدەکات بگریت و هاواربکا ، جگە لەمەریەم و کوڕەکەی.

صحيح ابن حبان 6513 ، مسلم 2021

أنَّ رجُلًا كان يأكُلُ عندَ رسولِ اللهِ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم بشِمالِه فقال له النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم : (كُلْ بيمينِك) قال :لا أستطيعُ فقال النَّبيُّ صلَّى اللهُ عليه وسلَّم لا استطَعْتَ فما رفَعها إلى فيه

هەرکەسێک کە بەدەستە چەپ نان بخوات، ئەوە خۆ بەزلزانە و خۆی بەسەر ئەو کەسەوە هەڵدەکێشێت کە لەگەڵی دادەنیشێت

البخاري 5775

# ئیسلام و چەند بابەتێک

لَا عَدْوَى فَقَامَ أعْرَابِيٌّ فَقالَ: أرَأَيْتَ الإبِلَ ، تَكُونُ في الرِّمَالِ أمْثَالَ الظِّبَاءِ

فَيَأْتِيهَا البَعِيرُ الأجْرَبُ فَتَجْرَبُ؟ قالَ النبيُّ صَلَّى اللهُ عليه وسلَّمَ: فمَن أعْدَى الأوَّلَ.

واته: نەخۆشی گواستنەوە (درم) نییە، ئەعرابییەک وتی:ئەی ئەو وشترەی کە

لە چۆڵی ساغە و کە دەگاتە لای مێگەلێکی نەخۆشەوە ئەویش دەیگرێتەوە، محەمەدیش وتی:

ئەدی باشە کێ ئەوەی یەکەمی تووشکرد

البخاري 6223

إِنَّ اللهَ يُحِبُّ العِطاسَ ، ويكرَهُ التثاؤبَ ، فإذا عطِسَ أحدُكم ، وحمِدَ اللهَ، كان حقًّا

على كُلِّ مسلِمٍ سمِعَهُ أنْ يقولَ : يرحَمُكَ اللهُ . وأما التثاؤبُ ، فإِنَّما هو من الشيطانِ

فإذا تثاءَبَ أحدُكم ، فلْيَرُدَّهُ ما استطاعَ ، فإِنَّ أحدَكم إذا تثاءَبَ،ضحِكَ منه الشيطانُ

ئەڵڵا پشمینی خۆشدەوێت و باوێشکی ڕک لێیە، خۆ ئەگەر یەکێک پشمی،

ئەوا با سوپاسی خوا بکات و ئەوانەی کە گوێبیستی دەبن وەڵامی بدەنەوە، هەرچی باوێشکە،

ئەوە لە شەیتانەوەیە، تا پێتان دەکرێت خۆتانی لێبپارێزن، چونکە کە دەڵێیت

هااا ئەوە شەیتان پێتەوە پێدەکەنێت

بەداخەوە دەبێت لێرەدا کۆتایی بە کتێبەکە بهێنم ، هەرچەند لە پرۆژەمدابوو چەند شتێکی

# ئیسلام و چەند بابەتێک

زۆر گرینگتر باس بکەم بەڵام بەداخەوە بۆم نەکرا بەهۆکاری تێکچوونی شتەکانم ، لەوانەیە لەم کۆتاییەدا هەمووان هەستیان بە خراپییەک کردبێ لە نوسینەکەدا سا هەر بۆیە هیوادارم لەکەموکورتییەکانم ببورن.

هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا بەشێوەیەکی باشتر کارەکانم بکەم

تەنها ئەوەندەی ماوە بڵێم الله خوداوەندی ڕاستەقینە نییە ، محمد پەیامبەری بوونەوەرێکی جیاوازتر لە خودایە.